# بەخێربێن بۆ سەردەمی چینی: لە کوردستان و عێراق

پێزانین

هەرچەندە نوسینی کتێب و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، بە گشتی کارێکی تەنیایە. بەڵام هیچ کارێک بەبێ هاوکاری و پشتیوانی ئەوانی تر نایەت بەرهەم. زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکاریون و نیازی هاوکارییان دەربڕی. زۆر سوپاس بۆ کاک ئاکۆ قادر و د. حەکیم.

## سەرەتا

چین لە ماڵەکانماندایە، پۆشاکەکانمان چینین، چین رۆژ دوای رۆژ دەبێتە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی، بۆیە ئێمە چارمان نیە ئەوە نەبێت دەبێت لە چین تێبگەین کە ئەمە ئامانجی ئەم کتێبەیە، لە هەمانکاتدا ئامانجی سەرەکی و گەورەی ئەوەیە کە مەعریفەیەک بەرهەم بهێنێت دەربارەی دیاردەیەکی ئێجگار گەورەی سەدەی بیست و یەک، ئەویش دیاردەی سەرهەڵدانی چینە، کورد لە رابردوودا بە هۆی پێگەی جوگرافی و جیوپۆلەتیکییەوە هەمیشە لە گەمەی زلهێزەکاندا بووە، ئەگەر سەرەتای ئەم مێژووە بۆ دوای داڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگەڕێنینەوە، ئەوا کورد دێتە ناو مۆدێرنەوە وەک بوونێک کە دەبێت نەمێنێت، لە هەناوی ئەو وڵاتانەی کە بە سەریدا دابەشکراوە بتوێنەوەو ببنە هاوڵاتی ئەو وڵاتانە، وەک چۆن کەسێکی کۆچەر دەبێت بە هاوڵاتی وڵاتێکی تر بە مەرجەکانی ئەو وڵاتە، دیدی کورد لە کۆنفرانسی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ هەمان دیدە بۆ خەڵکە رەسەنەکانی ئەمریکای باکوور و جێگاکانی تر، خەڵکێک کە دەکرێت یان لە ناو بچن یان ببن بە خەڵکی ئەو دەوڵەتە نوێیانە.

پاشان لە میانەی رووداوە جیهانییەکانی وەک شەڕی سارد و باڵادەستبوونی ئەمریکا لە دونیادا، کورد راستەوخۆ کاریگەر دەبێت بە دۆخی سیاسەتی جیهانی، رەنگە جووت جەمسەری جەنگی سارد دۆخێک بێت کە لانی کەم لە روکەشدا، لە گەڵ دۆخی جووت جەمسەری یان فرە جەمسەری سەردەمی چینییدا هاوبەش بێت، بەڵام لە زۆر رووەوە جودایە، بۆیە دەکرێت لێی بنوارین، بەڵام نەک وەک دووبارەبوونەوە، وەک میکیاڤیللی دەڵێت: بۆ ئەوەی تێبگەین کەچی دەبێت، پێویستە لەوە بنوارین کەچی بووە.

ئەگەر سەدەی بیست و یەک سەدەی گەڕانەوەبێت بۆ ململانێی زلهێزەکان، ئەوا کوردو کوردستان لە دڵی ئەم ململانێیەدا دەبن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پانتاییەک هەیە کە لە ڕوسیاوە بەرەو باشووری گۆی زەوی هەتا کیشوەری ئوسترالیا درێژدەبێتەوە، کە دەبێتە ناوەندی بەریەککەوتنی چین و ئەمریکاو رۆژئاوا، کوردو کوردستانیش لە دڵی ئەم جوگرافیایەدایە، ئەمە زۆر تایبەتتر لە عێراقدا روودەدات، چونکە جیاواز لە هەموو

وڵاتانی تری ناوچەکە، عێراق دەبێتە ئەو پانتاییەی کە ڕاستەوخۆ هەردوو زلهێزەکە تیاییدا ئامادە دەبن و بەرژەوەندی ڕاستەوخۆیان تیاییدا دەبێت، لە هەمانکاتدا عێراق وەک پانتایی دەبێتە ئەو خاڵەی کە هەردوو بەشی پرۆژەی یەک پشتێنە، یەک ڕێگا بە یەک دەگەن، هەروەها کوردستان لە هەمانکاتدا بەشێکە لەو پانتاییە نوێیەی کە سەرهەڵئەدات کە بە ئۆراسیای چینی ناودەبرێت: کە لە چینەوە هەتا ئەو پەڕی ئەوروپا دەگرێتەوە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا هەڵکشانی چین چۆن و لە چ ئاستێکدا کاریگەری دەبێت لە سەر ئێمە، ئەو بەشەی کوردستان کە جێگای بایەخی ئەم کتێبەیە، باشووری کوردستان بەشێکین لە عێراق، عێراق خاوەن جیوپۆلەتیکێکی تایبەتە لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر پەیوەندییەکی چین بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەرگیز پەیوەندییەکی دوو لایەنە نیە، بەڵکو هەمیشە پەیوەندییەکی سێ لایەنەیە، بە مانای هەمیشە پەیوەندییەکی چینی، ئەمریکی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، بەم پێیە پەیوەندی ئەمریکاو چین، پەیوەندی چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکایە، بۆیە پەیوەندی کوردستان-چین هەمیشە لە سایەی پەیوەندی ئەمریکا چینی، چینی عێراقییدا بەرجەستە دەبێت، ئەم پەیوەندییە فرە ئاستە ئاسان نابێت، بە تایبەتی لە گەڵ وڵات و سیستمێکی حوکمڕانی وەک چین.

ئەم کتێبە دەیەوێت ئێستێک لەسەر ئەم ئاڵۆزییانە بکات و لایەنە جیاوازەکانی نیشان بدات.

هەرچەندە ئەم کتێبە تایبەتە بە چین، بەڵام لە هەمانکاتدا دەکرێت وەک بنەمایەکی میتۆدۆلۆجی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت بۆ مامەڵەو ڕەفتاری زلهێزەکان، بە داخەوە لە دونیای ڕۆشنبیری ئێمەدا توێژینەوە دەربارەی ڕەفتاری زلهێزەکان بەرامبەر ئێمەو ناوچەکانی دەوروبەرمان بوونی نیە یاخود دەگمەنە، لە کاتێکدا وەک کەمینەیەک ئێمە زۆرترین بەرکەوتەی ڕاستەوخۆمان هەبووە لە گەڵ زلهێزەکانی جیهاندا، لەگەڵ ئەوروپاییەکاندا پاش داڕمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەروەها لە گەڵ ڕوسەکاندا بە شێوەیەکی کەمتر لە هەمان سەردەمدا، ئەگەر شۆڕشی بەلشەفی ڕووینەدایە، ئەوا ڕوسیا ڕەنگە ئامادەیی زیاتری هەبوایە لە ناوچەکەدا، بەڵام پاشان سۆڤیەت دەبێتە هێزێکی کاریگەر لە کۆماری مەهاباد و پاشان پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا، ئەم ڕۆڵەی سۆڤیەت ئەمریکا دەهێنێت بۆ ناوچەکە، ئێمە دەکەوینە نێوان بەرداشە زەبەلاحەکانی زلهێزەکان و یارییە فرە سەرەکانیانەوە کە بە گشتی نەک خەڵکی کوردستان تەنانەت سیاسییەکانیشی سەریان لە هەموو ئاڵۆزییەکانی دەرنەکردووە، لە هەمانکاتدا ئەم کتێبە داوەتنامەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە پرسی ئێمە لە ئاستی جیهانییدا، دونیای ئێمە زۆر سەرقاڵە بە خۆیەوە، و زۆر سەرقاڵە بە جیاوازییە سادەو چکۆلە و بێ بایەخەکانەوە، بەڵام مێژووی سەدەی ڕابوردووی ئێمە سەلماندوویەتی کە

ئەکتەری سەرەکی لە چارەنووسی ئێمەدا زلهێزەکانن، لە بەر هۆکاری ستراتیژیبوونی ناوچەکەمان و گرنگی وڵاتانی دەوروبەر بۆ هاوسەنگی هێزو ئاسایشی جیهانی.

ئێمەو چین لە یەکەوە دوور نین و خاوەن هەمان برین و ئازارو ناڵەی سەردەمی کۆلۆنیالیین، ئەم ناڵینە دەکرێت ببێتە بنەمای پێکەوە گرێدانێکی هاوسۆزی لە میانەی پەیوەندی دیپلۆماسیدا یان هیچ نەبێت خیتابێکی هاوبەش بەرهەم بهێنێت، بەڵام جیاوازی نێوان وڵاتی چین و ئێمە زۆرە، چین لە ئیمپراتۆریەتەوە گواستویەتیەوە بۆ دەوڵەت و نەتەوە، ئەم جۆرە سیستەمە بە ئاسانی ناتوانێت دان بە مافی کەمینەکاندا بنێت، ئێمە لە تورکیادا ئازاری ئەمجۆرە وەرچەرخانە دەکێشین، ئەم وڵاتانە بە گشتی لە نێوان باوەڕ بە خۆبونێکی بەهێزو هەست بە کەمیکردندا جۆلانێ دەکەن و ئەم جۆلانێیە هۆکاری مامەڵەی توندیانە لە گەڵ جیاوازەکاندا، زلهێزو بێهێز لە ڕوانگەیاندا بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی، بۆ سەروەری، بۆ حوکمداری، بۆ سیستمی سیاسی جیاواز دەبن، بۆیە کوردو چین بە هەموو شێوەیەک جیاواز دەبن.

دەربارەی ناونیشانەکە دەکرێت چەند وشەیەک بڵێین، بەخێرهاتن، شێوازی پێشوازیکردنە لە کەسێک، ڕووداوێک و دیاردەیەک، کە ئاواتەخوازین بەخێربێت، بەخێرهاتن دەربڕینی خانەدانی و کرانەوەیە بەرامبەر ئەویتر، ئەوەی لە ئەدەبیاتی فیکرییدا پێی دەڵێن هۆسپیتاڵیتی، دەکرێت درێداو لیڤیناس بە دوو نموونە وەربگرین، کە مەبەستەکەی ئێمە بەو ئاقارەدا نیە، چین هێزێکە دێت، بەخێرهاتن لێرەدا ئەو مانا مەجازییەی هەیە کە یانی سەردەمێکی تر هاتووە، تۆ ناچاری بە ژیان لە سەردەمێکی تردا، بەخێرهاتن ساتەوەختی گەیشتنە، پێش ئەوە ساتەوەختی دروستبوون و چەکەرەکردن و گەورەبوون و دروستبوون بوونی هەبووە، بەخێرهاتن ئاماژەیە بۆ دوا قۆناغی پرۆسەیەک بە گەیشتنی ئەو دیاردەیە بە لای ئێمە، ئێمە میوانەکانمان لە ماڵەکانماندا پاش گەیشتنیان بە خێرهاتن دەکەین، بەخێرهاتن لە هەناویدا ئەو ترسە لە خۆی دەگرێت کە بەشەڕهاتن بوونی هەیە، هیواخوازین کە ئەوەی گەیشتووە خێر، چاکە یان جوانی بێت، خێر چەمکێکی ئایینیە، بەڵام ڕەهەندێکی ڕۆژانەشی هەیە، ئیلهامی ناونیشانەکە لە لاسایی کتێبەکەی ژیژاکەوە هات کە ناوی بەخێربێن بۆ بیابانی واقیع، ئەم یاری لاساییە لە زمانی ئینگلیزیدا یەکێکە لە شێوازە بڵاوەکانی دەربڕین، ناوەندێک کە کاری لەمجۆرە زۆر دەکات گۆڤاری ئیکۆنۆمیستە، ئەم جۆرە دەربڕینە یاریکردنە بە دەوڵەمەندی دەربڕین و جۆرێک لە چاوشارکێی فیکری لە گەڵ خوێنەردا.

ناونیشانەکە ئاماژەیە کە چین لێرەیە، چەندین قۆناغی بڕیوە پێش ئەوەی بگاتە ئێرە، ئێمە هەتا ئاستێکی زۆر بێئاگا بووین لەوەی کە چۆن گەشتۆتە ئێرە، بەڵام ئەوا بە ناچاری بە ئاگا دەبینەوە لە گەیشتنی، لە گەیشتنی ئەم هێزەدا هیچ ڕێگایەکی ترمان نیە جگە لە بەخێرهاتن و تێڕامان و گفتوگۆ و پەیوەندیکردن نەبێت، لە ڕابردوودا ئێمە لە گەڵ زلهێزەکاندا پەیوەندییەکی ئاینی، فەنتازی و کڕوزانەوەمان هەبووە، نوخبەی سیاسی

کوردی ئالودەیە بە پاڵپشتی زلهێزەکان، ئەم ئالودەییە بڕێکی زۆری لە بێئاگایی و ئاگایی هەڵەدا گوزەراوە، ناکرێت لە گەڵ چیندا هەمان شت بکەین، بە هیوام ئەم کتێبە کارێکی بچکۆڵە بێت لە پێناو دووبارە نەکردنەوەی ئەو مێژووەی کە لە گەڵ زلهێزەکانی تردا هەمانە، ئێمە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین و بە دوای وەڵامیدا بگەڕێین: ئایا ئەمریکا چۆن بیردەکاتەوە؟ چۆن بیر لە دۆخێکی وەک دۆخی کورد دەکاتەوە، نەک تەنها لە ئاستی کەسێک یان ئیدارەیەکدا، بەڵکو وەک بنەما چەسپیوەکانی، ئایا چین چۆن بیر لە خۆی و دونیاو ئێمەش دەکاتەوە؟ بیرکردنەوەی دەوڵەت، بیرکردنەوەیەکی هەمیشە گۆڕاوە، بەڵام هەمیشە لە سەر بنەماکانی ئاسایش و بەرژەوەندی و بەردەوامی بونیاد دەنرێت.

**پێشەکی**

کە ئەم دێرانە دەنوسم رۆژگارێکی ئێجگار تایبەتە، کاتێک بیرم لەم پرۆژەیە کردەوە ناوی شاری ووهانم لە وڵاتی چین نەبیستبوو و نەمدەزانی رۆژێک ڤایرۆسێک بە ناوی کۆرۆناوە دێت و سەرتاپا دونیا دەتەنێت، چین هێشتا ئەوەندە جێگای بایەخ نەبوو لە دونیای کوردیدا و بیرکردنەوە لەم پرۆژەیە لە پاش سەردانی شاندە گەورەکەی دەوڵەتی عێراقی بۆ چین سەریهەڵدا، بەهێز بوونی چین و هاتنی بۆ ناوچەی ئێمە لە چەندین ئاستدا کاریگەری دەبێت لە سەر ئێمەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئێستا لە ژێر دێوزەمەی کۆرۆنادا دەنوسم، لە هەولێر دەستم بە ئەم پرۆژەیە کرد، کە ئەم دێرانە دەنوسم کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ە، و لە شاری کۆرکی ئایرلەندام، وورده وورده خەریکە لەم دونیا بەرینەدا تەنها جێگایەک بۆ ئێمەی مرۆڤ سەلامەت بێت کونجی ماڵەکانمانە، سەرباری هەموو ئەم ئاڵۆزیانە نامەوێت ئەم دۆخە کاریگەری هەبێت لە سەر بیرکردنەوەکانم دەربارەی چین.
ئێستا چین ئەو جێگا دوورە دەستە نیە کە دەبێت لە پێناوی بە دەستهێنانی زانستدا، تەنانەت بۆ ئەوێیش بچین، بەڵکو شوێنێکە کە خەڵکێکی زۆر لە دونیادا رویان تێکردوە بۆ ژیان کردن، لە نێویاندا کوردیش.
بۆ چەند خولەکێکی کەم لە فەیسبوکەکەم پرسیاری ئەوەم کرد ئایا هیچ کام لە هاورێکانم چونەتە ووهان، تەنها یەکێک بە ناوی لوقمان غەفورەوە ئەو شارەی دیبوو، بە دیدی ئەو ووهان وەک سلێمانی وەهایە لە ناوچەکەی خۆییدا، زانیارییەکان پێم دەڵێن ووهان بە شاری ڕێڕەو یان بەردەباز ناسراوە، شارێک کە زۆرترین شەمەندەفەری چینی پیایدا تێدەپەڕێت.

ووهان شاری بەیەکگەیشتنی ڕوبارەکانە، لەوێ یانگتزی و هان یەکدەگرن، ئەمەش وایکردووە کە شاری ناوەندبێت، جگە لە پێگەی بازرگانی ووهان شاری ڕووداوی گرنگی سیاسیە، لەم شارەدا لە ساڵی ١٩١١ شۆرشی دژە ئیمپراتۆری دەستی پێکردو کۆتایی بە حوکمی ئیمپراتۆریەتە یەک لە دوا یەکەکانی چین هێنا.
ووهان بە ئەفسانە دەگەڕێتەوە سەر ئوی مەزن، چوار هەزار ساڵ لە مەوپێش خاوەنی ڕوبارەکان "ئوی مەزن" ئاراستەی ڕووباری هانی گۆڕی، بەمەش یەکێک لە هەرە بەپیتترین خاکەکانی وڵاتی بەرهەمهێنا.
پێش ئەوەی ووهان ببێت بە یەک، سێ شاری جیاواز بوون: ووشانگ، هانکو، لە گەڵ هانیانگ، ئەم زانیارییانە لە بڵاوکراوەی ساینۆپۆلس وەرگیراوە، کە بانکی هێچ ئیس بی سی بڵاوی دەکاتەوە:[1]

Sinopolis Week in China or the Week in China magazine.

لە سەردەمی سێ مەملەکەتەکەدا لە ساڵانی نێوان ٢٢٠ بۆ ٢٨٠ز حاکمی ووسەن چان پایتەختەکەی گواستەوە بۆ ووهان، لە سەردەمی بنەماڵەی تانگدا ٦١٨ بۆ ٩٠٧ز گەشایەوە، لە ڕۆژانی حوکمی مەغۆلیشدا پەرەی سەند، بە هۆی کۆرۆناشەوە ووهان بوو بە شارێکی جیهانی، ئەم بە جیهانی بونەی ووهان دەرخەری کۆمەڵێک خەسڵەتی چین و دونیای ئەمڕۆیە، **یەکەم:** چین چیدی دابراونیە لە دونیا، **دووەم:** مرۆڤایەتی لە هەموو ساتێکی تر زیاتر لە سەردەمی بەیەکەوەبووندا دەژی، **سێیەم:** چین بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە زلهێزێکی جیهانی بە جۆرێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ووهان پیاوێک دەچێتە بازاڕی ئاژەڵە دەریاییەکان و حەزی دەچێتە سەر خواردنی ئاژەڵێکی دەریایی بۆ نانی نیوەڕۆ، پاش خواردنی توشی کۆرۆنا دەبێت،......ئەمە حەقیقەت نیە، بەڵکو بەشێکە لەوەی کە لە میدیاکاندا باوە.
کە ڤایرۆسەکە بڵاودەبێتەوە نزیک بە کۆتایی ساڵی مشکە، دوا ساڵ لە دەرزەنە ساڵی ساڵژمێری چینییدا، چینییەکان خۆیان ئامادەکردبوو کە بە بۆنەی هاتنی ساڵی بەرازەوە، ساڵی دەوڵەمەندی و پڕ خێرو خۆشی ئاهەنگ بگێڕن.

ئەم ئاهەنگێرانە بوو بە هۆی کێشە بۆ مرۆڤایەتی، بە ڕوونی و بە سادەیی چیدی ناتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەمە کەلتوری گەلێکە دابراو لە ئەوانیتر، ئایا ئێمە بەرەو سەردەمی بەیەکبوون و لە یەکترنزیکبوونەوە دەچین بە جۆرێک کە نەتوانین بە ئاسانی تایبەتمەندییەکانمان بپارێزین؟ یان دەبێت لەمەودوا لە هەموو هەڵسوکەتێکماندا بیر لە هەموو مرۆڤایەتی بکەینەوە؟ لێرەوە جیهانگیریی چیدی بە تەنها تایبەت نیە بە بواری کاڵاو شمەک و ئابووریەوە، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ هەناوی هەڵسوکەوتە کەسیی و تاکانەیەکانمان.

---

[1] Sinopolis Week in China or the Week in China magazine.

چەند ڕۆژێک پێش سەری ساڵی چینی لە ڕۆژێکی سارددا سەردانی کونسوڵخانەی چینیم کرد لە هەولێر، لەوێ زیاتر لە کاتژمێرێک دانیشتم و بە دەم قسەکردنەوە لە کەش و هەوایەکی زۆر نافەرمی و هاوڕێیانەدا چای سەوزمان خواردەوە، چا خواردنەوە کەلتورێکی دێرینی چینیەکانە، ئەو کاتە هێندە باسی کۆرۆنا نەکرا، ئەوەندە باسی مێژوو و داهاتوو کرا لە ڕێگای ئاورێشمینەوە، هەتا جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکانی نێوان عێراق و چین.

دیداری کونسوڵخانەی چین جیاوازبوو لە دیدارەکانی تری دیپلۆماسە ڕۆژئاواییەکان، کە هەمیشە دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان هەوڵدەدەن کە باڵایی خۆیان و کەلتور و دەسەڵاتیان نمایش بکەن، ڕۆژئاواییەکان هەرگیز ئامادەنین یان وەها فێرنەبوون کە باسی ڕەوشی وڵاتی خۆیان لە دیدارەکاندا بکەن، ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە کەسی ڕۆژهەڵاتی وەها نابینن کە بە ئاگابێت لە پرسی ئەوان، یان بتوانێت لێی تێبگات یان هیچ ڕاو بۆچونێکی هەبێت. دەربارەی جیاوازی دیداری ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان دەکرێت پرسێکی تر بێت لە کاتێکی تردا، ڕۆژئاواییەکان وەک فریادڕەس و مۆدێرن و بەهێز خۆیان دەبینن، چینییەکان وەها نین، بە تایبەتی لە ئاستی گوتاردا.

من کۆمەڵێک ترسم هەیە لە نزیکبوونەوەی چین و عێراق، ئەم ترسانە لە ئاستی جیاوازدان، ئەم کتێبە بۆ قسەکردنە لە سەر ئەم ترسانە.

گەرچی ئەم ترسانە پاڵنەری ئەم کتێبەن، بەڵام بە میتۆد و ئاگاییەکی ئەکادیمی و فرەلایەن و هاوسەنگ و ئاڵۆز نوسراوە، ڕەنگە چەمکی ترس هەتا ئاستێک دەرخەری بارێکی دەرونی بێت زیاتر لە بارێکی عەقڵی، بەڵام لێرەدا من مەبەستم نیگەرانییەکە کە لە هەناوی مێژوو و تایبەتمەندی چین و سەردەمی فرە جەمسەری دونیاوە سەرچاوە دەگرێت، لە پەیوەست بە گەلێکی بێدەوڵەتی پەرتی وەک کوردەوە.

بە ئاگابوون لەم ترسە مانای ئەوەنیە کە ڕوودەدات، بەڵام مانای ئەوەیە کە بە ڕوانین لە ڕەفتارو ترس و بەرژەوەندی چین، ئەگەری زۆری ڕودانیان هەیە، بۆیە بە ئاگابوون لێیان ڕێگایەکە بۆ مامەڵەکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانیان، ئەم دیدە لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە مەعریفە و دەسەڵات پەیوەندییەکی قوڵیان بەیەکەوە هەیە و دەبێت یەکتر بەرهەمبهێنن.

بۆ واڵاکردنی ئەم نیگەرانییە لە مێژووی کۆن و نوێی چین دەڕوانم، لە مامەڵەی چین لە گەڵ کورددا، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری دەرچوونی بڕیاری ناوچەی دژە فڕین لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا، لەم

ڕوانگەوە لە دیدی چین بۆ سەروەریی و پێگەی لە هەناوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دەڕوانم، پرسی سەروەریی پرسێکی ئاڵۆزە لە هەموو ئاستێکدا سەروەریی جێگای ڕەخنەیە لە لایەن بیرمەندەکانی پۆستمۆدێرنەوە، وەک درێداو ئەگامبین، ئەوان سەروەر وەها دەبینن کە مافی کوشتنی هەیە، مافی پەکخستنی دەستوری هەیە، مافی ژیان و مردنی تاکەکانی هەیە، بۆیە لە سایەی سەروەرێکی وەهادا مرۆڤبوون مەحاڵە، ئەم تێزە فەلسەفیانە لێرەدا ئەوەندە لە سەری ڕام نابین، ئێمە باس لە چوار جۆر لە سەروەری دەکەین، سەروەری وێستفیلیایی، کە چین دەیەوێت وەک ڕەهایەک وەریبگرێت، سەروەری بەرپرسیارانە یانی چەمکی بەرپرسیارێتی پاراستن، کە ئەمریکا پاڵپشتێتی، سەروەری عێراقی کە سەروەرییەکی ناتەواوە، لە گەڵ سەروەری کوردی کە سەروەرییەکی نەبووە.

چین بۆ ئێمە نزیک و دوورە، مەوداکان هەمیشە زیاترن لە جوگرافیا، لە ڕوی جوگرافییەوە چین لە ئێمەوە نزیکە، لە نێوان کوردستان و چیندا تەنها دوو وڵات هەیە، ئەوانیش ئێران و ئەفغانستانن، بەڵام لە ڕوی ئاگایی و کەلتوری و فیکریی و سیاسیەوە، بە هۆکاری زاڵی ئەوروپاو کۆلۆنیالیزم و مۆدێرنە، چین ئامادەییەکی ڕوکەشی هەبووە لە دونیای ئێمەدا، جگە لە سوکە تێگەیشتنێک لە ئایدۆلۆژیای ماوی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، هێندە ئاگایی و پەیوەندی بە چینەوە بونی نیە، لەم ساڵانەی دواییدا کە چین لە ڕێگای شمەکەوە غەزوی بازاڕو ماڵەکانی ئێمەی کرد، تێگەیشتنێکی بازاڕی و شمەکی بەرهەمهاتوە بۆ چین، کە چین تیایدا ئاماژەیە بۆ جۆرێک و دۆخێک لە کاڵا، ئەم پەیوەستبوونی چینە بە کاڵاوە نەک بە ئاگایی و فیکرو ئایدەلۆژیاوە، لە هەمانکاتدا دەرخەری دۆخ و پێگەی چینە لە سیستەمی ئابووری جیهانیدا کە چین تیایدا ڕۆڵی بەرهەمهێن دەبینێت، چین ئەو شوێنەیە کە زۆرترین شمەک و کاڵای جیهان تیایدا بەرهەمدێت، ئەمە بۆ چین ستاتۆیەکی تایبەتە کە لە ساتی نوسینی ئەم دێڕانەدا مایەی یەکێک لە قەیرانە هەرە گەورەکانی دونیایە.

چین بووە بە جێگای زۆربەی کارگەکانی بەرهەمهێنان لە دونیادا، ڕەنگە ئەمە هۆکاری تایبەتی بە گەشەی سەرمایەداری جیهانی و هەرزانی دەستی کارو سەقامگیری سیستەمی سیاسی و گەورەیی بازاڕی لە پشتەوە بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا لە سەردەمێکدا دێت کە جیهان هەمووی بڕوا بە چین دەکات کە ئەم کاڵایانە لە هەناوی ئیسۆسی بازاڕدا مامەڵە دەکات، مەبەستم لە ئیسۆسی بازاڕ ئەوەیە کە مامەڵەی سیاسی و هێزو ئاسایشی پێوەناکات، بەڵکو تەنها جۆرو نرخی بەلایەوە مەبەستە، بەڵام لە سەردەمی کۆرۆنادا ئەم دۆخە کەوتە ژێر پرسیارەوە.

ئەگەر جاران بە هۆکاری زاڵبوونی ڕۆژئاوا و لاوازبوونی چینەوە ئاسایی بوو لە چین بێئاگابین، ئەوا چیدی ئەم بێئاگاییە بژاردە نییە بەڵکو ناچارییە، بەڵام لە هەمانکاتدا بە ئاگابوون لە چین بژاردەیەکی ئاسانیش نیە، وەک لە دانیشتنەکەی کونسوڵخانەدا باسمانکرد، چۆن بتوانین لە چوارچێوە زاڵەکان خۆمان بپارێزین بۆ تێگەیشتن لە چین؟ بە گشتی چەند چوارچێوەیەک لە ئارادان، زاڵترینیان چوارچێوەی زاڵ و چەسپیوی ڕۆژئاوایە، کرۆکی ئەم چوارچێوەیە وەهایە ئەگەر هاتوو وڵاتێک بەهێزبوو ئەوا دەبێتە جێگای مەترسی، پاراگ کاهانا ڕۆشنبیری ئەمریکی هیندی لە کتێبی "داهاتوو بۆ ئاسیایە" بڕوای وەهایە کە نابێت بەم پارادایمی ڕۆژئاواییەوە لە چین بنواڕین، هەڵکشانی چین نابێتە هۆی ململانێ و کێبڕکێ لە گەڵ وڵاتانی تری دەوروبەریدا.[2]

ئایا چین بە پێچەوانەی مۆدێلی ڕۆژئاواوە، زاڵبوون و هەژمۆنیەت و کوێخایەتی و پلەبەندی وەک خۆلێکردن و چەندین خەسڵەتی تری هێز، واز لێدەهێنێت؟ ئەمە جێگای گومانە، بە تایبەت کاتێک دەڕوانینە مامەڵەی چین لە گەڵ خەڵکە ناچینیەکانی ناو چیندا، هەروەها کە لە چین و دراوسێکانی دەڕوانی: تایوان، فلیپین، ڤێتنام، کۆریا و ئەوانیتر.

**چۆن چین ببینین و لێی تێبگەین؟**

دەکرێت پەیوەندی کورد بە چینەوە بکرێت بە چوار قۆناغ: قۆناغی فەنتازیایی، قۆناغی ئایدەلۆجی، قۆناغی ئابوری و قۆناغی سیاسی.

قۆناغی فەنتازیایی لە شیعرەکەی نالی شاعیردا دەردەکەوێت، نالی دەنوسێت:

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین

کە ناچین لێرە خۆشە چینی ماچین.

ئەم دێرە شیعرە چەند خەسڵەتێکی چینمان پێدەڵێت لە ئاگایی نوخبەی کوردی لە سەدەی نۆزدەدا. یەکەم، چین هێشتا بە چین و ماچینەوە ناسراوە، ماچین لە دەربڕینێکی چینی خۆیەوە هاتووە، مەبەست لێی خەڵکە غەیرە هانەکانە، هانەکان زۆرینەی خەڵکی چینن، غەیرە هانەکان کەمینەن، بەڵام ژمارەیان زۆرە، ماچین بەربەرییەکان بوون بە دیدی هانەکان، ئەم پۆلێنکارییە لە ڕابردوودا ئاسایی بووە، چین وەها خۆی دەبینێت

[2] Khanna, Parag 2019 the Future is Asian: Commerce, Conflict and Culture in the 21 century, Simon & Schuster

کە ناوەندی دونیابێت، ئەم وێنایە بەشێکە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ڕابوردوو، لە میانەی پرۆسەی ناسیونالیزمی نوێی چینیدا، ئەم پرۆسەی بونیادنانەوەی ڕابوردوو وەک بیرمەندی مارکسی ئەریک هۆبسباوم پێمان دەڵێت، بەشێکە لە پێداویستی ئێستا، ڕابردوو پێکهاتەیەکی شلی هەیە بە پێی پێداویستیەکانی ئێستا، ئەوەی بویسترێت وەبیردێتەوە، ئەوەی نەویسترێت لەبیر دەکرێت، چین و ماچین دەرخەری سەردەمی فەنتازیایی کوردین لە بارەی چینەوە، جێگایەک کە لە ئەفسانە دەچێت، خۆشە، بەڵام هێندەی ئەو جێگایە خۆش نییە کە مەحبوبەی لێیە.

چین و ماچین وەک نالی شاعیر دەڵێت: چین وەک ناوێک بۆ جێگایەکی دوور، وەک بونێکی پڕ لە نهێنی، لە خەیاڵدانی ئەدەبی و ئایینی و گشتی ئێمەدا بوونی هەبووە، ئەم ئامادەبونە ئەوەندە ئاماژەیە بۆ بێتوانایی لە گەیشتن پێی و تێگەیشتن لێی، ئەوەندە ئاماژە نیە بۆ ناسینی، ڕەنگە بنەچەی هەمووی بگەڕێتەوە سەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری ئیسلام کە دەڵێت: داوای زانست بکە ئەگەر لە چینیش بێت.

**قۆناغی دووەم:** لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بیری ماوی دەگاتە کوردستان، ئەو ڕۆژگارە بزوتنەوەی سیاسی کوردی توشی پەرتبوون دەبێت، جیابوەکان لە نێوان بەرەی چەپ و ڕاستدا دەبوو بە دوای بژاردەیەکی تردا بگەڕێن هەتا خۆیانی پێ جودا بکەنەوە، ماویزم بژاردەیەکی گونجاوبوو لەو کاتەدا، چونکە دەتوانرا لە ڕوانگەی ماویزمەوە حیزبی شیوعی کە ئەو سەردەمە پارتێکی سیاسی باڵابوو لە ئاستی عێراق و کوردستاندا پێ تومەتبار بکرێت کە سۆڤیەتییەو شیوعیەتی سۆڤیەتی ڕەجعییە، لە هەمانکاتدا بۆ خۆ جوداکردنەوە لە پارتی وەک بەرەی کۆنسێرڤەتیف یان پارێزەر، ماویزم لە ڕێگای کەسانی وەک لاشانی و ئەوانیترەوە دەگاتە کوردستان، ئەم خەڵکە فارسانە بەشێک بوون لە باڵێکی جودای حیزبی تودەی ئێرانی، کە هاوشێوەی حیزبی شیوعی عێراقی لە ژێر سایەی سۆڤیەتدابوون، لە لایەکی ترەوە ماویزم وەک کۆمەڵێک بەهانەو دید وەرگیراوە، نەک وەک ئایدلۆژیایەکی سەرتاپاگیریی، ڕەنگە ئەمە خەسڵەتی ماویزم بوبێت لە سەرانسەری دونیادا، وەک جولیا لۆڤیل لە کتێبی ماویزم: مێژویەکی جیهانی، بۆمان ڕون دەکاتەوە.

ماویزم بۆ باڵی کوردی لە سلێمانی وەها دەبینرا کە فەلسەفەیەکی دونیای سێیە، زیاتر لە کوردستانەوە نزیکەو ژینگەکەی لادێیە، نەک شارەکان. ئامانجی ماویزم مۆدرێنکردنی کۆمەڵگایەکی هەژاری دواکەوتوە، لە هەمانکاتدا دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە دەکرێت لاواز بە سەر بەهێزدا زاڵبێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر لە میانەی شەڕی ناوخۆی چینیدا توانییان بە سەر ناسیۆنالیستەکاندا زاڵبن، ئەم قۆناغە ئایدۆلۆژییە لە دروشم و وەرگێڕانی چەند کتێبێک تێناپەڕێت، دوو کتێب لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە

وەرگێردراوە لەمبارەوە چەمکێک لە وتەکانی ماو لە گەڵ لی بیاو، لی بیاو پاشان بە ڕوداوێکی ئاڵۆز لە فڕۆکەدا لە ساڵی ١٩٧١ کوژرا، بۆیە ئێستا کەس باسی ناکات، نوخبەی سیاسی کوردی بەشێکیان هەڵگری تێکەڵەیەک بوون لە بیری ناسیۆنالیستی لە گەڵ سۆشیالیزمدا، ماویزم دەرخەری ئەم تیکەڵە سەیرەیە.
بۆ بە ئاگابوون لەم دیاردە ئاڵۆزە، دەبێت لە مێژووی هەر وڵاتێکدا بە دوای جینالۆجی تایبەتی خۆییدا بگەڕێین، لە مێژوی چیندا دەگەڕێتەوە بۆ جوڵانەوەی چواری ئایاری ١٩١٩، پاش ئەوەی لە کۆنگرەی ڤێرسای چین ئەو خاکانەی بۆ نەگێردرایەوە کە لە دەستی ئەڵمانەکاندا بوو، لە تیان ئان مین خۆپێشاندانێکی گەورە لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی پەکینەوە سازکرا، کە پاشان بوو بە کرۆکی بزوتنەوەی چواری ئایار، کادیرانی ئەم بزوتنەوەیە دژ بە کەلتوری کۆنفۆشیوسی چینی و سیستمی بنەماڵەیی حوکمڕان بوون، ئەو دووەیان بە بەرپرس لە قەڵەم ئەدران لە بەرامبەر شکستەکانی چین، ماو سەر بە ئەو بزوتنەوەیە بوو، نوخبەی کوردی جۆرێک لە موتوربەی واقیع و ئایدۆلۆژیابوون، و بە تەواویش هیچ کامیان نەبوون.

قۆناغی سێ: قۆناغی ئابووری یان قۆناغی ئێستایە، ئێمە ڕۆژانە هەواڵی پرۆژەی نوێ دەخوێنینەوە کە چین لە کوردستان دەیەوێت ئەنجامی بدات، پرۆژەی گەورەی چەندین ملیاری لە بواری ژێرخان، کۆمپانیاو گەشتوگوزار هەیەو بەردەوام گەشەیان پێدەدات، هەروەها لە بوارەکانی تری وەک هاوکاریی و دەسەڵاتی نەرم کردنەوەی کۆلێجی زمانی چین و زمانی کوردی لە پەکین، ئەمە لە کاتێکدایە کە بازارەکانی ئێمە وەک زۆر لە جێگاکانی تری دونیا پڕیەتی لە کاڵای دروستکراو لە چین، لە جادەی شارەکانی ئێمە ناوی کۆمپانیا چینیەکان دەبینیت و خەڵکێکی زۆر سەردانی چین دەکەن، لە هەمانکاتدا چین لە بوارەکانی حوکمڕانیدا نزیکایەتی لە گەڵ سیستمی ئێمەدا هەیە، چین دابینکەری سیستمی کامیرایە لە کوردستان، هەروەها سیستمی چاودێریی ئەم قۆناغی ئابوورییە زەمینە سازێنە بۆ قۆناغی سیاسی، بە تایبەتی لە ئاستی عێراقدا چین پرۆژەیەکی جیهانی هەیە بە ناوی دەستپێشخەریی یەک پشتێنەو یەک ڕێگا.
قۆناغی سیاسی کە لە داهاتوودا دێت لە سەر کۆمەڵێک سیناریۆ بونیاد نراوە، ئەگەر چین و ئەمریکا ململانێکانیان بگاتە ئاستی جۆرێک لە جەنگ، ئەوا کوردستان و عێراق خاوەن بژاردەی ئاسان نابن، جۆن مێرشمایەر دەڵێت: دەبێت لایەن هەڵبژێرن، بۆ کورد پشتیوانی سەربازی ئەمریکاو سودی ئابووری چین دوو بژاردەی سەختن، ئەمریکیەکان لە میانەی گفتوگۆم لە گەڵیاندا بە ڕاشکاوانە بێتاقەتی خۆیان بەرامبەر هەڵکشانی ڕۆڵی چین لە ناوچەکە دەردەبڕن، بە تایبەتی لە گفتوگۆی تایبەتدا.

لە قۆناغی سیاسیدا ئێمە لە بەردەم کۆمەڵێک سیناریۆداین، چین و عێراق هەردوو هەمان ڕوانگەیان هەیە، کە دێتە سەر سەروەریی هەردوولا بە میتۆدۆلۆجی ناسیۆنالیزم بیردەکەنەوە، هەروەها دەبینن کە دەوڵەت نەتەوە یەکەیەکی سروشتیە، وەک یەکەیەکی سروشتی مافی هەیە چۆن مامەڵە لە گەڵ خاک و خەڵك و پێکهاتەکانیدا بکات، ئەم میتۆدە ڕاستەوخۆ یانی ناوەندگەرێتی، یانی پەراوێزخستنی جیاوازو کەمینەکان و باڵاکردنی کەلتوری دەوڵەت و زۆر بواری تر.

**جوگرافیای چین**

چین هەتا سەرەتای سەدەی بیستیش ناوێک نەبوو بۆ چین، چین ناوێکی داهێنراوی بیانییە[3]

ئەوەی لە ئەدەبیاتی کۆنی چینیدا بەکارهاتووە(*zhong guo*) ە، کە بە مانای ناوەندی دونیا دێت، ئەم پرۆسەی ناونانە بەشێکە لە ناسیونالیزمی چینی، بە وەرگرتنی ناوی چین، چینی ئەمڕۆ دەیەوێت وێنای دونیاو کۆمەڵگایەک بکات کە هەموو خاوەن یەک کەلتورو سیستم و شوناسن، ئەمە ئەو پرۆسەیەیە کە لە دونیای نزیک بە خۆمان هاوشێوەی تورکیایە، دروستکردنی دەوڵەت نەتەوە لە ئیمپراتوریەت هەرگیز هێندە ئاسان نیە، کاتێک دەوڵەت نەتەوە ئیمپراتوریەت بە میرات وەردەگرێت تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی دەبێت، لە نێویاندا بە مەزنبوونی ڕابردوو و هەوڵدان بۆ مەزنێتی لە داهاتوودا، ئەم مەزنێتییە بنەمای شەڕە، بە تایبەتی لە سەردەمی دەوڵەت نەتەوەدا، وەک شوێن چین لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەیە، ئەم جێکەوتە جوگرافیە چەندێک ڕێکەوتی شوێنە هێندەش کەلتوری و شارستانی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و لە سەرووی هەمووشیانەوە سیمبولییە، لە چەند سەدەو دەیەی ڕابردوودا ڕۆژئاوا بۆ ئێمە ئاراستەو ئاماژەو قیبلەنوما بووە، ڕۆژهەڵات هەمیشە وەک پێچەوانەی ڕۆژئاوا بینراوە، ئەگەر ڕۆژئاوا ئاماژە بووبێت بۆ شۆڕش و وەرچەرخان و پێشکەوتن و بیرکردنەوەو داهێنان و بەهێزیی، ئەوا دەتوانین بڵێین لە هەموو ئەم بوارانەدا ڕۆژهەڵات بە تەواوی پێچەوانەکەی بووە، تەنها ئەوەندە بەسە لە چەمکی ڕۆژهەڵاتی و شەرقی بنوارێت لە زمانی ڕۆژانەی ئێمەدا کە چ ئاماژەیەک دەدەن.

ئەمە لە سەرەتادا پێش هەموو شتێک ئالەنگارییەکی فیکری و سیاسی و کەلتوریی و ڕۆشنبیرییەو شارستانیشە، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرهەڵدانی جۆرێکی ترە لە هاوسەنگی هێزو ململانێی جیوپۆلەتیکی.

---

[3] Bill Hayton 2020Yale University Press Th e Invention of China

کەلتوری ڕۆژئاوا جۆر و شێواز و ئامانج و پیادەبوون و تێگەیشتنی زۆر زۆر جیاوازی هەبووەو هەیە، ئایا هاتنی ڕۆژهەڵات چۆن دەبێت؟ بۆ هادی عەلەوی کە ڕۆشنبیرێکی چەپی عێراقی و کەسێکی زۆر بە ئاگابوو لە کەلتوری چینی؛ بە لای ئەوەوە باڵادەستی کەلتوری ڕۆژئاوایی زیانێکی زۆری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، بە ڕای ئەو، ئەو هۆکارەی کەوا دەکات خەڵك بە گشتی سودمەند نەبن لە سامانی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵات، باڵادەستی کەلتوری ڕۆژئاواییەیە، چونکە بە دیدی ئەو، کەلتوری ڕۆژئاوایی لە فیودالیزمەوە گواستویەتیەوە بۆ سەرمایەداری و لەوێشەوە بۆ کۆلۆنیالیزم، بۆیە هەمیشە بەشی خەڵکی تیایدا بەشی کەمینە بووە، بە دیدی ئەو، ئەگەر هەردوو کەلتوری چینی و ئیسلامی پێکەوە گرێبدرێت، ئەوا دەتوانرێت ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەم کەلتورە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی ڕۆژئاوا دروست بکرێت.

لە پێناو دارشتنی بونیادێکی کەلتوری و ڕۆشنبیری بۆ ئەم تێزەی خۆی، هادی عەلەوی پرۆژەیەکی دەست پێکرد لە نوسین و وەرگێران لە هەردوو کەلتوری چینی و ئیسلامی لە تاوەوە هەتا سۆفیگەرێتی.

بۆ پوختەی ئەمە بنوارە: محمد لفته محل ٢٠١٥ مراجعه فی فکر هادی العلوی الحوار المتمدن

ڕەنگە پەرچەکردارو بچوککردنەوە بە هەڵوێستی هادی العلوییەوە دیاربێت، بەڵام بە تەواوی بەتاڵ نیە لە ڕاستی، چین پێش ئەوەی هەرشتێکی تر بێت شارستانیەتێکە، وەک چینناسی ناسراوی ئەمریکی لوسیان پای ئاماژەی پێئەدات[4].

ئەم شارستانیبوونەی چین بۆ چین خۆی و هەروەها بۆ وڵاتانی تری دونیا کێشەی دروستکردوە، لای لوسیان پای چینییەکان لە میانەی مێژوویاندا وەک ڕۆژئاواییەکان نەبوون، کە گرنگی بە خاک و سامان بدەن و هەمو شتێکی تر بخەنە لاوە، لوسیان لە میانەی بەراوردی مامەڵەی ڕوسەکان لە گەڵ چینییەکان و هەروەها مامەڵەی بەریتانییەکان لە گەڵ چینییەکاندا کۆمەڵێک پرسیاری لەلا دروست دەبێت لە نێویاندا پرسیارەی ئەوەی بۆچی ڕوسەکان فێڵی زیاتریان لە چینییەکان کردوەو لە ئەنجامدا خاکی زیاتریان لە چینییەکان سەندوە، بەڵام لە بەرامبەردا چینییەکان هەست بە سوکایەتی و توڕەیی دەکەن بەرامبەر بەریتانییەکان، بەڵام هەمان هەستیان نیە بەرامبەر ڕوسەکان؟ بە ڕای لوسیان ئەو فێڵ و لە خشتەبردنەی کە

[4] Pye, L. (1998). ‘International Relations in Asia: Culture Nation and State’, in The Second Gaston Sigur Annual Lectur , Washington, DC: George Washington University. Sigur Center for Asian Studies.

کاونت نیکۆلیا ئیگناتیف کردی بەرامبەر چینییەکان لە مێژوودا بیویێنەیە، بەڵام چینییەکان بە سوکایەتی وەریناگرن.

بەم پێیە چینی و شارستانی چینی زیاتر لە سەر بنەمای ڕێزو کەرامەت بونیادنراوە، لە کاتێکدا شارستانی ڕۆژئاوا لە سەر سامان و دەسەڵات بونیادنراوە، ئەم دەستنیشانکردنە بۆ ئێمە زێدە گرنگە، کە بە ناچاری و خواست دەکەوینە مامەڵە لە گەڵ چینییەکاندا، بەڵام لە سەرەتادا و لە هەمانکاتدا ئاماژە بۆ چەندین بواری گرنگی تر دەکات، پێش هەموو شتێک بۆ ئەوەی بزانین کە هێزێک چۆن مامەڵەمان لە گەڵدا دەکات، دەبێت بزانین چۆن لە خۆی دەڕوانێت، و چۆن وێنای خۆی دەکات و چۆن وێنای ئەویتر دەکات؟ هەموو ئەمانە ناچارمان دەکات بە گەڕان بە مێژووی کۆن و نوێی چیندا، لە هەمانکاتدا زانینی پێداویستیەکانی ئەم ڕۆژگارەی چین لە ناوەوەو چۆنێتی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی.

ئەم دیدە لەو ڕوانگەیەوە دێت کە ئێمە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتیک وەک وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستیەکانی ناوخۆ دەبینین، ئەمە ڕوانگەی سەرەکی ئەم پرۆژەیەیە بۆ ئەوەی بزانین چین چۆن مامەڵە دەکات، دەبێت چین لە ناوەوە بناسین و سیاسەتی دەرەوە هیچ نیە جگە لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوەوە، لە هەمانکاتدا سیاسەتی دەرەوە بەرجەستە کردنی ئەو وێناو پرینسیپانە دەبێت کە وڵاتێک یان شارستانیەتێک دەربارەی خۆی هەیەتی، بەم پێیە من هاوڕام لە گەڵ ئەو قوتابخانەیەی کە بڕوای وەهایە سیاسەتی ناوەوە فاکتەرێکی کاریگەرە لە لە قاڵبدانی سیاسەتی دەرەوە، بە پێچەوانەی دیدی خەڵکانی وەک مۆرگنتاو و ئەوانیتر، مۆرگنتاو و ئەوانیتر بڕوایان وایە کە سیاسەتی دەرەوە سیاسەتی نێوان وڵاتان و گەلانە، بۆیە لای ئەو ئامانجی سەرەکی زانستی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەبێت بریتی بێت لە تێگەیشتن لەو هێزانەی کە پەیوەندی نێوان گەلان لە قاڵب دەدات، بەم پێیە ئەوەی جێگای بایەخە هەندێک کاریگەرییە کە وەک یاسا وەهان.

بە سودوەرگرتن لە دایڤید لومیسدەین ١٩٩٦[5] لەم ڕوانگەیەوە دەبێت لە ناوەوەی چین تێبگەین بۆ ئەوەی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لە دەرەوە تێبگەین، لە هەمانکاتدا دەبێت لە خەون و خواستی چین تێبگەین لە هەناو یان چوارچێوەی سیاسەت وسیستمی جیهانی ئەمڕۆدا. ئەگەر بواری جەختکردنەوەی ئێمە لەم نوسینەدا

[5] David Lumsdaine 1996The Intertwining of International and Domestic Politics, Polity, Vol. 29, No. 2 (Winter,), pp. 299-306

کوردستان و عێراقە ئەوا بێگومان ناتوانین لەم دوو ناوچەیە تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزە گەورەو کاریگەرەکانی ناوچەکە.

بۆیە وەک ئەندرو سکۆبێل بڕوای وەهایە کە پەیوەندی چین لە گەڵ ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەمیشە پەیوەندییەکی سێ لایەنەیە، چونکە لە میانەی ئەم پەیوەندیانەدا ئەمریکا هەمیشە ئامادەیە.

ئەم دۆخە دۆخێکی تایبەتە، چونکە لە رابردوودا کاتێک وڵاتێکی زلهێز هەبوو ئەوا لە گەڵ زلهێزی تر لە ململانێ و کێبڕکێدابوون، دیارترین نمونە ململانێی دوو جەمسەری شەڕی ساردبوو کە بە گشتی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت بوون، ئەم دوو جەمسەرە لە هیچ کوێی دونیا لە یەک پانتایی یان تیرەتۆریدا بە فەرمی ئامادەبوونیان نەبوو، گەر وڵاتێک سەر بە بەرەی سۆڤیەت بوایە، ئەوا نەیاری ئەمریکا بوو، هەروەها گەر وڵاتێک لە بەرەی ئەمریکا بوایە، ئەوا لە لایەن سۆڤیەتەوە بە نەیار لە قەڵەم ئەدرا، بەڵام ئەم دۆخە لە ململانێی چین و ئەمریکادا بەو جۆرەنیە[6].

لە هەمانکاتدا لە سەردەمی جەنگی سارددا ئەمریکاو سۆڤیەت هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان نەبوو، بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا سۆڤیەت وڵاتێک نەبوو کە خاوەن ئابووریەکی بەهێزبێت، بۆیە دابڕان لێی ئاسان بوو، بە پێچەوانەوە چینی ئەمڕۆ جێگای بەرهەمهێنانی زۆرترین کاڵای جیهانە، بۆیە دابڕان لێی دەبێتە هۆکاری قەیرانی ئابوری لە جیهاندا.

چین لە ڕۆژهەڵاتی ئێمەوە ناچارمان دەکات بیر لە ئەو ڕێڕەو و وڵاتانە بکەینەوە کە چین پێویستی دەبێت پیایدا تێپەڕێت هەتا دەگاتە ئێمە، چۆن چین دەگاتە ئێمە و چۆن ئێمە دەگەینە چین؟ دوو پرسیاری گرنگن. چینییەکان لە میانەی پرۆژەی یەک پشتێنە یەک ڕێگا دەیانەوێت هەموو دونیا پێکەوە گرێبدەن، گەرچی ئەمە لە سەرەتادا تەنها دروشمێک بوو، لە ئێستادا هەرچەندە کاری زۆری بۆ کراوە، بەڵام بەبێ کێشەو ئاستەنگ نیە.

دروشم ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لە هەناوی کۆمەڵگای چینیدا، بیرمەندی ئەڵمانی هێردەر چینیەکان بە سادەو باوەرکەر بە دروشم دادەنێت، بۆ ئەو ئەمە نیشانەی منداڵئاسایی ئەوانە، ئەم دیدە پڕیەتی لە ڕەگەزپەرستی و ڕۆژهەڵاتگەرێتی، بەڵام سەرباری ئەوەش لە ڕاستیەوە دوور نیە، ژیان زینگ کتێبێکی تایبەتی لەمبارەوە

---

[6] Scobell Andrew (2018) Why the Middle East matters to China, in 'China's Presence in the Middle East: The Implications of the

نوسیوە گەر بوار هەبوو هەندێک کاری لە سەر دەکەین وەک بنەمایەکی پێویست بۆ تێگەیشتن لە گوتار و سیاسەتی پەیوەندی لە هەناوی چیندا، عەقڵی دروشمی عەقڵێکی کوردیشە بە ئاستێکی زۆر.(

پرۆژەی پشتێنەو ڕێگا، چین دەکاتە وڵاتێکی ئۆراسیایی و ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتووبێت، ئەوا یەکەیەکی نوێ دروست دەکات بە ناوی یەکەی ئۆراسیایی کە هەردوو ئاسیاو ئەوروپا پێکەوە گرێدەدات، دیارە خەون و خەیاڵی ئۆراسیا دەمێکە بوونی هەیە، بەڵام ئەم مۆدێلە چینییەی جیاوازە لە ڕووی پرۆژەو ئامانج و هێزی پشتیوانی و توانای دارایی، بە دروستبوونی ئۆراسیا یان بە بەیەکبونی ئاسیا و ئەوروپا، ئەوا کوردستان بە هەموو پارچەکانیەوە دەکەوێتە سەر جوگرافیایەکی تر[7].

لە دروستبوونی ئەم پانتاییە نوێیەدا، ئەوە چینە کە دەبێت بە دڵ یان کرۆکی ئەم پرۆژەیەیە نەک ئەمریکا، ئەم پرۆژەیە لە چەندین لاوە کوردستان دەگرێتەوە، لە ڕووی وشکانییەوە لە ئێران و ئاسیای ناوەندەوە لە ڕووی ئاوییەوە لە باشوری عێراقەوە بۆ تورکیا.

بەپێی هۆ ژانگ لە زانکۆی ڕۆژهەڵاتی چین لە شانگهای، یەک پشتێنەو یەک ڕێگا شێوازی چینییە بۆ دادپەروەریی و سودمەندی، کە جیاوازە لە مۆدێلە کۆنەکەی ڕێگای ئاورێشم، چین لە ڕێگای ئەم پرۆژەی پێکەوە گرێدانەوە دەیەوێت گەشە بە سودمەندی دوولایەنە بدات، براوە-براوە، لە گەڵ دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ، نوسینەکەی هۆ ژانگ چاپتەری کتێبێکە لە ڕانانی ماکسیمیلیان مایەر[8]

وەک دەبینین کە بیرمەندە چینییەکان خۆیان لە قەرەی چەمکی وەک دیموکراسی، مافی مرۆڤ و بازاڕی ئازاد نادەن، بەڵکو لە بڕی ئەوە زیاتر جەخت لە سەر چەمکەکانی وەک گەشەو ئابووری و سودمەندی دەکەنەوە، ئەمە تەنها وەرچەرخانێکی گوتاری نیە، بەڵکو وەرچەخانێکی ژیاریشە، چینییەکان دیموکراسی وەک ئایدۆلۆژیایەک و چەکێک دەبینن کە ئەوانیتر دەیانەوێت دژیان بەکاری بهێنن، لە هەمانکاتدا مرۆڤ وەک بونەوەرێکی سیاسی نابینن، بەڵکو وەک کەسێک دەیبینن کە خواستی سەرەکی ماددیە نەک ناماددیی، ئەم مرۆڤە ئەولەویەتی نانە نەک ئازادی، ئەم وەرچەرخانە لە دیددا کاریگەری گەورەی دەبێت لە سەر پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئەم خەسڵەتانە وەها دەکەن کە بڵێین تێگەیشتن لە چین

---

[7] Zeng, Jinghan, 2020 slogan politics, understanding Chinese Foreign policy concepts, palgrave.

[8] Maximilian Mayer Ed. 2018 Rethinking the Silk Road: China’s Belt and Road Initiative and Emerging Eurasian Relations

کارێکی ئێجگار سەختە یان جۆرێکە لە موستەحیل، ئەمە لە ئاستی زمان و دەربڕین و مێژوو و کەلتور و جیوپۆلەتیک و حوکمداریدا، هەر بۆ نمونەو هەروەها وەک نوکتەیەک سەربوردەیەکی ماوتسی تۆنگ و ڕۆژنامەنوسی ناسراوی ئەمریکی ئێدگارد سنۆ دەگێڕمەوە، ئێدگارد سنۆ بەوە ناسراوە کە یەکەمین ڕۆژنامەنوس بێت کە دیداری لە گەڵ ماودا ئەنجام دابێت و یەکەمین کەس بێت کە چینی لە ناوەوە بە دونیا ناساند، ئێدگارد چینیزان بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو لێی دابڕابوو، لە کاتی دیدارە بەناوبانگەیەکان ماو کە باسی خۆی بۆ دەکات دەڵێ: من وەک مۆنکێک بە تەنها لە ژێر باراندا ڕێدەکەم بە چەترێکی کونەوە. ئەم ڕستەیە لە سەرەتادا زۆر شاعیرانەیە، بەڵام لە هەناویدا کۆمەڵێک دژایەتی هەڵگرتووە کە وەها لە دەربڕینەکە دەکات وەک نوکتە دەربکەوێت.

دەربڕینەکە نوکتەیەکی کۆنی چینیە، کە لە سەر هۆمۆفۆنی یاریدەکات، هۆمۆفۆنی بەمانای ئەوەی کە وشەیەک هەمان دەنگیان هەیە، بەڵام مانایان جیاوازە، مۆنکی ژێر چەتر بە چینی دەبێتە هو-شانگ توسان، کە بە مەجازی بە مانای ئەوە دێت کە نە قژی هەیە نە ئاسمان، چونکە مۆنک کە کەسێکی خەڵوتگێڕی ئایینی بودایە، هەمیشە سەرتاشراوەو کە چەتر هەڵدەگرێت لە ژێر چەتردایە نەک ئاسمان.

کە لە دەربڕیندا دەبێت فو-فا ڤو-تچان کە لە کاتی ووتنیدا دەبێت: یاسا نازانم یان هیچ شتێک بە پیرۆز دانانێم، بەو پێیە کاتێک ماو دەڵێت: من مۆنکێکی تەنهام چەترێکی کونم هەڵگرتوە لە ژێر باراندا، دەیەوێت ئەوە بڵێت کە سەر بە هیچ سیستمێکی نێودەوڵەتی نیە، یان دان بە هیچ یاسایەکدا نانێت، ڕەنگە ئاسمان بە مانای یاساش بێت، تیان لە چیندا ئامادەیی زۆری هەیە، هەرە ناسراویان ناوی گۆڕەپانی گەورەی پەکین، تیان ئان مینە.

دەربڕینی شیعری، ئاڵۆزی، نەبوونی مانای تایبەت، فرە مانایی، لە کۆمەڵە خەسڵەتەکانی شێوازی دەربڕینی چینین کە ئەوانەی دەیانەوێت لە یاسای چینی تێبگەن بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەمە بۆ ئێمەی کورد ڕەنگە هێندە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، بە هۆی زاڵی زمانی شیعری بە سەر شێوازی دەربڕینماندا.

بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە[9]

بەم پێیە دونیا لە گۆڕاندایە، هێزێک لە گەشەکردندایە کە ناچارمان دەکات بیناسیین، بەڵام ناسینی ئەم هێزە لە بەر کۆمەڵێک هۆکاری زۆر ئاسان نیە.

[9] Leys, Simon 1977 The Myth of Mao

یەکەم: ئەم هێزە نوێیە، دووەم: ئێمە پێی ئاشنانین، بۆ ئەوەی وەک خۆی پێی ئاشنابین، دەبێت لەو چوارچێوانە بەئاگابینەوە کە دونیابینیمان بەرامبەر ئەوانیتر دادەڕێژێت، سێیەم: دیدی ڕۆژئاوایی زاڵە بە سەر تێگەیشتنمان بۆ ئەوانیتر، چ بە پۆزەتیف یان بە نێگەتیڤ.

**چین لە کوێیە؟**

چین چیە؟ چین لە کوێیە؟ چینییەکان کێن؟ ئەمانە پرسیاری ئاسان نین بتوانین بە تێڕامان لە نەخشە وەڵامیان بدەینەوە، گی ژاوگوانگ کتێبێکی تەرخانکردووە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، بە ناوی چین چیە؟ تیرەتۆری، ئیتنیک، کەلتور لە گەڵ مێژوو[10].

وەک لە ناونیشانەکەی گیدا دیارە هەموو ئەو بوارانە :خاک، شوناسی خەڵك، کەلتور لە گەڵ مێژوودا جێگای پرسیارو مشتومڕن لە چین، هەر چەندە کتێبەکەی گی وەها دەبینرێت کە پۆلیمیک بێت ئارگومێنتی سەرەکی ئەو ئەوەیە کە چینی هانەکان لە گەڵ چینگ هەموو خەسڵەتەکانی دەوڵەت نەتەوەی ئەوروپییان تیادابووە پێش ئەوروپاییەکان، بۆیە ناکرێت دید و تیورەی ئەوروپییەکان بەکاربەرین بۆ تێگەیشتن لێیان، بەڵکو دەبێت دیدو تیورەی تایبەت لە واقیعی خۆیانەوە هەڵێنجێنین.

لە ڕەخنەی تیورە دەرەکیەکاندا گی باس لەو دیدانە دەکات کە دەڵێن چین پەیوەندی نیە لە نێوان چینی نوێ، کۆماری گەلی چین و چینی مێژوویی، مێژونوسە ژاپۆنیەکان دەڵێن چین بێ سنور بوو، هەروەها دەڵێن کە چین دەوڵەت نەبوو، دەبێت چین سنوردار بکرێت لە باشووری دیواری مەزنەوەو بکرێتە خاکێکی هانەکان، هەروەها ئەوروپاییەکان وەها چینیان دەبینی کە ئیمپراتۆریەتێکی بێسنوور بوو.

بەڵام بە دیدی ئەو چین خاوەن خەیاڵێکی دامەزراوە.

**یەکەم**: هەرچەندە سنووری چین گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، بەڵام کرۆکی چین بە نەگۆڕ ماوەتەوە، ئەمەش وەهای کردووە کە لە زووەوە چین بووە بە جێگایەک کە خاوەنی تیرەتۆری و سیاسەتی یەکگرتوو و ناسنامەی نیشتمانی و کەلتور.

---

[10] G E, Z H A O G U A N G 2018 WHAT IS China? Territory, Ethnicity, Culture, and History

Translated, MICHAEL GIBBS HILL, THE BELKNAP PRESS OF HARVARD UNIVERSITY PRESS

**دووەم:** هەرچەندە حکومی بیانی بوونی هەبووە، بەڵام هەمیشە کەلتوری گەلانی بیانی تێکەڵ بە کەلتوری چینی بووە یان ئەوان بوون بە هەڵگری کەلتوری چینی، کەلتوری چینیش بە زۆری کەلتوری هانەکانە.

**سێیەم:** گرنگ نیە کە چۆن بنەماڵە فەرمانڕەواکان دامەزراون، هەموویان باوەڕیان بەوە هەبووە کە چینیین یان سەر بە شانشینی ناوەندن.

**چوارهەم:** خەیاڵی زۆربەی بنەماڵە فەرمانڕەواکان لە سەر بنەمای نەتەوەی هەمووان لە ژێر ئاسمان یان بەهەشتدا بونیادنراوە.

لە لایەکی ترەوە چین ناکرێت تەنها وەک خاک و خەڵکێک ببینرێت، بەڵکو پێش هەموو شتێک کەلتورە، لەو کتێبەدا کە دایانە لاری ئامادەیکردووە باس لەوە دەکات کە چین یانی کەلتور[11].

چین کە بیست و دوو هەزار کیلۆمەتر سنووری وشکانی هەیەو هەژدە هەزار کیلۆمەتر سنووری ئاوی، وڵاتێکی پان و بەرینە بە هەموو مانایەک، دایانە دەپرسێت چۆن ئەمە هاتۆتە بوون؟ کرۆکی ئەم فراوانبونەی چین کەلتورە لە لای چینیەکان ئەوانەی کە خاوەنی کەلتوری لاوازتر بوون، کەلتوری چینییان قبوڵکردوە، بەم پێیە دەکرێت بوترێت ئەوەی ئیمیڵ دۆرکهایم ناوی دەنێت چیمەنتۆ، بۆ پێکەوەگرێدانی جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، کەلتورە. ئەم دیدە کەلتورییە بۆ چین لای هەر سێ جۆرە سیستمە زاڵەکانی ناو مێژووی چیندا دیارە کە خۆی لە سیستمی ئیمپریالی و گومیندیانگ و کۆمیونیستیدا دەبینێتەوە، ئەم سیستمە کەلتورییە داڕێژەی بنەمای پەیوەندی نێوان ناوەندو پەراوێزەکانە، لە هەمانکاتدا لە ڕابردوودا پەراوێزەکان وەک بەربەری ناسراون، بەڵام ئەم پرۆسەیە هێندە لە پرۆسەی بە شارستانیکردنی ئەوروپییەکانەوە دوورنیە، بگرە زۆر هاوشێوەشە، پاش دەرخستنی ئەم ڕەهەندە کەلتورییەی جیوپۆلەتیکی چینی، وەها باشە لە ڕووی جوگرافیەوە چین بناسێنین.

ئەم دیاریدەی کەلتورگەرێتییە جێگای سەرنجە، کردنی یان گۆڕینی شوناسی دەسەڵاتێک بە کەلتور، لە پێناو کۆمەڵێک ئامانجدایە، یەکەم: داپۆشینی شوناسە ڕاستەقینەکەی، دووەم: کرانەوەی لە بەرامبەر ئەوانیتردا لە ژێر ناوی کەلتوردا، بۆ سڕینەوەی هەستی بەرگریی تیایاندا، سێیەم: ڕەواییدان بە هەبوونی پەیوەندی هەژمونیانە، لە ڕاستیدا چەمکی کەلتور بە تەواوی مانایەکی هەژمونی هەیە، بەڵام هەژمونییەتێکی قبوڵکراو وەک لە ئەنتۆنیو گرامشییەوە فێردەبین، چوارهەم: چەمکی کەلتور دەیەوێت شوناسێکی کراوە

---

[11] Diana Lary, ed. 2007 The Chinese State at the Borders, UBC Press.

دروست بکات، بە جۆرێک ئەوانیتریش لە خۆی بگرێت، بە مەرجێک ئەو کەلتورە پەسەند بکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ جۆرە بەرگرییەک یان ڕەخنەیەک قبوڵ نەکات.

چین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە زەریای هێمنە کە کەناراوێکی درێژی بەو وڵاتە بەخشیوە، لە ڕووی خاکەوە چین سێیەم وڵاتی دونیایە دوای روسیاو کەنەدا، پانتاییەکەی زیاتر لە نۆ ملیۆن و نیو کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، شێوەی نەخشەکەی لە کەڵەشێر دەچێت، چین سنووری لە گەڵ چوارده وڵاتدا هەیە: کۆریا، ڤێتنام، لاوس، بۆرما، هیند، بۆتان، نیپاڵ، پاکستان، ئەفغانستان، تاجیکستان، کێرغیستان، کازاکستان، مەنگۆلیا و ڕوسیا لە سنووری دەریاییەوە بە وڵاتانی کۆریای باشوور، یابان، فلیپین، برونی، ئەندەنوسیا، مالیزیاو ڤێتنام دەورە دراوە.

لە ڕووی جیوپۆلەتیکەوە چین وەها دەناسرێت کە وەک دورگەیەک وەهابێت، خاکی سەرەکی چین ئەو جێگایەی کە زۆربەی دانیشتوانی تیادا نیشتەجێیە، بە تایبەتی دانیشتوانە بە ڕەگەز هانەکەی، ئەم پانتاییە کە هەردوو ڕووباری مەزنی چینی پیادا تێدەپەڕێت هەرە بە پیتترین خاکەکانی چینە. ئەم پانتاییە لە باوەشی زەریاو چیاو بیاباندان، بە جۆرێک بە درێژایی مێژوویی کۆن گەیشتن پێیان ئاسان نەبووە، هەروەها بۆخۆشیان ئاسان نەبووە کە بکشێن بۆ وڵاتانی تر، لە ڕووی جیوپۆلەتیکەوە چین دابەش دەکرێت بە سەر دوو بەشدا، هارتلاندا لە گەڵ ناوچەیەکی دابڕ یان بەفەر buffer، بلیۆنێک چینی لە هارتلاند یان سەرزەمینی دڵی چینییدا دەژین، ئەم بەشە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: ئەوانەی کە بە دایەلێکتی ماندرین قسە ئەکەن لە باکوور، لە گەڵ کانتونیس لە باشوور، ئەم ناوچەیە هەروەها بە هەردوو ڕووباری گەورە دەناسرێنەوە کە یانگتزیە لە باشوورو ڕووباری زەردە لە باکوور، ئەمەشە بنەمای ئەوەیە کە چین بە شارستانی ڕووبار دەناسرێت، ئەم ناوچەیە سەرزەمینە بە پیتەکانی وڵاتی چینە، بۆیە زۆربەی دانیشتوانەکەی لەوێدا دەژین و دارێژەی مێژووی چینن.


ئەو ناوچەیەی کە لە ناوەوەی چین یان ڕۆژئاوای چینە وەک کەوانەیەک بە سەر ئەم ناوچەی دڵەدا کشاوە، ئەو ناوچە بیابانی و وشکانیەیە کە خەڵکانی کەمینەکانی تیادا دەژین لە سەری سەرەوە مەنشوریایە، پاشان مەنگۆلیای ناوەوە ئینجا شینژیانگ، کە سەرزەمینی موسوڵمان نشینەکانە، پاشان تیبت.

ئەم خەسڵەتە جیوپۆلەتیکیانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بە چین دەدەن، یەکەم: چین هەمیشە لە مێژووی کۆندا هەستی کردووە کە لە زەریاوە هێرشی ناکرێتە سەر، ئەم هەستکردنە بە ئاسایش و پارێزراوی لە زەریاوە هەتا پێش هاتنی ئینگلیزەکان بەردەوام بوو، دووەم: چین لە دوو گروپ پێکهاتووە، گروپێک کە هانەکانن، گروپی دووەم ئەوانەی کە هان نین، سێیەم: ناوچەی هانەکان دەکەوێتە نێوان زەریاو ئەو سەرزەمینانەی کە

غەیرە هانەکان لە سەری نیشتەجێن، بۆیە لە پێناو دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕ لە گەڵ گەلانی تری ڕۆژئاوای چین، چین پێویستی بە گرتنی ئەم ناوچانە هەیە، چوارهەم: چین نەک تەنها بۆ مەبەستی ئاسایش، بەڵکو بۆ مەبەستی پانتایی و سەرچاوەش پێویستی بە داگیرکردنی ئەو خاکانە هەیە، بۆ نمونە چین بە گشتی وڵاتێکی بێئاوەو زۆربەی ئاوی چین لە چیاکانی هیمالایای تیبتەوە دێت، بۆیە چین ئەو ناوچە بودییانەی داگیرکردووە.

ئەم خەسڵەتە جیوپۆلەتیکیانە چەند بنەمایەکیان بۆ چینییەکان دارشتووە، یەکەم: چین یەک نیە دەبێت یەک بخرێت، یان بە یەک بکرێت، بە یەککردنی جیاوازەکان لە میانەی مۆدێرنەدا پرۆسەیەکی ئێجگار خوێناوییە، بۆیە چین هەمیشە لە جوداو پەرتبوون دەترسێت، یەکخستنی چین یان دەست بەسەرداگرتنی خاکی چین لە لایەن پەکینەوە یەکێک بووە لە خەمە هەمیشەییەکانی ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتی چینی، بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە سەرووی هەموویەوە سوشیالیستەکان، ئەمەش کرۆکی ناسیونالیزمی هەناوی سۆشیالیزمی چینیە، خەسڵەتێکی جوگرافیای چین ئەوەیە کە ئەگەری هەیە وڵاتێکی وشکانی و هەروەها ئاویش بێت، ئایا دەتوانێت هەردوکیان بێت؟ ئەمە کرۆکی پرۆژەی یەک پشتێنەو یەک ڕێگایە، ڕێگا بۆ ئاوە و پشتێنە بۆ وشکانی، سیستەمی ئاوی و وشکانی جیاوازییان زۆرە، بۆیە ئەستەمە دەوڵەتێک بتوانێت هەردووکیان لە خۆی بگرێت.

**دەوڵەتی ئاوی و دەوڵەتی وشکانی**




دەوڵەتی ئاویی یان هێزی ئاویی و دەوڵەتی وشکانی یان هێزی وشکانی دوو چەمکی دیاری ناو بیری جیوپۆلەتیکن، زۆربەی بیرمەندانی ئەم بوارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ قسەیان دەربارەی کردوە، دەکرێت بە شێوەیەکی تر وەک میتافۆرێک قسە لە سەر هێزی کەشتی و هێزی شەمەندەفەر بکەین، بۆ نمونە کاتێک لە خوێندنەوەی مێژوودا چاومان بە چەمک و پرۆژەی وەک هێڵی شەمەندەفەری بەغدا-بەرلین دەکەوێت، ئەوا ئەوە نمونەیەکی دیاری هێزی وشکانییە، هێزی وشکانی یانی هەبوونی تواناو ئامرازو ئامادەیی لە پانتاییە وشکانییەکانی جیهاندا، بۆ پیادەکردنی دەسەڵات. بەم پێیە کاتێک قسە لە سەر هێزی وشکانی دەکەین قسە لە ڕێگاوبانی چەند سایدی، هێڵی شەمەندەفەر و هەبوونی توانای پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەم ئامرازانە دەکەیین، بە هەمان شێوە هێزی وشکانی یانی هەبوونی ئاگایی و تواناو ئامرازو دەسەڵاتە بە سەر پانتاییە ئاوییەکاندا لە پێناو دابینکردنی ئاسایش و ئاسانی هاتوچۆ، بەم پێیە هێزی وشکانی پێویستی بە کەشتیوانی و هێزی دەریایی و ستراتیژی دەریایی و ئامادەبوون لە تەنگەبەرەکان و توانای ڕووبەڕووبونەوەی هەیە لە کاتی قەیراندا.

سەربارى ئەمانە جۆرێک لە ناچارى لە هێزى دەريايى يان هێزى ئاويدا هەيە، گەر وڵاتێک زۆربەى جوگرافياکەى لە وشکانيدا بێت ئەوا ناتوانێت بانگەشەى ئەوە بکات کە دەيەوێت ببێتە هێزێکى دەريايى، هەروەها بە پێچەوانەوە.

ئەمريکا بە هەموو مانايەک هێزێکى دەرياييە وەک وڵاتێک لە باوەشى دوو زەرياداية، خاوەنى گەورەترين هێزى دەرياوانييە لە دونيادا، ئەمريکا ئامادەيى لە هەموو تەنگەبەرکاندا هەيە، بازرگانى جيهانى و جوڵەى دەريايى جيهانى لە ژێر سايەى ئەودا دەگوزەرێت، چين هێشتاکە زۆرى ماوە هەتا بگاتە ئەم ئاستە، لێرەدا دەکرێت بپرسين ئايا چين دەيەوێت ببێتە هێزێکى هاوشێوەى ئەمريکا؟ لە دۆخێکى وەهادا ئەوا بەريەککەوتن لە گەڵ ئەمريکادا دروست دەبێت، لە هەمانکاتدا بارێکى ئابوورى گران دەبێت لە سەر وڵاتى چين، ئەم دۆخە يەکێکە لەو خاڵانەى کە هەندێک لە بيرمەندان، ئەوانەى هەڵگرى ديدى ئەوەن کە چين دەبێتە ئەندامێکى ئاسايى سيستمى ليبراڵى جيهانى کە چين سودمەندە لەم سيستمەى ئێستا هەيەو نايەوێت دژايەتى بکات.

بوون بە هێزى وشکانى و لە هەمانکاتدا هێزى ئاويى ئاسان نيە، بيرمەندى هاوبيرى نازى کارل شمت لە ساڵى ١٩٤١ ناميلکەيەک بە ناوى هێزى دەريايى و هێزى وشکانى دەنوسێت، کە دەربڕى جيهانبينى هێزێکى وشکانى وەک ئەڵمانيايە بە شێوەيەکى زەق و ڕاديکاڵ.

شمت[12] هێزەکانى دونيا دابەش دەکات بۆ سەر دوو جۆر لە هێز: هێزى وشکانى لە گەڵ هێزى دەريايى، شمت وەها دەبينێت ئەم دوو جۆرە هێزە دژ بە يەکن، بە سەرهەڵدانى ئەم دوو جۆرە لە هێز، شۆرشێکى پانتاييانە هاتوەتە ئاراوەو دەرئەنجامى دەبێت، بە ديدى شمت هێزى وشکانى هێزى سەر بە ئيثۆسى کاتۆليکە، شايانى باسە شمت خۆى وەک هايدگەرو هاوشێوەکانى بيرمەندێکى کاتۆليکى گوندى نەژادپەرستە، لە هەمانکاتدا شۆرشى پيشەسازى زەمينەى زياترى ڕەخساندووە بۆ بەرجەستەبوونى ئەم بەريەککەوتنە، ديارە شمت بەريتانيا بە هێزى دەريايى يان زەريايى دەبينێت و ئەڵمانياش بە هێزى وشکانى، ئەم ديدە فاشييەى شمت ئەمڕۆ لە ڕوسيا برەوى هەيە بە جوداکارى نێوان دوو جەمسەر بە ناوى ئەتلانتييەکان، کە هێزى دەريايين، بە گشتى ناتۆ لە گەڵ ئۆراسياييەکان کە هێزى وشکانين.

---


[12] Carl Schmitt, 1997 Land and Sea, translated and with a foreword by Simona Draghici, Washington DC, Plutarch Press,

چین لە میانەی گەشەیدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست دەبێتەوە کە ناچاری دەکات بە هەوڵدان بۆ هەبوونی ئامادەیی لە هەردوو پانتایی زەریایی و وشکانیدا، ئەم پێکەوە گرێدانە بە ڕوونی لە پرۆژەی یەک پشتێنە یەک ڕێگادا بە ڕوونی دیارە، وەک لە نەخشەکەدا دەردەکەوێت چین بە وشکانی و ئاویدا پەلدەهاوێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وعێراق و کوردستان بە تایبەتی ئەو جێگایانەن کە تیاییدا هەردوو پشتێنەو ڕێگا بەریەک دەکەون، چین کاتێک دەزانێت لە تەنگەبەری مەلاکە ئەگەری هەیە ڕێگریی لێبکرێت یان ئابلۆقەی بخرێتە سەر، ئەوا دەیەوێت لە ڕێگای بەندەری گوادار لە پاکستان و ڕێگای وشکانی ئاسیای ناوەند قەرەبووی ئەو ئابلۆقەیە بکاتەوە، ئەم دۆخە بەرەو ئەو دیدەمان دەبات کە چین دەیەوێت ئابلۆقە نەدرێت یان توانای ئەوە لە ئارادا نەبێت کە ئابلۆقە بدرێت، بە تایبەتی هەتا بێت لە هەردوو ئاستی هاوردەو هەناردەدا پێویستی بە دەرەوەی خۆی هەیە، ئەم دیدە لای ئەمریکییەکان کە دەبنە ڕکەبەری چین وەها دەبینرێت کە بنەمای ئاسایش و سەقامگیریی چینە، ئەم دیدە لە سەر ئەو بڕوایە بونیادنراوە کە پارتی کۆمۆنیستی چینی تەنها بنەمایەکی شەرعی کە هەیبێت ئەوەیە کە ئابوورێکەی گەشاوەیە، ئەگەر ئەم ئابوورییە لاوازبکرێت ئەوا شەرعیەتی نامێنێت و ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی ناوەکی دەبێتەوە، چینیەکانیش خۆیان باش لە ئەمە ئاگادارن، بۆیە چین هەتا بێت پێویستی بە دونیایە، بەڵام نە لە ڕووی دەریایی و نە لە ڕووی وشکانییەوە ئەو توانایەی نیە کە ئاسایشی ئەم دۆخە دابین بکات، لە دۆخێکی وەهادا چین دەیەوێت دەرگاو ڕێگا لە سەر خۆی بکاتەوە، هەروەها دەروازەکانی فرە چەشن بکات تاوەکو نەتوانرێت بە ئاسانی لە ڕێگەی گرتنی تەنگەبەرێکەوە، بۆ نموونە گرتنی هورمز لە ڕووی وزەوە یان مەلاکە لە ڕووی بازرگانییەوە بتوانرێت چین بهێنرێت بە چۆکدا، دیارە مشتومڕی دیکەش بوونیان هەیە لەوبارەوە کە ئایا ئامانجی هەرە سەرەکی چین لە بونیادنانی هێزی دەریاوانی تەنها گەڕاندنەوەی تایوان و فراوانخوازییە لە دەریای باشووری چین و هاوسەنگییە لە گەڵ وڵاتانی تری وەک هیند، ژاپۆن و فلیپین، ئەم ئامانجە ناسیۆنالیستییە یان هەرێمیە وەها دەبینرێت کە پاڵنەرە؟ بەڵام چین بەرژەوەندی جیهانی هەیە، ئەم بەرژەوەندیە جیهانیە تەنها بە ئامادەبوون لە جیهاندا بەرقەرار دەبێت. لەم ڕووەوە چین کۆمەڵێک ستراتیژی دەریاوانی هەیە، لە نێویاندا خاڵی بەهێزی ستراتیژی، مەبەست لەم خاڵانە ئەو جێگایانەیە کە سوپاو هێزی چینی تێدایە بۆ دابینکردنی پشتیوانی و خاڵی مانەوەو چاودێری و ئامادەبوون لە جێگا ستراتیژییەکاندا لە هەرە ناسراوترینیان ئەو جێگایەیە کە لە وڵاتی جیبۆتییە. لە جیبۆتی چین دەسەڵاتی بە سەر وشکانی و ڕێڕەوی گرنگی دەریاییدا دەشکێت، لەم ڕوانگەیەوە چین بەلایەوە گرنگە کە لە بەندەری "فاو"یش ئامادەیی هەبێت.

بەم پێیە چین هەوڵدەدات لە وشکانی و دەریادا بوونی هەبێت، پێگەو بەرژەوەندی و دۆخێکی جیهانی لەمشێوەیە وا پێویست دەکات کە لە هەردوو پانتاییەکەدا بوونی هەبێت و هەوڵی ئەوەبدات کە لە هەمانکاتدا

دەوڵەتێکی دەریایی و وشکانیش بێت، عێراق و کوردستان کە خاڵێکی ستراتیژی بەیەکگەیاندنی ئەم دوو ئاراستەیەن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە فەراهەمبوونی پرۆژەی دەسەڵاتی چینیدا، ئایا بونمان لەم خاڵی یەکتربڕەدا چ دەرفەت و چ مەترسییەکمان بۆ دەهێنێت؟؟

**شەڕی ئەفیون**




هاتنی ئینگلیزەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە زەریاوە، هەموو ئەو تێگەیشتنانەی گۆڕی کە چین هەیبوو لە بارەی ئاسایش و پارێزراوی خۆی لە زەریاوە، شەڕی ئینگلیز لە گەڵ چیندا مێژوویەکی تایبەت و سەرنجراکێشی هەیە کە بە شەڕی ئەفیون ناسراوە.

بە گشتی دوو شەڕی ئەفیون لە مێژوودا هەیە، یەکەمیان لە ساڵی ١٨٣٩ هەتا ساڵی ١٨٤٢ دەخایەنێت، دووەمیان لە ١٨٥٦ وە دەست پێدەکات هەتا ساڵی ١٨٦٠ کە فەڕەنساش لە گەڵ بەریتانیادا بەشداربوو. ئەم

شەڕانە سەرەتای جۆرێکی تایبەتن لە پەیوەندی لە نێوان چین و ڕۆژئاوادا، چین لە هەردوو ئەم شەڕانەدا دۆڕاو و لە ئەنجامدا ناچاربوو کە ڕێککەوتن واژۆ بکات بۆ کردنەوەی چەندین بەندەر بەڕووی بازرگانی دەرەکیدا، هەموو ئەو ڕێگرییانەی کە لە سیستمی کانتۆنەوە سەرچاوەیان گرتبوو هەڵوەشێنرانەوە، ئەفیون بوو بە شمەکێکی بازرگانی پێوەکراو سەرباری ناڕەزایەتی ئیمپراتۆری چینی، ئەمانەو چەندین دیاردەی تر، لە نێویاندا ڕێککەوتنی نانکینگ کە چین سەروەری بە سەر هۆنگکۆنگدا لە دەستدا، ئەمە وەها دەکات کە کاریگەری شەڕی ئەفیون نەک هەتا ساڵی ١٩٩٧ کە هۆنگ کۆنگ دەگەڕێتەوە بۆ چین، بەڵکو هەتا ئەمڕۆ بەردەوام بێت کە هۆنگ کۆنگ لە گەڵ چیندا کێشەی هەیەو هۆنگ کۆنگ دەیەوێت ڕێچکەیەکی تر بگرێتەبەر جیاواز لە چین، بە تایبەتی لە ڕووی ئازادی و زانیاری و ئاسایش و پۆلیسەوە.
لە دیدێکی ترەوە شەڕی ئەفیون بە کورتی شەڕی هاوسەنگی بازرگانییە، مەبەست لە هاوسەنگی بازرگانی ئەوەیە کە بازرگانی لە نێوان وڵاتی چین و بەریتانیادا نا هاوسەنگ بوو، ناهاوسەنگ بە مانای ئەوەی کە چین کاڵای وەک چا، ئاورێشم و فەخفوری بە بەریتانیا دەفرۆشت، بەڵام کاڵای بەریتانی نەدەکڕی، ئەمەش بەریتانیای نیگەران کردبوو، بۆیە بەریتانیا لە هەوڵی ئەوە دابوو کە ئەم ناهاوسەنگییە کۆتایی پێبهێنێت، یەکێک لەو ڕێگایانەی بۆ کۆتایی هێنان بەم نا هاوسەنگیە بازرگانییە سەپاندنی ئەفیون بوو بە سەر چیندا، ئەفیون لە بەنگالی هیند کە لە ژێر دەستی بەریتانییەکاندا بوو بە زۆریی و ئاسانی دەچێنرا، بەڵام چینی ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی کوینگ ئامادەنەبوو ئەفیون بکڕێت، بۆیە بەریتانییەکان ناچاربوون بە زۆرو بە شەڕ ئەفیون بە سەر چیندا بسەپێنن، دیارە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە بەریتانیا پاش لە دەستدانی ئەمریکا ڕووی کردە چین.

دیلیپ باسو هەوڵدەدات لە دیدی تیورەی سیستمی جیهانی ئیمانوئێل ڤاڵەرشتیاینەوە[13] ئەم جەنگە بخوێنێتەوە. بە دیدی ئەو، شەڕی ئەفیون تەنها بازرگانی نەبوو، بەڵکو کۆلۆنیالی و هەوڵێک بوو بۆ ڕێکخستنی دونیا لە سەر بنەمای پلەبەندی کە کرۆک تیایدا باڵادەستە، بەو مانایە بەریتانیا تیایدا باڵادەستەو چین دەبێتە پەراوێز، لە نێوانیشیاندا نیمچە پەراوێز بوونی هەیە. ئەم دیدە وەک رەخنەیەک لە دیدی بازاڕی ئازادو لێزییە فێر، ئەوە دەخاتە ڕوو کە بازرگانی بۆ چین و بەریتانیاو ئەوانیتر یەکسان نەبوو، بۆ نمونە لە کاتێکدا کە ئەفیون لە چین بڵاوەی پێکرا لە هەمانکاتدا خواردنەوەی چا لە بەریتانیاو ئەوروپا پەرەی سەند، ئەدەبیاتی ئەو

[13] Dilip K. Basu 1977 The Opium War and the World Trade System
Ch'ing-shih wen-t'i, Volume 3, Supplement 1, , pp. 47-62

سەردەمە ئەوەمان بە ڕوونی پێدەڵێن کە چۆن حکومەتی بەریتانی نیگەران بووە لە قاچاخچێتی چا، چونکە ویستویەتی تاریفەی لێوە بەدەست بهێنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە هانی قاچاخچێتی ئەفیونی داوە لە چین، دیارە کۆمپانیای گەورەی ئەو سەردەمە کە کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندی بوو، زۆر بە چڕی لەم پرسەدا بەشداربوو.

لە مێژوودا دوو شەڕی ئەفیون هەیە، لە شەڕی دووەمدا بەریتانیا چینی ناچارکرد کە ئەفیون ڕێگە پێبدات و لە ئەنجامدا وڵاتەکەی وێرانکرد، چینیەکان ئەو سەردەمە بە سەردەمی پڕ لە سوکایەتی دەبینن، بەڵام بەریتانییەکان هەوڵدەدەن وەهای لە قەڵەم بدەن کە لە ئەنجامی شەڕی ئەفیون چین بە ڕووی دونیادا کرایەوەو مۆدرێن بوو، بەڵام ئەمە لە ڕووی مێژوییەوە ڕاست نیە، چونکە چین بە هیچ شێوەیەک وڵاتێکی داخراونەبوو.[14]


پاش ئەم جەنگە ئیتر باوەڕی چینیەکان بەوەی کە زەریا دەتوانێت بیانپارێزێت کۆتایی هات، بەڵام هەتا ئەمڕۆش هێزی دەریاوانی چینی لاوازەو چین هەست بە لاوازی دەکات لە بەرامبەر زلهێزێکی دەریایی وەک ئەمریکادا، دیارە کە ئەمریکا میراتگرەوەی بەریتانیایە لە کۆنترۆڵکردنی دەریاو ڕێگرە دەریاوانییەکان لە دونیادا، وەک لە جێگای تردا باسمانکرد.

میتۆدی ئەم کتێبە کە لە سەر ئەو بنەمایە دروستبووە کە دەڵێت: دەبێت لە هەموو ڕەهەندەکانی چین تێبگەین، هەتا بتوانین لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی تێبگەین، ئەوا شەڕی ئەفیون گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری چینیەکان لە دونیادا، ئەم ڕۆژگارە زۆر گوێبیستی شەڕی بازرگانی دەبین لە نێوان چین و ئەمریکای سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا[15]، ئەم شەڕە بازرگانییە بۆ چینیەکان دەستوبرد شەڕی ئەفیون بە بیر دەهێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکیدایە کە حکومەتی ئێستای چین لە هەموو حکومەتەکانی تری ڕابردووی زیاتر ناسیونالسیتەو بایەخ بە مێژوو و تایبەتمەندی و کەسایەتی گەلی چینی دەدات، ئەم جەنگە ڕووداوێکی تێپەڕنیە لە مێژووی چیندا، بە تایبەتی کە شەڕی ئەفیون بنەمای دونیابینی و چەمکی سەدەی زەلیلبونە، ئەم شەڕە زۆرترین کاری لێکۆڵینەوە و مشتومڕی لە سەرە، هەر لە سەدەی نۆزدەوە هەتا ئەمڕۆ، وەبیرهێنانەوەی سەدەی زەلیلبون بانگەشەیە بۆ ئەوەی کە چین نایەوێت جارێکی تر زەلیل بێتەوەو لە هەمانکاتدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوانیتر ئامانجی زەلیلکردنی چینیان هەیە.

---

[14] Lovell, Julia, 2011 The Opium War, Picador

[15] لە کاتی نوسینی ئەم بەشەی سەرەتای کتێبەکەدا هێشتاکە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بوو، وەك دیارە ترەمپ نوێنەرایەتی جۆرێکی تایبەتی لە سیاسەت دەکرد لە بەرامبەر چیندا.




کەواتە چین خاوەن یادەوەری و دەروونێکی بریندارە کە دەرئەنجامی روبەڕووبونەوەیەتی لە گەڵ بەهێزی مۆدێرنەی ڕۆژئاوادا، ئەم برینە بە ئاسانی سارێژنابێت، بە تایبەتی کە لە سەردەمی هەڵکشانی چیندا ڕۆژانە چین ئەم یادەوەریانەی وەبیردەخرێتەوەو لە هەمانکاتدا ئامانجی خۆیەتی کە وەبیری خەڵکەکەی بخاتەوە،

ڕابوردویەکی مەزن، پاشان تێکشکاو بە هۆی دەستی دەرەکی ڕۆژئاواوە، ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پێش هاتنی ڕۆژئاواییەکان -بە بەراوردەوە-، دیدی چینە بۆ خۆی کە دیدێکی هەتا سەر ئێسقان ناسیونالیستییە.
تێگەیشتن لەم جەنگەو چۆنێتی بەرهەمهێنانەوەی لە دونیای ئەمڕۆدا بە مەبەستی ئامانجەکانی ئەمڕۆ بۆ کورد پێویستە کاتێک کە مامەڵە لە گەڵ چیندا دەکات، یان ناچاردەکرێت مامەڵەی لە گەڵدا بکات.
شەڕی ئەفیون یەکێکە لە مادده سەرەکیەکانی دارشتنی ناسیونالیزم لە ناوەوەو گوتاری سیاسی چینی لە دەرەوە، هەتا چین زیاتر بەهێزبێت لە دونیادا زیاتر روبەڕووی ڕکەبەرو ململانێ دەبێتەوە، بۆیە زیاترو زیاتر پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ ئەم رابردووە، لە پێناو یەکخستنی ناوەوەو دواندنی دەرەوە.

**چین و دەریا**

بە گشتی جیوپۆلەتیکی چین بە پێی سایتی ستراتفۆر بۆ شیکاری سێ گرنگی جیوپۆلەتیکی هەیە، ئەوەی کە بە جیوپۆلەتیکاڵ ئیمپەرەتیڤ ناسراوە، ئەوانیش بریتین لە:
یەکەم: بە یەکەوە هێشتنەوەی ناوچەی هان، دووەم: هێشتنەوەی کۆنترۆڵ بە سەر ناوچە ناهانیەکان یان ناوچەکانی دەرەوەی ناوچەی هانییەکان، سێیەم: پاراستنی کەنارەکانی زەریا لە هاتنی بیانییەکان.
ئەگەر دابڕان بە هۆی دەریاو وشکانی زۆرەوە، هەمیشە بژاردەیەکی چینی بووە لە رابردوودا بۆ ئەوەی خۆی لە شەڕو بەڵای ئەوانیتر دوور بخاتەوە، ئەوا لە دونیای ئەمڕۆدا ئەمە چیدی بژاردە نیە، بۆیە تیمای هەرە سەرەکی چین لە دونیای ئەمڕۆدا دروستکردنی دیوار نیە کە ئاماژەیە بۆ داخران و دابڕان، بەڵکو بە یەکەوەنوسان و بەیەکەوە گرێدانە کە خۆی لە پرۆژەی گەورەی یەک ڕێگاو یەک پشتێنەدا دەبینێتەوە.
هەرچەندە چین هەرگیز بەوشێوەیە لە دونیا دابراو نەبووە کە هەوڵدەدرێت وێنای بکرێت، بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا، ئەمەش لە پێناو ڕەواییدان بە جەنگ و کۆلۆنیالیزم، بەڵام ئەمڕۆ چین خۆی پاڵنەری کرانەوەو گەیشتنە بە ئەوانیتر.
دەوڵەتی چینی ئەمڕۆ هیچ مەترسییەکی لە وڵاتانی دراوسێی نیە، بە تایبەتی هیچ تاکە وڵاتێک توانای ململانێی چینی نیە بە ڕوسیاشەوە، بە گشتی جگە لە هیند هیچ کام لە دراوسێکانی چین توانای ئەوەیان نیە کە روبەڕووی چین ببنەوە، بۆیە چین ترسی لە ئەوانیتر کەمە، بەڵام ڕەنگە بە پێچەوانەوە ئەوانیتر ترسیان لە چین هەبێت، ئەمە لە کرۆکی ئەو پرسەدایە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە چین بە ئاشتی هەڵدەکشێت، جێگای ئاماژەپێدانە کە هەڵکشانی ئاشتی وەک جۆرێک لە دژایەتی دەبینرێت لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاودا،

هەمیشە هەڵکشان بە جۆرێک لە جۆرەکان جەنگی لە گەڵدایە ، بەڵام چین دەیەوێت گوتارێکی تر بهێنێتە ئاراوە کە جودایە لە گوتاری ڕۆژئاوا.

لە لایەکی ترەوە لە سەردەمی گەشەی بێوێنەی ئابووری چیندا، گەشەی ئابووری دەبێتە شمشێرێکی دوو دەم، چەندێک دەبێتە مایەی سەقامگیریی، هێندەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە سەقامگیری لە سەری بوەستێت یان لە سەر بونیاد دەنرێت،وئەم پشت پێبەستنە سەقامگیری لاواز دەکات.چونکە هەرکاتێک کە ئابووری تووشی قەیران بێت، ئەوا شەرعیەتی دەسەڵات کە لە سەر بنەمای ئابوری بونیاد نراوە دەکەوێتە مەترسییەوە.

گەشەی ئابووری کاتێک دەست پێ دەکات دەبێت بەردەوامی هەبێت، بەبێ بەردەوامی قەیران بەرهەم دەهێنێت، بۆیە لە کاتێکدا کە گەشەی ئابووری مایەی گەشانەوەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا کاتێک ناگات بە هەمووان و هەروەها بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە سەر هەمواندا دابەش نابێت، ئەوا ئەگەری ئەوەی هەیە کە ببێتە مایەی ناسەقامگیری، ئەمە زۆر بە تایبەتی کاتێک کە گەشەی ئابووری دەبێتە مایەی هاتنە ئارای چینی ناوەند، چینی ناوەند ئەو چینەیە کە هەمیشە هەست بە ناسەقامگیری دەکات و لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی، لە بەر ئەم هۆکارانە لە کاتێکدا لە هان کە کرۆکی چینە، بەڵام گەشەی ئابووری وەهای لێئەکات کە شوناسی ئێتنی بە تەنها بەس نەبێت بۆ سەقامگیری، بەڵکو هەژاری و جیاوازی داهات و کرانەوە بەرامبەر دونیاو بە ئاگابونەوە لە مافەکان و سیستمە سیاسیە جیاوازییەکانیش ببنە بنەمای قەیران و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی دەبێت ئەو راستیە لە بەرچاو بگیرێت کە گەشەی چینی گەشەیەکی یەکسان یان دادپەروەرانە نیە، شارە کەناراوەکان زۆرترین سودمەندی گەشەی چینن و شارەکانی ناوەوە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر سودمەندن، ئەوەی سەقامگیری ڕاگرتووە جۆرێکە لە خەونی چینی کە لە داهاتوودا هەمووان سودمەند دەبن لە گەشەی چینی، دیارە ئەم خەونە چینیە جیاوازە لەو خەونە چینیەی کە وەک دروشمێکی شی ژیا پینگ بانگەشەی بۆ دەکات، هەر ئەم وەرچەرخانەیە کە پاڵنەری چینە بۆ چوونە دەرەوە لە پانتایی جوگرافی خۆی لە پێناو بە دەستهێنانی ئەو ماددە خام و کەرەستە و بازاڕانەدا کە پێویستن بۆ گەشە، چونکە گەشەی ئابووری یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکیەکانی شەرعیەتی دەسەڵاتی چینی.[16]

---

[16] Yun-han Chu 2013 Sources of Regime Legitimacy and the Debate over the Chinese Model, China Review, Vol. 13, No. 1 (Spring), pp. 1-42

بەم پێیە  چاودێری گرووپی هان و ڕازیکردنیان و دوورخستنەوەیان لە قەیران دەبێت ئەولەویەتی یەکەمی وڵات بێت، ئەم گەشەی ئابوورییە ڕاڕاییەکی جیوپۆلەتیکی بەرهەمهێناوە لە کاتێکدا چین بازرگانی دەکات ئەوا جێگاو شارەکانی قەراغ زەریا دەبوژێنەوە، ئەم بوژانەوەیە دەبێتە هۆکاری کرانەوەو دەوڵەمەندبوون، هەروەها کاریگەری زیاتری بیانییەکان لە سەر ئەو ناوچانە، ئەمەش بنەمای ئەو ئالنگارییەیە کە چین هەمیشە روبەڕووی دەبێتەوە چۆن ببوژێتەوە و گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی تیاییدا ڕونەدات، ئەمە کرۆکی مۆدێلی چینیە کە بە سۆشیالیزم بە مۆدێلی چینی یان بە کاراکتەری چینی ناو دەبرێت، socialism with chinese characteristicsسۆشیالیزمێک کە لە هەموو سیستمێکی سەرمایەداری سەرمایەدارترە، وەک دەڵێن کالیفۆرنیا زۆر لە چین سۆشیالیستترە.

دووەم بنەمای هەرە سەرەکی جیوپۆلەتیکی چینی بریتیە لە پاراستنی ئەو پشتێنەیەی کە دەوری زۆرینەی هانی داوە.

لە هەناو ئەم پشتێنەیەدا خەڵکانی غەیرە هان هەن وەک مەنشورییەکان، موسوڵمانەکانی شینژیانگ، مەنگۆلییەکان و تیبتییەکان، چین وەک خاک و خەڵک پێویستی بە پاراستنی ئەم خەڵکانەیە لە ژێر کۆنترۆڵیدا، لە پێناو دروستکردنی بەرگرییەك لە هاتنی مەترسی لە هەناو ئاسیای ناوەندەوە.

مەنگۆلییەکان بە سەرکردایەتی تیمۆژین، کە یانی ئاسنگەر، یان جەنگیزخان، توانییان هێرش بکەنە سەر خەڵکی ژن یان چن کە دەکەوێتە باکووری چین و مەنشوریا، لە ساڵی ١٢١٣ توانییان دیواری چین تێپەڕێنن و لە ماوەی دوو ساڵدا توانییان پایتەختی چنییەکان بگرن کە بە یانژین ناسراوبوو، هەمان شار کە ئەمڕۆ بە پەکین یان بەیژین دەناسرێت.

هەبوونی دیواری چینی سیمبولی بوونی ترس و مەترسییە لە ناو ئاسیاوە بۆ سەر چین، لە هەمانکاتدا دیواری چین وەها لێک دەدرێتەوە کە دەربڕی ئەوەیە کە چین دەیەوێت لە شوێنی خۆی بمێنێتەوەو خۆی لە ئەوانیتری دەرەکی بپارێزێت، ئەگەر دیواری چینی وەک یەکێك لە هەرە سیمبولە دیارەکانی چین بناسین، هەروەها بڕوامان بەو تیزە هەبێت کە کەلتور سیمبولەو زمان ئاماژەیە، ئەوا دیواری چینی یان دیواری مەزن دەکرێت دەربڕی ئەوەبێت کە چینیەکان چی دەخوازن و لە هەمانکاتدا دەربڕی پێچەوانەکەشی بێت، لە کاتێکدا دەربڕی توانا و لێهاتووی ئەندازیاری چینیە، لە هەمانکاتدا دەربڕی شکستی سەربازییە وەک جولیا لۆڤیل لە کتێبی دیواری مەزندا ئاماژەی پێدەکات، لە راستیدا دیواری چین تەنها لە هەشتاکانەوە وەک سیمبولێک برەوی پێدەدرێت، ئەم دیوارە میتافۆری کرانەوەو داخرانە لە سێ هەزار ساڵی مێژووی چیندا، هەروەها سیمبولی مامەڵە کردنە لە گەڵ دەرەکیەکانداو خۆپاراستن لێیان.

هەندێک وەک کیسنجەر  لە کتێبی دەربارەی چین   on Chinaوەهای دەخوێنێتەوە کە چینیەکان دونیای دەرەوەیان ئەوەندە بە  بایەخەوە تەماشا نەکردوە هەتا بە شایستەی ئەوەی بزانن بۆی بڕۆن، بۆیە دیواریان بە دەوری خۆیاندا دروست کردوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا جێگای بایەخە ئەوەیە کە دیواری چین ئاماژەیە بۆ هەبوونی مەترسی لە خەڵکانی ناوەوەی ئاسیا، ئەم مەترسییە لە دونیای ئەمڕۆدا لە چەند ڕویەکەوە جیاوازە، لە کاتێکدا کە هیچ کام لە وڵاتانی ئاسیا توانای ئەوەیان نیە کە چین داگیربکەن، بەڵام خەڵکانی ناو ئەم پشتێنەیە یان کەمینەکانی ناو چین خۆیان جێگای مەترسین بۆ چین، هەریەک لەم کەمینانە بە شوناسی خۆیان بە ئاگابونەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ناوچەکانیان گرنگی زیاتری بۆ چین پەیداکردوە، گرنگی ئەم ناوچانە ئەگەر لە ڕابردوودا وەک  بەربەستێکی جیاکەرەوەدابڕێک یان بە فەرێک Buffer وەهابوو، ئەوا ئەمڕۆ وەک پانتاییەکی وشکانی و هەروەها وەک ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئاسیای و ناوەندو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیاو ئەوروپا، کە لە دەستپێشخەریی یەک پشتێنە یەک ڕێگادا خۆی دەبینێتەوە، چین وەک وڵاتێکی لاواز لە دەریادا، بە تایبەتی لە بەرامبەر ئەمریکادا ناچارە پەنا بباتە بەر وشکانی بۆ هاوسەنگکردنی ئەو لاوازییەو کردنەوەی دەروازەیەکی دوور لە هەژمۆنیەتی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ئەمریکی.

بۆیە هیچ جێگای سەرسوڕمان نیە کە شی ژیاو پینگ، لە یەکێک لە زانکۆکانی وڵاتی کازاخستان بۆ یەکمجار دەستپێشخەری یەک پشتێنە، یەک ڕێگا ڕادەگەیەنێت وەک سیمبولێک لە گرنگی وڵاتانی ئاسیای ناوەند لەم پرۆژەیەدا.

مامەڵەی چین لە گەڵ ئەم خەڵکانەو هەروەها ئەم پانتاییانەدا مایەی سەرنجە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، ئەگەر بێتو چین و ئەمریکا ببنە دوو جەمسەری کێبڕکێی گەورە لە دونیادا، ئەوا سەرنج و ڕوناکی زیاتر دەخرێتە سەر ئەم خەڵکانەو پرسەکانیان لە داهاتوودا.

پرسی سێیەمی جیوپۆلەتیکی چینی پرسی زەریایە.

دەریاو زەریا خەسڵەتی تایبەتیان هەیە، هەمیشە ئەو ڕێگایەن کە ئەوانیتری لێوەدێن، ئەوانیتری مەترسی، یان ئەوانیتری سودمەند، پاش شەڕی ئەفیون و سوکایەتیەکانی ئینگلیز، بیانی لە چین وەها دەبینرا کە مەترسییە، بۆیە وەک دەڵێن زینۆفۆبیا ترس  یان ڕق لە بیانی لای ماو وەک بەشێک لە ئاسایشی نیشتمانی دەبینرا، وەک چۆن مەترسی هێرشکردنە سەر چین لە ناو ئاسیاوە چیدی ئەگەر نیە، بە هەمانشێوە مەترسی هێرشکردنە سەر چین لە زەریاوە ئەگەری زۆر لاوازە، بەڵام دوو مەترسی هەیە: یەکەمیان ئابلۆقە، دووەمیان نیشتەجێبوونی بیانی لە کەنارەکان و دوبارەکردنەوەی مێژوو، بۆیە ماو لە سەر ئەو عەقڵیەتە بوو

که نابێت ڕێگه به بیانی بدرێت بوونی هەبێت لەم جێگایانەدا، ئەو کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی هەژاری داخراوی چینی به باشتر دەزانی له کۆمەڵگایەکی کراوەی پڕ له ناسەقامگیری، بەڵام ئەم دیده دوای ماو دریژەی نەکێشا، له سەردەمی دینگ ژیاو پینگدا، دیدی پێچەوانە برەوی پەیداکرد، ئەو دیدەی که پەرەپێدان یان باشکردنی گوزەران دەبێت ببێته ئەولەویەتی دەولەت، بەو مانایه دەبێت چین بچێته سەر ڕێگای گەشەکردن، ئەمەش به داخران و عەقڵیەتی ئاسایشی و ترس له بیانی نەدەبوو، لێرەوه سەردەمی کرانەوەی چین دەستپێدەکات، قۆناغێک که قسەی زیاتری له سەر دەکەین.

جیوپۆلەتیکی چینی له ئەمڕۆدا ڕەنگه مەترسی هەرەگەورەی له دەریاوەبێت بەهۆی باڵایی هێزی دەریایی ئەمریکا به بەراورد به هێزی دەریایی چینی، ئەم مەترسیه دەرياییه مەترسی هێرشکردن نیه هێندەی مەترسییه له داخستنی تەنگەبەرەکان به تایبەتی تەنگەبەری مەلاکە، چین به تایبەتی له ناوچەی دەریای باشووری چین کێشەی زۆری هەیە، سەرتاپای ئەم ناوچەیه وەک ناوچەیەکی کێشه لەسەر یان جێناکۆک تەماشا دەکرێت، چین و وڵاتانی دراوسێی دەریایی وەک فلیپین، ژاپۆن، ڤێتنام و زۆر وڵاتانی تری دراوسێی، هەموو کێشەی ئەوەیان هەیه که کێ خاوەندارێتی دورگه بچکۆلەکانی ناو دەریای باشووری چین دەکات، ئەمریکا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشێکه لەم ململانێیه، ئەمریکاییەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن که پشتیوانی ئازادی دەریاوانین بەو مانایه کەس مافی ئەوەی نیه که ڕێگری له کەس بکات، بەڵام چین وەهای دەبینێت که ئەو ناوچەیه ناوچەی خۆیەتی و بەشێک نیه له ئاوی نێودەوڵەتی، وەک دەزانین چەندین دەیەیە چین له هەوڵی گەڕانەوەی ئەو جێگایانەدایه که چین وەهای دەبینێت که له چین دابڕاون، وەک تایوان، هۆنگ کۆنگ و جێگاکانی تر، به هەمانشێوه له ئەم ناوچەیه دەڕوانێت ئەم ناوچه جەنجاڵه دەریاییه، دەروازەی هەره سەرەکی چینه بۆ بازاڕی جیهانی، بۆیه چین ترسی ئەوەی هەیه که تەنگەبەرەکەی لێدابخەن و له دونیای دابڕن، هۆکارێکی سەرەکی بایەخدان به ڕێگای وشکانی له پاکستان و ئاسیای ناوەندەوە، به مەبەستی خۆ ڕزگارکردنه له ئابلۆقەی گشتی له کاتی ڕودانی ئەم ئەگەرەدا.

ئەگەر ئەو خەسڵەتانەی سەرەوه باس له ڕێگریی و سەختیەکانی چینی هەناو جوگرافییایەکی تایبەت دەکەن، ئەوا ئەمڕۆ چیدی چین تەنها جێنیشتەی ئەو جوگرافیاییه نیه، بەڵکو چین وەک زلهێزێک ئامادەییەکی جیهانی و گەردوونی هەیه، به تایبەتی له ساڵانی ڕابردوودا له هەوڵی ئەوەدایه که چۆن بگاته ناو بۆشایی ئاسمان به تایبەتی مانگ، له پێناو هێنانی ماددەی خامی دەگمەن به گەشەی تەکنەلۆجیا، بۆیه ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیاره سادەیه بدەینەوە: ئایا چین له کوێدایه، ئەوا چیدی ناتوانین تەنها تەماشای نەخشەی چین بکەین و چین له هەناو جوگرافیای فیزیکی ئەو وڵاتەدا ببینین، ئەمڕۆ چین له پرۆسەیەکی کشان و پێکەوەگرێدانی

تەواو تەواو بەرفراواندایە بە ڕووی دونیادا، لە هەمانکاتدا چین وەک بەرهەمهێن و دەوڵەمەندو هەروەها وەک چینییەکان، مەبەست لە خەڵکی چینە لە زۆر جێگای دونیا بونیان هەیە.
بۆیە دەکرێت بڵێین کە چین وڵاتێکی جیهانیەو ئەمڕۆ بە پێچەوانەی زۆر وڵاتی تری دونیا داکۆکیکەرێکی سەرەکی سیستمی جیهانگەراییە، بۆیە چیدی چین وڵاتە دوور و دابڕاو و داخراوەکە نیە، کە لە خەیاڵی ئایینی و ئەدەبی کلاسیکی ئێمەدا ناسراوبوو.
ئەم گۆڕانەی جوگرافیاو ئامادەبوونی چین، ئێمەی کورد ناچار دەکات مامەڵەی بکەین، کاتێک هاتنی چین دەبێتە واقیع، ئەوا دەبێت لە مامەڵەی چین لە گەڵ کەمینەو پێکهاتەکانی ناو چیندا بە باشی تێبگەین، چونکە ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر جۆری ئاگایی و دونیابینی و پاشان مامەڵەی چین لە گەڵ ئێمەی کورددا لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەبێ جیاوازی، دەکرێت مامەڵەی چین، لە گەڵ خەڵکی غەیرە هانەکاندا بنەمایەک بێت بۆ تێگەیشتن لە مامەڵەی چین لە گەڵ پێکهاتە ئیتنییەکاندا لە جێگاکانی تر، چین لەمبارەوە دیدو مامەڵەکانی بە قازانجی کورد نییە، چین هێشتا دیدێکی ئیمپریالی هەیەو سەرباری گۆڕانی بۆ دەوڵەت نەتەوە، هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو پانتاییە ئیمپریالییانە لە ژێردەستیدا بمێنێتەوە.[17]
ئەم دیدە تەبایە لە گەڵ دیدو ڕەفتاری تورک و فارس بەرامبەر کورد، لە هەمانکاتدا لە گەڵ دیدی سەرکوتکەریی مۆدێلی حکومەتی ناوەندی عێراقیشدا تەبایە، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا لە عێراق پیادە دەکرا، و هەروەها لە سوریاش پیادە دەکرا هەتا لاواز بوونی ئەسەد پاش بەهاری عەرەبی.

**پرسیارەکانی چین**

هەڵکشانی چین وەک دیاردەیەک، کۆمەڵێک پرسیارو واقورمانی لە دونیادا هێناوەتە ئاراوە، کە لە ئاستی فیکری و سیاسی و پۆلەسی و جیوپۆلەتیکدا مشتومڕی زۆری دروستکردووە، لێرەدا تەنها بۆ دروستکردنی ئاگاییەکی بەرفراوان و کێشانی سکێچی وێنا گەورەکە ئاماژەیان پێدەکەین، چونکە بە هیچ جۆرێک بواری ئەوە نابێت کە وەڵامیان بدەینەوە، چونکە هەر پرسیارێک پێویستی بە کتێبێکی تایبەتە بە خۆی.
پرسیار یەکەم: پرسیاری دیموکراسییە، کە ئایا چین لە میانەی کرانەوەی لە بەرامبەر سیستمی سەرمایەداری ڕۆژئاواییدا وەک سیستمی ڕۆژئاوایی بەرەو ئەوە ئەڕوات کە ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی؟

---

[17] MAGNUS FISKESJÖ 2006 RESCUING THE EMPIRE: CHINESE NATION-BUILDING IN THE TWENTIETH CENTURY: European Journal of East Asian Studies , , Vol. 5, No. 1 (2006), pp. 15-44

هەتا ماوەیەک لە مەوپێش وەڵامی ئەم پرسیارە لای زۆرێک لە بیرمەندو چاودێرو ناوەندەکانی ڕۆژئاوا بە ئەرێ بوو، ئەم جۆرە دڵنیاییە لە دیموکراسی بوونی چین چوارچێوەیەکی وەهای دارشتبوو کە ڕۆژئاوا وەها چینی دەبینی کە لە داهاتویەکی نزیکدا وڵاتیکە وەک وڵاتەکانی تری ڕۆژئاوا، دیارە دەبێت دیموکراسی لێرەدا تەنها وەک پرسی دەسەڵاتی خەڵک یان بەشداری خەڵک لە دارشتنی سیستمی سیاسیدا نەبینرێت، بەڵکو وەک سیستەمێکی بەرفراوان مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، دیموکراسی لە دیدی سیستەمی ڕۆژئاواوە، یان شارستانیەتی ڕۆژئاواوە بە مانای ئەوە دێت کە چین وەک ڕۆژئاوای لێدێت، ئەم وەک یەک لێهاتن و هاوشێوە بوونە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە جەنگ و ململانێ بە دوور بگیرێت لە نێوان هەردوولادا، وەک زانراوە کە تیورەیەکی باڵا هەیە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا کە دەڵێت دەوڵەتە دیموکراسییەکان دژی یەکتری ناکەونە شەڕەوە، ڕەچەڵەکی ئەم بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیری فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت، لە هەمانکاتدا دیموکراسی و سەرمایەداربوونی چین بە مانای ئەوە دێت کە چین کراوەیە لە بەردەم ڕۆژئاوادا بۆ بازرگانی و کارو پیشەسازی و سیاسەت و کاری کەلتوری، بەڵام هەتا بێت ئەم دیدە بەرەو کزی دەچێت، بە ئاستێک ئەمڕۆ ئەوانەی کە باوەڕیان وەهایە کە چین بەرەو دیموکراسی ناچێت بەرەو زۆرینە دەڕۆن، بینینی ئەم پرسیارە لە دیدی چینیەکانەوە جیاوازە.

چین دیموکراسی و ئازادی وەک کۆتایی چین دەبینێت، بە تایبەتی لە ڕوانین لە ئەزموونی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بۆیە هەرچەندە ڕۆژئاوا بە تەمایەو چاوەڕوانی بە دیموکراسیبوونی چین دەکات، نوخبەی چینی سورتر دەبن لە خۆ تۆکمەکردن بە ئاراستەی پێچەوانەدا.

ئێستا بە بەردەوامی دیموکراسی بەلای چینیەکانەوە هەوڵدەدرێت وەها وێنابکرێت کە بریتیە لە شکست، پشێویی، بێتوانایی لە ئەنجامدانی کارەکان، هەروەها چینیەکان دەیانەوێت هەڵبژاردن و دەنگدان وەها وێنابکەن کە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە هاوڵاتی باشتر بژی، بۆیە دەنگدان دەبەستنەوە بە پەشیمانییەوە: ڤۆت &ریگرێت. وەک لە زمانی ئینگلیزییدا دەڵێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە یەکێک لە داوا سەرەکیەکانی بزوتنەوەی چواری ئایار دیموکراسی بوو، دیموکراسی وەها دەبینرێت کە هۆکاری سەرکەوتنی ڕۆژئاوایە و چینیش هەمان سیستمی دەوێت، بەڵام ئەمڕۆ نوخبەی مارکسی بە ناسیۆنالیستی بوو، مەترسی هەیە لەم پرۆسەیە، دیارە بێگومان دیموکراسی لە چین ئەگەر پیادە بکرێت ئەوا دەبێتە هۆکاری هاتنە ئارای سیستەمی نەیاریی. لە هەمانکاتدا گەشەی شوناسە ناوەکیەکان، بە جۆرێک کە توانای یەکخستن و ناوەندگەریی و زلهێزی چین دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ترسی چینیەکان ڕەگی مێژوویی هەیە لە کەلتورو مێژوویی خۆیاندا، چینیەکان وەها دەبینن کە ئەگەر حکومەتێکی ناوەندی بەهێز نەبێت ئەوا

وڵات پەرتەوازە دەبێت، لێرەدا ئەزموونی سەرەتاکانی سەدەی بیست لە حوکمی کوێخاکانی جەنگ هێشتا بەشێکە لە یادەوەری ئەو وڵاتە، لە گوتاری ناسیۆنالیزمی چینیدا ئەو سەردەمە وەها وێنادەکرێت کە سەردەمی لاوازی و دەستوەردانی دەرەکی و شەڕی ناوخۆ بووە، لە هەمانکاتدا چین کە پێکهاتووە لە هانەکان و ئەوانیتر، وەها دەبینرێن کە دیموکراسی دەبێتە هۆکاری جودابوونەوەی خەڵکە غەیرە هانەکان [18]. بەمجۆرە دیموکراسی وەک ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆژئاوایی دژ بە چین دەبینرێت، نەک وەک شێوازێکی حوکمڕانی بە بەشداری خەڵك.

پرسیاری دووەم: پرسی شارستانییەتە، ئایا چین بە شارستانی دەبێت یان دەبێت بە هێزێکی بە شارستانیکەر؟ لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە ئەم پرسیارە لە ئارادایە، هەر زوو لە نەوەدەکان شارەزای ئەمریکی دێنی ڕۆی چینی وەها ناساند کە هەژموونێکە لە ئاسۆدا، ئەمە بە مانای ئەوەی کە لە داهاتوودا چین زاڵ دەبێت بە سەر ئاسیای -زەریای هێمندا، تەنانەت ئەگەر پێویست بە بەکارهێنانی هێزیش بکات[19].

لە بەرامبەر ئەمەدا دیدی کەسێکی وەک جۆن ئیکەبیری ٢٠٠٨ تەواو بە پێچەوانەیە، بە دیدی ئەو چین دەکرێت بە شارستانی بێت و ببێتە بەشێک لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا، لە جێگای تری ئەم کتێبەدا لە میانەی قسەکردن لە سەر پەیوەندی چین و ئەمریکا باسمان لە دیدی ئیکیبەری کردوە.

ئەم مشتومڕی شارستانی و بە شارستانی بوونە بەم زوانە تەواو نابێت، شایانی باسە مەبەست لە بە شارستانی بوون و نەبوون دەگەڕێتەوە بۆ دیدە ناسراوەکەی سەمۆئێل هەنتنگتۆن لە کتێبی پێکدادانی شارستانیەکاندا، بەو پێیە ئەگەر چین وەک شارستانیەتێکی جودابێت ئەوا لە پەیوەندییەکی بەریەککەوتندا دەبێت لە گەڵ ڕۆژئاوادا، ئەگەر بکرێتەوە لە بەردەم ڕۆژئاوادا ئەوا دەبن بە یەک شارستانی و ئاشتی بەرقەرار دەبێت، ئاراستەی چین زیاتر بەو ئاراستەیە کە دەیەوێت وەک شارستانیەتێک بمێنێتەوە، ئەگەر تیلەیەکی خێرا لە سەردەمی شی ژیاوپینگ بگرین دەبینین کە چین دەیەوێت بە هێزبێت و هەروەها هەڵگری تێکەڵەیەک بێت لە فەلسەفەی مارکسی-کۆنفۆشیوسی-ناسیۆنالی، ئەم پێکەوە گرێدانەی مارکس و کۆنفۆشیوس دەبێت وەها ببینرێت کە زیاتر جەختکردنەوەیە لە سەر چینیبوونی چینی ئەمڕۆ، بە مانایەکی تر

[18] Waldron, Arthur 1991The Warlord: Twentieth-Century Chinese Understandings of Violence, Militarism, and Imperialism, The American Historical Review, Vol. 96, No. 4 (Oct). &

Jerome Ch`en, 1979 The military-gentry coalition: China under the warlords, Toronto: University of Toronto-York University Joint Centre on Modern East Asia.

[19] Roy, Denny, 1994, Hegemon on the Horizon? China’s Threat to East Asia. International Security, vol19, No.1

نوێکردنەوەی کۆنفۆشیوس لە پێناوی ڕۆژئاوایی نەبووندا ئەمەشە بنەمای ئەوەی کە هەمیشە لە گوتاری چینیدا ووتراوە کە مارکسیزم بە کاراکتەری چینی.

گوتاری شارستانی لە هەمانکاتدا بە مانای تایبەت دێت، تایبەت لێرەدا یانی هەبوونی خەسڵەتی تایبەت بەخۆ جودا لە کەلتور و شارستانیەکانی تر، ئەم تایبەتمەندییە وەها دەکات کە چین نەیەوێت ببێت بە بەشێک لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا، بەڵکو کەڵک وەربگرێت لە پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە پێناو بە هێزکردن و پەرەپێدانی خۆیدا، گوتاری شارستانی لە هەمانکاتدا دژ بە گوتاری جیهانگەرییە، کاتێک دەبینین کە چینیەکان لە چەندین بواردا باس لە کاراکتەری تایبەتی خۆیان دەکەن، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بوونی شارستانیەتێکی تایبەت و هەوڵدان بۆ خۆ بە جودا گرتن، هەرچەندە ئەمە لە لایەن زۆرێک لە ڕەخنەگرانەوە وەک هەوڵێکی بێبنەما دەبینرێت.

پرسیاری سێیەم: پرسی دیموگرافیایە، پرسیاری ئەوەی ئایا چین دەوڵەمەند دەبێت پێش ئەوەی پیر ببێت؟ لە ماوەی ڕابردوودا لە دەرئەنجامی باشی باری تەندروستی و گوزەرانی خەڵك، دانیشتوانی چین بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی دەکرد، ئەمە هەتا کۆتایی حەفتاکان بەردەوامی هەبوو، لە ساڵی ١٩٦٨ ماو تسی تۆنگ کەمپینێکی دەست پێکرد بە ناوی پزیشکی پێپەتی، مەبەست لێی ئەوەبوو کە خەڵک ڕابهێنرێت لە بواری پزیشکیداو بچێت بۆ گوندەکان بۆ ئەوەی تیماری خەڵکە گوندییەکان بکات، مەبەست لە پزیشکی پێپەتی ئەوەبوو کە دوکتۆرەکان تەنها نابێت کاری پزیشکی بکەن، بەڵکو دەبێت لە هەمانکاتدا ئامادەبن کە پێڵاوەکانیان دابکەنن و کاری تری وەک وەرزێریش بکەن.

ئەم باشبوونی دۆخی تەندروستییە وەهایکرد کە باری تەندروستی باش بێت و نەخۆشییە کوشندەکان لە ناوبچن و لە ئەنجامدا ڕێژی مردن کەم بێتەوە، بۆ ڕێگری لەم زیادبوونە، پاش ماو، لە سەردەمی دۆنگ شیاوپینگدا سیاسەتی خێزانی تاک منداڵی هێنرایە ئاراوە، بەپێی ئەم یاسایە هەر خێزانێک تەنها بۆی هەیە یەک منداڵی ببێت، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٤وە ئەم یاسایە گۆڕانکاری تیاداکراوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی واقیعیدا هێندە ڕەنگدانەوەی نیە، بۆیە پرسی ئەوەی کە ئایا چینیەکان پێش ئەوەی دەوڵەمەندبن پیردەبن بە مانای ئەوەی کە ئایا کۆمەڵگای چینی ئەوەندە منداڵی نابێت هەتا بتوانێت جێگرەوەی پیرەکان بێت و هەروەها تەمەن درێژبوونی خەڵک بارگرانی بە سەر سیستمی تەندروستی و ئابوورییەوە دروست دەکات، ئەمە بە تایبەتی کە چین پێویستی بە بوونی دەستی کاری لاو و هەرزانە هەتا بتوانێت کێبرکێی وڵاتانی تر بکات بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی چین بکەنە جێگای بەرهەمهێنان بۆ دونیا، ئەگەر ژمارەی لاوان کەمبێتەوە ئەوا چین توشی هەمان کێشەی ڕۆژئاوا دەبێت، لە چەند دەیەیەکی کەمدا زیاتر لە چوار

سەد ملیۆن کەس لە چین، لە خانەی پیران دەبن، ئەمە ژمارەیەکی ئێجگار گەورەیە بۆ خزمەتکردن و مامەڵەکردن.

کێشەی دیموگرافیا کێشەیەکی گەورەی جیهانی دەبێت لەم سەدەیەدا، ئایا چین وەک ژاپۆنی لێدێت؟ ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، ژاپۆنییەکان بۆ روبەڕووبونەوەی پیربوونی وڵاتەکەیان چەند ڕێگە چارەیەکیان داهێناوە، لەوانە ناردنی کۆمپانیاکانیان بۆ وڵاتانی تر بۆ بەرهەمهێنان، داهێنانی ڕۆبۆت، هەوڵدان بۆ کرانەوە بەرامبەر پەنابەران، بەڵام بۆ وڵاتێکی زۆر ناسیۆنالیستی وەک ژاپۆنی ئەم هەنگاوە ئاسان نیە.

**ئاڵۆزییەکانی چین**

چین لە زۆر ڕووەوە ئاڵۆزەو هەروەها چین خۆی بە ئامانج دەخوازێت کە بە نهێنی و ئاڵۆزی بمێنێتەوە، حکومەتی چینی وەزارەتێکی تایبەتی هەیە بە ناوی وەزارەتی پڕوپاگەندە، کە کاری ئەوەیە کە سەرنج و فشارەکان لە سەر ئەو بوارانە لابدات کە حکومەت دەیەوێت گەشەیان پێبدات، ئامانجی حکومەت لەمە ئەوەیە کە هەست دەکات کە نایەوێت ببێتە جێگای سەرنج و فۆکەسی وڵاتانی تر بە تایبەتی ئەمریکا، بۆ ئەوەی دەرفەتی بۆ برەخسێت هەتا بەبێ ڕێگری زۆر بە ئەمریکادا بگات و ئەو هەموو کارانەی کە دەبێت بیکات ڕێگری لێنەکرێت، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە دیپلۆماتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکیەکان، لێرەدا سود لە سەرنجەکانی دیپلۆمات و بیرمەندی ئەمریکی چارلس هیڵ وەردەگرن، هیڵ کە لە ناوەندی بیری هوڤەرە لە بابەتێکدا کۆمەڵێک واقوڕمان و سەرنجی تۆمارکردووە.

**یەکەم:** پەیوەندی نێوان ماو و کۆنفۆشیوس، وەک لە سەرەوە باسمانکرد پەیوەندییەکی دوژمنانە هەبوو لە نێوان ماویزم و کۆنفۆشیوزمدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕەی کە ڕۆشنبیرانی چین باوەڕیان وەهابوو کە چین دەزگای نیە، بەڵکو کەلتوری هەیە، ئەوەی مایەی دواکەوتویی چینە کەلتورەکەیەتی، بۆیە ڕۆشنبیران بە تایبەتی ڕۆشنبیرانی چواری ئایار زۆر دژ بە کەلتور بوون.[20]

ماو خۆی یەکێکە لە نەوەی ڕۆشنبیرانی چواری ئایار، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نیە کە کەلتور هێندە جێگایەکی بەبایەخی هەیە لە لای و هێندە بە گرنگی دەبینێت کە شۆرش لە دژی بەرپا دەکات.

[20] Frederic Wakeman, Jr.1975 Review: The Use and Abuse of Ideology in the Study of Contemporary China: Ideology and Politics in Contemporary China by Chalmers Johnson; Ideology and Organization in Communist China by H. Franz Schurmann, The China Quarterly, No. 61 Mar.

ئێستا کە چین لە سەردەمی شی ژیاوپینگدا خەریکی پێکەوەگرێدانی ئەم دوو دیدەیە، بە هیچ جۆرێک توانای پێکەوەگرێدانی نیە، ماو تسی تۆنگ لە مۆدرێنخوازە تەقلیدیەکان بوو کە لە دونیای خۆشماندا بونیان زۆرە، ئەوانەی کە داوای دابڕان دەکەن لە گەڵ هەموو تەقلیدێکدا، بەڵام ئێستا چین لە هەوڵی پێکەوەگونجاندایە. ئایا چینی سەردەمی شی ژیاوپینگ جیاوازە؟ هەندێک سەردەمی شی بە کۆتایی سەردەمی ریفۆرم ناودەبەن.

Minzer, Carl, 2015 End of an Era, Oxford University Press

کۆنفۆشیونیزم ساڵانێکی زۆر لە لایەن کۆمیونیستەکانەوە -لە نێویاندا کۆمیونیستە کوردەکانیش- هەروەك ئاین دەبینرا، کۆنفۆشیوس وەها تاوانبار دەکرا کە هۆکارو سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی کۆمەڵگای چینییە، هێنانەوەی کۆنفۆشیوس وەک ئامرازێکی حوکمداری نیشانەی بە هێزبوون و وەرچەرخانی چینە، لە هەمانکاتدا دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە چین لە کاتێکدا کە دەیەوێت لە گەڵ ڕۆژئاوادابێت، لە هەمانکاتدا دەیەوێت جودایی خۆی بپارێزێت.

**دووەم:** پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزم، چارلس هێڵ وەهای دەبینێت کە ئەم دوو سیستمە، کە هەردوو بە ڕەچەڵەک ئەورووپین بە تەواوی دژ بە یەکن، چین بە زیادکردنی کاراکتەری چینی دەیەوێت پێکەوەیان بنوسێنێت، ئەم لوغزو نهێنیە وەهای لە ڕۆژئاواییەکان کردووە کە چاوەڕێی ئەوەبن کە ئەم دوو پارادایمە لە یەک بترازێت، بەڵام ئەم دۆخە بەو جۆرە ڕەش و سپی نیە وەک بیرمەندی ئیتالی دۆمینیکۆ لۆسیردۆ باسی دەکات، بە پێچەوانەی سۆڤیەتەوە، چین ئابووری سەرمایەداری بە پێویست زانی بۆ سۆشیالیزم، بە جۆرێک کە دۆن ژیاوپینگ مارکسیزمی هەڵگەڕانەوە، بەوەی کە جەختی لە سەر سیاسەت کردەوە نەک ئابووری سۆشیالیزم، وتە هەرە بە ناوبانگەکەی کە دەڵێت گرنگ نیە پشیلە سپییە یان ڕەش، گرنگ ئەوەیە کە مشک بگرێت، بەو مانایە گرنگ نیە کە سیستمەکە سۆشیالیزمە یان سەرمایەداری، گرنگ ئەوەیە بە ئەرکەکانی هەستێت، ئەم دیدە لە هەمانکاتدا بە مانای کۆتایی ئایدۆلۆژیاو سەرەتای پراگماتیزم دێت، گرنگ ئەنجامدانی کارەکەیە[21].

لە هەمانکاتدا مۆدێلی چینی دەرخەری ئەوەیە کە کەپیتالیزم دەتوانێت بەبێ کێشەی لە گەڵ سیستمی سیاسی سۆشیالیزمدا بژی، بە تایبەتی کاتێک ناچاری و پراگماتیز دێتە ئاراوە، ئەوەی دۆنگ ژیاوپینگ ووتی دەربارەی ئەوەی کە گرنگ نیە کە پشیلەیەک ڕەش بێت یان سپی، گرنگ ئەوەیە کە چەند دەتوانێت ڕاوبکات، بەو پێیە گرنگ نیە سۆشیالیزمە یان کەپیتالیزم، گرنگ ئەوەیە ئیش بکات و بەرهەمی هەبێت،

[21] Losurdo, Domenico 2017 Has China Turned to Capitalism? Reflection on the Transition from Capitalism to Socialism, International Critical Thought, vol. 2, issue 1

ئەم ووتەیەی دۆنگ پاش شکستی مۆدێلی ماویزم دێت بە تایبەتی کاتێک کە ماو خۆشی بڕوای بە ئایدۆلۆژیاکەی خۆی نەمابوو، وەک لۆرینز لوتی ئاماژەی پێئەدات_ماو تسی تۆنگ پاش شکستی شۆرشی کەلتوری، چیدی بڕوای بە سۆشیالیزم وەک ئایدۆلۆژیا نەمابوو، بەڵکو زیاتر پراگماتیکی بوو[22].

شایانی باسە چەمکی شۆڕشی کەلتوری لە دونیای کوردیدا زۆر بە هەڵە ناسراوە، زۆرینەی خەڵکی وەها لە شۆڕشی کەلتوری دەڕوانن کە شۆڕشێکی کەلتوری بێت بە مانای پڕاو پڕی دەربڕینەکە، بەڵام لە ڕاستیدا دۆخەکە زۆر جیاوازە، شۆڕشی کەلتوری ناونانێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە بۆ پرۆسەیەکی تەواو جودا، بە کورتی ئەوەی پێی دەوترێت شۆڕشی کەلتوری بریتیە لە ناردنی ئەو کەسانەی کە لە شارەکانن و ڕەخنەیان هەبوو لە رژێم بۆ گوندو ناوچە دوورە دەستەکان بۆ دورخستنەوەیان لە مەترسی و کاریگەرێتی، بۆیە دەکرێت بوترێت جۆرێک بوو لە دوورخستنەوەو ئیکسیلکردنی ئەوەی دیدێکی رەخنەیی هەبوو لە ڕژێم، ئەم خراپ تێگەیشتنە لە چین لە کوردستاندا، کۆمەڵێک هۆکاری کوردی و ئایدۆلۆژی و جیهانی هەیە، بە کورتی دونیای کوردی دابڕاو و هەژارە، گا بە گونیدا دەناسێتەوە، دووەم: گوتاری چەپ زاڵ و بریقەدارە، سێیەم: ڕەوتێکی جیهانی هەبوو بۆ خراپ تێگەیشتن لە چین لە میانەی دژە ئیمپریالیزمی جیهانی و جەنگی ڤێتنام و شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سێکسییەکانی ئەوروپا.

سێیەم: دەوڵەت یان ئیمپراتۆرییەت؟ بەڕای چارلس هیڵ پرسیار دەربارەی شوناسی چین، چیەتی چین، پرسیارێکی ڕەوایە، ئایا چین وڵاتە یان ئیمپراتۆرییەتە؟ لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا چین بە چەندین وەرچەرخانی گەورەدا تێپەڕیوە، چین وەک وڵاتانی تری ناوچەکانی نزیک بە کوردستان، تورکیا، ئێران و ڕوسیا لەو جۆرە وڵاتانەیە کە بە وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵدا تێپەڕیوە لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ شکست و کۆلۆنی پاشان بۆ دەوڵەت-نەتەوە، هاوشێوەی تورکیا و وڵاتانی تر، بە هاتنی دەوڵەت -نەتەوە، یادەوەری و شوناسی ئیمپراتۆرییەت نەک هەر نەسڕایەوە، بەڵکو جارێکی تر لە چوارچێوەیەکی تردا بەرهەم دێتەوە، ئەم دۆخە تێکەڵەیەک دروست دەکات لە نێوان مەزنێتی و بچوکێتی، لە نێوان ڕابردوویەکی مەزن و ئێستایەکی قەیراناویی و داهاتویەکی خەیاڵکراو، پرۆسەی گواستنەوە لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەت-نەتەوە، یانی لە خۆگرتن و هەوڵی توانەوەی هەموو ئەوانەی کە لە هەناو سنووری ئیمپراتۆریەتدا بوون و ئێستا

---

[22] Luthi, Lorenz 2008 The Sino-Soviet Split: Cold War in the Communist World, Princeton University Press

بەشێکن لە سنووری دەوڵەت-نەتەوە، ئەمە بنەمای سیاسەتی ئێتنی چینە، کە سیاسەتێکی توندو دڵڕەق و پڕ لە توندوتیژییە، یان سەن و ئەوانیتر لێکۆڵینەوەی زۆریان لەم بوارەدا ئەنجامداوە.[23]

Sun, Yan, 2020, From Empire to nation state: Ethnic Politics in China, Cambridge, University

**شەڕی ناوخۆی چینی**

لە فیلمی ١٩١١ی جاکی شاندا سەرەتا دیمەنێک دەبینین کە ئافرەتێک بەرەو مەرگی خۆی دەڕوات و شیعر دەڵێت، شیعرەکانی هاوشێوەی ئەو هەموو دروشم و دێرە حەماسیانەیە کە لە زۆر جێگاکانی تری ڕووداني شۆرشدا دەیبینین، وتەکانی ئافرەتە گەنجەکە باوەش بۆ شەهیدبوونی دەکاتەوە، تا ئەوپەڕی یوتوپین خەونن بۆ نەمانی برسێتی، هەژاری و هاتنی دونیایەکی گەش بۆ مناڵان، ١٩١١ کە ناوی فیلمەکەیە ئاماژەیە بۆ ئەو ساڵەی کە شۆڕش بەرامبەر ئیمپراتۆریەتی چینی دەکرێت و خەونی چینێکی ئەورپایی لە دایک دەبێت، چینێک کە پەرلەمانی هەبێت، هەروەها پێکەوەبوونی نەتەوەیی، بەڵام لە بری ئەمانە وێرانەو برسێتی و داگیرکردن دێت، کۆمەڵە جەنگێک کە پاش تەواو بوونیشی قەتماغەی زۆر بە جێدەهێڵێن وەک دایانە لاری و ستیڤن مەکینن لە کتێبی قەتماغەکانی جەنگدا ئاماژەی پێدەکەن.

شەڕی ناوخۆ لەو جۆرە شەڕانەیە کە لە کاتی ڕودانیدا زۆر بە سەختی بەڕێوەدەچێت و لە هەمانکاتدا بە ئاسانی کۆتایی نایەت، بەڵام لە سەرووی هەموویەوە پاش کۆتایی هاتنی بە شێوازی تر بەردەوام دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە تێگەیشتن لە شەڕی ناوخۆی چینی گرنگە، نەک وەک ڕووداوێکی مێژوویی، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە یادەوەریی و ترس و وێنای چینیەکان بۆ خۆیان.

هەروەها بۆ ئێمە لەم کتێبەدا جەنگی ناوخۆی چینی لە چەند ئاستێکدا گرنگە، یەکەم: چۆن ئەم جەنگە کاریگەری لە سەر وێنای چین بۆ خۆی داناوە، دووەم: چۆن ئەم جەنگە بووە بە بەشێک لە ڕەفتارو نەرەتیڤی چین لە ناوەوەو لە دەرەوە، سێیەم: ئایا شەڕی ناوخۆی چین چۆن کاریگەری دەبێت لە سەر مامەڵەی چین لە گەڵ عێراق و کوردستاندا؟ کاتێک ئێمە لەم پرسیارانە ڕادەمێنین، لەو ڕوانگەیە دەیبینی کە شەڕی ناوخۆی چینی شەڕێک نیە کە کۆتایی هاتبێت، بە تایبەتی لە ئاستی یادەوەریی و دیدی سیاسی و ترس و ترۆماو

---

[23] Lary, Diana, MacKinnon 2001 Scars of War: the Impact of Warfare on Modern China. UBC Press

هەروەها هەڵوێستی چین بەرامبەر ئەوانی تر، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە شەڕی ناوخۆی چینی ڕاستەخۆ پەیوەستە بە چیەتی چینەوە، ئایا چین سۆشیالیزمە یان هێشتا خەونەکانی سەرەتای سەدەی بیست بۆ بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، سیستمێکی پەرلەمانی و دیموکراسی هێشتا لە ئارادایە، لەم ڕوانگەیەوە شەڕی ناوخۆی چینی هێشتا زیندووە، بە تایبەتی لە ڕووداوەکانی تیانئانمین هۆنگ کۆنگ لەم دواییانەدا.

شەڕی ناوخۆی چینی لە پاش دارمانی ئیمپراتۆری چینی لە ساڵی ١٩١١دا دەست پێدەکات، سێ کەسایەتی زۆر کاریگەربوون لە لە قاڵبدانی چیندا، سەن یات -سین، سەرۆکایەتی شۆرشی کۆمارییەکانی دەکرد، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبوو کە دیموکراسی بهێنێت بۆ چین، لە ساڵی ١٩٢٥ کۆچیی دوایی کرد، لە ساڵی ١٩٢٦ جەنەراڵ چیانگ کای -شێک لە ڕێگای ناسیۆنالیزمەوە دەیویست چین یەکبخات، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شەڕێکی ناوخۆدا کە لە ساڵی ١٩٢٧ەوە دەستی پێکرد ناسیونالیستەکان دۆڕان و سۆشیالیستەکان سەرکەوتوو بوون، بەم پێیە لە سەرەتا هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیست؛ سێ شەپۆلی سیاسی لە چیندا بونیان هەبوو، دیموکراتخوازەکان، ناسیونالیستەکان، لە گەڵ سۆشیالیستەکان.

سەرباری جیاوازییان ئەم سێ پیاوە، ئامانجێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش ڕزگارکردنی چین لە پەرتەوازەیی و لاوازی و ژێردەستەیی، بۆیە دەکرێت هەرسێکیان لە قاڵبی ناسیۆنالیستیدا ببینین، دەبینین وەک زۆر وڵاتانی جیهانی سێ، چین بە دەست هەمان کێشەکانەوە ناڵاندویانە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ بە دەستیەوە دەناڵێنن، کەوتنی رژێمی کۆن، هاتنی ئاگایی مۆدرێن بە شێوازی جیاوازو کێبڕکێ بۆ زاڵبوون یان زاڵکردنی ئایدیایەک یان ئایدۆلۆژیایەک، هەروەها وڵاتانی جیهانی سێ، کوردیش لە نێویاندا، هەمیشە لە نێوان ناسیونالیزم و سۆشیالیزمدا جۆلانێ دەکەن، هەندێک تەنها یەکێکیان وەردەگرن هەندێکی تر هەوڵی تێکەڵکردنیان دەدات، ئەمەش بە هۆکاری بوونی دوو کێشەی گەورە کە خۆیان لە هەژاری و دواکەوتن لە گەڵ پرسی سەربەخۆیی و وەدەرنانی هێزی دەرەکیدا دەبینێتەوە.

لە کاتی شەڕی ناوخۆی چینیدا، ژاپۆنیش هێرشی کردە سەر چین، دەڵێن گوایە ناسیۆنالیستەکان سەرقاڵی شەڕی ژاپۆنیەکان بوون، لە کاتێکدا سۆشیالیستەکان خەریکی خۆ سەپاندن بوون، بۆیە لە ئەنجامدا ماوییەکان سەرکەوتن.

شەڕی ناوخۆی چینی پێمان دەڵێت کە چینیەکان لە پشێوی و لە نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی دەترسن، ڕەنگە ئەمە میراتی مێژوویەکی درێژی ئیمپراتۆری بێت، لە هەمانکاتدا پێمان دەڵێت کە پرسی هەژاری و پێشکەوتن و یەکخستنی وڵات لە پرسە ستراتیژیەکانی وڵاتن، ئەدەبیاتی کۆنی چینی لە کۆنفۆشیوسەوە هەتا داوی و ئەوانیتر زۆر جەخت لە سەر بوونی یەک خۆر لە ئاسماندا دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا بۆ بوونی یەک

سەروەر، تاقانە بوونی سەروەر، گەرچی ڕەنگە ئەمە دیاردەیەکی گەردوونی بێت، بەڵام ئەدەبیاتی چینی زۆر بە چڕی جەختی لە سەر دەکاتەوە، چونکە هەر کە لە شەڕەکەدا لایەک سەرکەوتوو و براوە بوو، ئەوا دەرکردن و یاساغکردنی لایەنەکەی تر چاوەڕوانکراوە، ئەمەش پرسی دیموکراسی و جیاوازی و خەسڵەتەکانی تری سیستمی ڕۆژئاوایی پەراوێز دەخات، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ناوی نابات، بەڵکو وەک دێوەزمەیەک هەتا ئەمڕۆش ڕاودووی چین و پارتی کۆمۆنیست دەنێت.

هەموو ئەمانە بنەمای ئەوە دادەڕێژن کە بتوانین تێگەیشتنی بەرفراوانمان هەبێت بۆ چین لە ڕووی مێژووی و جیوپۆلەتیکیەوە.

شەڕی ناوخۆی چینی لە زۆر ڕووەوە تەواو نەبووە، دەکرێت بۆ ئەم دیاردەیە دوو ئاست دیاری بکەین، **یەکەم:** لە ناوخۆی چیندا کێشە لە گەڵ کەمینە غەیرە هانەکاندا هەیە، لە هەمانکاتدا لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی لە ڕووی شەڕی ناوخۆوە کێشەی تایوان و هۆنگ کۆنگ و تیبت و کەمێک ماکاو، هەموو ئەمانە هەمیشە بەشێکن لە سیاسەتی فەرمی چینی و هەروەها سیاسەتی دەرەوەی چین، چین لە پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی تردا زۆرجار جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێت ئەو وڵاتە دان بە تایواندا بنێت، نابێت باسی پرسی تورکە ئیگۆرەکان بکات، دەبێت پرسی یەکێتی چین لە بەرچاو بگرێت، ئەم مەرجانە کاتێک دەبنە کێشە ئەگەر هاتوو وڵاتێک پەیوەندی هەبوو لە گەڵ چینداو لەم مەرجانە لایدا، کەواتە شەڕی ناوخۆی چینی ئەو کاریگەرییەی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی چینی کە وڵاتان ناچار بە لایەنگری و هەڵبژاردن دەکات. ئەم مەرجانە جۆرێکە لە سەپاندن نەک خواستێکی ئازاد، بەڵام جگە لە ئاستە ڕاستەوخۆکەی، ئەم جۆرە مامەڵەیەی چین بە ناڕاستەوخۆیی زۆر کاریگەری هەیە لە سەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چین کاتێک بە توندی دژ بە هەموو ئەو وڵات و لایەنانە دەوەستێتەوە کە باس لە پرسەکانی ناوخۆی چین دەکەن، هەوڵدەدات کە لە ئاستی دونیادا سیستمی جیهانی بە هەمان شێوەبێت، بەو مانایە سیستمی جیهانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەما وێستفیلیایەی کە بە توندی دژ بە دەستوەردانی دەرەکیەو ماف بە سەروەری وڵاتان دەدات کە بە ئارەزووی خۆیان مامەڵە لە گەڵ خەڵکەکانیاندا بکەن، ئەم پرنسیپە زۆر بە زیانی خەڵکانی وەک کورد دەشکێتەوە لە دونیادا، سەروەری وڵات نابێت لە سەرووی مافی ژیان و ئازادی خەڵکەکانەوە بێت، سەروەر دەبێت شەرعی بێت، شەرعی ئەو هێزەیە کە خەڵک قبوڵیەتی، سەروەری ناشەرعی مافی ئەوەی نیە لە ژێر ڕێساکانی سەروەربووندا مافی ژیان و مەرگ بۆخۆی قۆرغ بکات.

لە هەمانکاتدا جەنگی ناوخۆی چینی بە لایەنی نادیموکراسیدا شکاوەتەوە، چین ئێستا لە هەوڵێکی چڕدایە بۆ ناشیرینکردن و بە شکست پێشاندانی نەزمی دیموکراسی گەلانی تر، نەبوونی دیموکراسی بە مانای بوونی

دەسەڵاتێکی سەنتەری توندی دەسەڵاتخواز، ئەم جۆرە ڕوانینەی دەسەڵات لە وڵاتانی وەک عێراق، ئێران، سوریاو تورکیا، دیسانەوە بە زیانی کورد دەشکێتەوە، چین وەک لەو هەوڵە سەرەتاتکێکەیدا لە سەر پرسی کوردانی ڕۆژئاڤاو تورکیا بینیمان ئامادەیە کە پرسی ئیتنی بەکاربەرێت، بەڵام ئەم بەکاربردنەی چین ئەو کاتە بوو کە تورکیا هەوڵی ئەوەی دەدا کە پشتیوانی بزوتنەوەی تورکمانە ئیگۆرەکان بکات، چینیش خەریک بوو لە پرسی کورد نزیک دەبوەوە، وەک جۆرێک لە فشار لە سەر تورکیا، بەڵام کاتێک تورکیا لە بەر پرسی دارایی و ترسی چین لە پشتیوانی کورد هەڵوێستی گۆڕی، خێرا چینیش پاشەکشەی کرد، ئەم هەنگاوانە دەریدەخات پرسی مافی کەلتوری و مافی سیاسی و مافی شوناس و مافی کەمینە، لە لای چین نەک هەر بایەخی نیە، بەڵکو چین بە هۆی شەڕی ناوخۆی خۆیەوە وەک مەترسیەک دەیبینێت، بۆیە لە ئاستی دونیاشدا دژایەتی دەکات.

لە ڕووی مێژووییەوە پاڵپشت نەکردنی چین لە بڕیاری دژە فڕین لە نەوەدەکاندا لە هەمان دونیابینینەوە سەرچاوە دەگرێت.

### وڵاتێکی جیهانی سێ، وڵاتێکی گەشەکردوو

چین لە رابردوویەکی نزیکدا وڵاتێکی هەژار بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو بە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بە وەرچەرخانێکی موعجیزەییدا تێپەڕی، ئێستا چین وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام خاوەن گوتارێکی تایبەتە، لە ئەدەبیاتی گەشەدا دوو چەمک زاڵن: گەشەکەرو گەشەکردوو، ئەو وڵاتانەی گەشەیانکردووە بە گشتی وڵاتانی ڕۆژئاوان، لە گەڵ وڵاتانی وەک ژاپۆن و سینگاپورو چەند جێگایەکی تردا، لە ڕاستیدا گوتاری گەشەکردوو لە بەرامبەر گەشەکەردا، لە هەناویدا گوتارێکی تری ڕۆژئاوایی خۆی پەنهان داوە، کە گوتاری ڕۆشنگەری و پێشکەوتنە، بەهۆی بوونی ڕەگی کۆلۆنیالی و هایرارکی لە گوتارەکەدا، چین کۆمەڵێک هەستیاریی بەرامبەر گوتارەکە هەیە، لە راستیدا چین وڵاتێکە هێشتاکە برێکی زۆری دانیشتوانی وڵاتەکە لە هەژاریدا دەژین و بەشێکی زۆری وڵاتەکە گەشەی نەکردووە، بەڵام گوتاری گەشەکردوو و گەشەکەر هێندە پێویستی بەو واقیعەوە نیە، بەڵام کۆمەڵێک بنەمای تری ئاڵۆزی لە پشتیەوەیە. چین بە گشتی نایەوێت بچێتە ریزی وڵاتانی تری ڕۆژئاواوەو هەمیشە دەیەوێت خۆی جودا بکاتەوە، چونکە هێشتا نەیتوانیوە ئەو ڕابردووە لە یاد بکات کە لە سەر دەستی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی بەریتانی توشی هاتووە، وەک شەڕی ئەفیون، یان لە ڕاستیدا نایەوێت ئەم یادەوەرییە لە یاد بکات، چونکە وەک بنەمایەک بۆ گوتاری ناسیونالیزم بەکاری دەبات لە سەردەمی کاڵبوونەوە یان نەمانی ڕەونەقی سۆشیالیزمدا،

هۆکارێکی تری پشت ئەم هەڵوێستە ئەوەیە کە چین دەیەوێت وەها ببینرێت کە وڵاتێکە جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی بەهێزی و پێشکەوتنی خۆی، چونکە گوتاری چینی وەهایە کە چین لە سفرەوە گەشەی نەکردووە، بەڵکو پێش هاتنی ڕۆژئاواییەکان وڵاتێکی پێشکەوتوبووە و ئەمڕۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشینەی خۆی، گەشتکەرە ئەوروپییەکان هەتا سەدەی هەژدە هەموو سەرسوڕمانیان بە چین و شارستانیەتەکەی دەربڕیووە، لە کتێبی دەربارەی چیندا هێنری کیسنجەر بە باشی باسی ئەم دۆخە ئەکات.

لە گەڵ ئەمانەدا چین هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە وەها دەربخات کە هەڵگری شوێن پێی هێزە ڕۆژئاواییەکان نیە، چین بە هەمان ئەو قۆناغ و مامەڵەو خود وێناکردن و هەڵسوکەوتەدا ناچێت کە هێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا پیایدا ڕۆشتن، ئەم خۆ جوداکردنەوەیە بەشێکە لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی چین بە تایبەتی بۆ وڵاتانی دەوروبەری، کە ئەو نابێتە وڵاتێکی ئیمپریالی و تەماحی خاک و سامان و وڵاتی کەسی تری نیە، وەک دەبینین هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکی ئەو لە پرۆژەی یەک ڕێگا، یەک پشتێنە بەیەکەوەگرێدانە نەک ئیمپریالیزم، هەموو ئەمانە بۆ ئەوە دەکات هەتا لە لایەن هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە بە ئیمپریالیزم تاوانبار نەکرێت، وەک لە هەندێک ناوەندا دەیبینی چین بە ئیمپراتوریەتی زەرد ناوزەد دەکەن، لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بە خەڵکی چینی و ئاسیایی دەڵێن خەڵکی زەرد.

بەڵام ئامانجی هەرە سەرەکی چین لە جەختکردنەوەی لە ناونانی خۆی بە وڵاتێکی گەشەکەر نەک گەشەکردوو ئەوەیە کە پەیامی ئەوە بۆ ڕۆژئاوا بنێریت کە پێویست ناکات وەک مەترسییەک تەماشا بکرێت، بینینی چین وەک مەترسییەک یەکێکە لە هەرە چەمکە زاڵەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا بەرامبەر چین، ڕۆژئاواییەکان لە خۆیان و مێژوو و فەلسەفەیان دەڕوانن و لە سەر ئەو بنەمایانە وەها لە چین دەڕوانن کە لە ئەنجامدا دەبێتە مەترسی بۆ ڕۆژئاوا، دیارە چەمکی مەترسی کۆمەڵێک ماناى هەیە، ئایا دەبێتە مەترسی لە سەر چی؟ بە گشتی وەڵامی ئەم پرسیارە وەها دەدرێتەوە کە چین دەبێتە مایەی مەترسی لە سەر هەژمونیەتی ئەمریکا لە دونیادا، بەڵام بۆ ئەمە کۆمەڵێک دیدی تیۆری جیاواز هەیە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دێینەوە سەری.

خۆ بینینی چین وەک وڵاتێکی گەشەکەر، بەشێکە لە هەوڵی چین بۆ بونیادنانی شوناسێکی لەوجۆرە، ئەم شوناسە لە پەیوەندیدا لە گەڵ کورددا چەند پێودانگێکی هەیە:

**یەکەم:** چینییەکان بە پێچەوانەی ڕۆژئاواییەکانەوە خۆیان بەرابەرو باڵاو بەهێزو پێشکەوتووتر نابینن لە بەرامبەر کورددا، ئەمە بنەمایەکی تا ئاستێک یەکسان دادەڕێژێت کە مامەڵەی دیپلۆماسی ئاسان دەکات بە

تایبەتی لە ئاستی گوتاردا، ئەم مامەڵە پلە بەندییەی ڕۆژئاوا هەمیشە مایەی قەیرانێکی گەورە بووە بۆ کورد، کورد وەک مرۆڤ و خاوەن ماف و خاوەن پرس نابینرێت، بەڵکو وەها دەبینرێت کە چۆن پرسەکەیان بەکار بهێنرێت یان سەرکوت بکرێت لە پێناو پرسی تایبەت بە ڕۆژئاوا، ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە چینیەکان وەها ناکەن، بەڵام جۆری مامەڵە لە گەڵ چینیەکاندا جیاوازە، لە ئاستی دیپلۆماسیدا هەرگیز وەهات لێناکەن کە دەبێت بە هەمان زمان و چەمک و دیدو پرنسیپ و ئاگایی ئەوانیترەوە قسە بکەیت.

**دووەم:** چین لە گەڵ پرسی کورد دا کێشەی هەیە، بەڵام لە ئاستی کەلتوری و مێژوویی و شوناسەوە کێشەی نیە، ئەمە بە پێچەوانەی ڕۆژئاواوە، ڕۆژئاواییەکان ئەگەر تەماشی هەموو ئەدەبیاتی کوردناسی بکەیت، لە پێناو ئەوەدایە کە ئایا کورد کێن و چ سود یان مەترسییەکیان هەیە بۆ ڕۆژئاوا؟ چینییەکان لە هەندێ پرسی سیاسیدا کێشەیان لە گەڵ کورد دا دەبێت، ئەمە پەیوەست نیە بە مرۆڤ نەزانینی کورد، بەڵکو لە تایبەتمەندی سیاسی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**سێیەم:** بە کەمینە بوونی کورد لە ناوچەکەدا سنورێک بۆ پەیوەندی چین بە کوردەوە دادەڕێژێت، ئەمە لە دوو ئاستدا ڕاستە، یەکەم: لە ئاستی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە کوردەوە، دووەم: لە ئاستی پەیوەندی بە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانەوە، چین لە ڕوانگەی دیدی سەروەریی وێستفیلیاییەوە هەمیشە حەزی لە پایتەختەکانە.

**سکێچێک بۆ ماو**

کوڕی سێیەمی خێزانێکی جوتیار، بەڵام هەژار نا لە ناوچەی هونان خاوەن ناوێکی لێکدراو، تسی لە گەڵ تونگدا، تسی بە مانای درەوشاوە دێت، تونگیش بە مانای ڕۆژهەڵات، پێکەوە بە مانای درەوشاوە لە ڕۆژهەڵات دێت، بەخشینی ناو تەنها بۆ ناونان و ناسینەوە نەبووە لە کەلتوری جوتیاریی چینیدا، بەڵکو بۆ بەخشینی هیواو ئامانجێک بووە، بە تایبەتی بۆ دەرچوون لە دۆخی سەختی جوتیاری، یونگ چانگ و جۆ هالیدای بایوگرافییەکی قەڵەویان بۆ ماو نوسیوە، بایوگرافیایەکی ڕەخنەییانە، کە تیایدا بە ووردی باسی ئەم ناونانە دەکەن.[24]

ماو کەسێکی ئاسایی نیە، بۆیە ئاسایی نیە کە ئاساییانە قسەی لە سەر بکەیت، بۆ ئەوەی لە ماو تێبگەین، بە تایبەتی بە مەبەستی ئەم کارەی ئێمە، خۆمان لە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقییانە دەپارێزین، هێندە ناپرسین ئایا ماو

[24] Chang, Jung & Halliday Jon 2007 Mao, Unknown Story, Vintage

باش بوو یان خراپ، چونکە ئەوەی گرنگە بۆ کارەکەی ئێمە ئەوەیە ماو چیکردوەو چۆن چینی گۆڕی و لە ئەمڕۆدا بۆ چین چی دەگەیەنێت؟؟؟

وەک لە ناونیشانی ئەم بەشەشدا دیارە، ئەم بەشە تەنها کێشانی سکێچێکە بۆ ماو، سکێچ بە مانای ئەوەی کێشانی وێنای کەسێک تەنها لە ڕێگای چەند هێڵێکی کەمەوە، ئاساییە چەندین ماو هەبێت، کوڕە جوتیارێکی گوندی کەم خوێندەواری خۆ ڕۆشنبیرکەر مەیلەو توندڕەوی چالاک، کە دێتە شارو پەیوەندییەکی رق و خۆشەویستی لە گەڵ خەڵکی شار بە تایبەتی ڕۆشنبیراندا دروست دەکات، ئەمە کاتێک قاڵب دەگرێت کە ماو لە کتێبخانەی گشتی پەکین کار دەکات، لەوێ بەرخوردی لە گەڵ چینی ڕۆشنبیراندا دەبێت و وەک خەڵکێکی دوورە پەرێزی لوتبەرزی سارد دەیانناسێنێت.

ئاساییە ماوێک هەبێت لە ئاگاییداو ماوێک لە مێژوودا و ماوێک لە بیرو سیاسەتدا، ماو بە چەندین ڕووداوی گەورەدا دەناسرێتەوە، ڕووداوی گەورەی وەک ڕێڕۆشتنی گەورە، بەڵام ماوێکیش هەبێت کە کوڕی جوتیارێکە کێشەی هەیە لە گەڵ باوکیداو لە ڕێگای خۆ ڕۆشنبیرکردن وڕێگای شۆرشگێرانەوە دەگاتە باڵاترین دەسەڵات، ماو لە سەردەمێکی پڕ لە پشێویدا دێتە دونیاوە، چین هەژارو پەرتەوازەو داگیر کراوبوو، چین بە زۆری لە لایەن کوێخاکانی شەڕەوە بەڕێوە دەبرا، ماو بڕوای بە دەسەڵات و هێز هەبوو، بەبێ هێز ناتوانرێت هیچ بکرێت، دەسەڵات لە بەرمیلی باروتەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە یەکێکە لە وتە هەرە بەناوبانگەکانی.

لە تەمووزی ساڵی ١٩٢١ ماو لە گەڵ دوانزە کەسی تردا، پارتی کۆمۆنیستی چین دادەمەزرێنن. لە کۆتاییەکانی ١٩٢٧ دەچێتە ناوچە سەخت و شاخاوییەکانی ژینگانگ لەوێ زۆر ڕادیکاڵانە کار دەکات، بە جۆرێک کە پارتی کۆمەنیست لێی قەڵس دەبن و ماوەیەک دووری دەخەنەوە، ماو لەوێ دەبێتە خاوەن هێزو چەکداری خۆی، دەیەوێت لە ڕێگای توندوتیژییەوە خۆی بسەپێنێت، بگات بە هەر کوێخایەک دەیکوژێت. ئەم وەرچەرخانەی ماو دەکرێت بۆ ڕەگە لادێیەکەی بگەڕێندرێتەوە، لە کاتێکدا کە مارکسیزمی چینی وەک زۆر مارکسیزمی جێگاکانی تری دونیا جوڵانەوەو بزوتنەوەیەکی شاری بووە، ماو وەهای بە باش دەزانی کە بچێتە گوندو لادێکان و لەوێ هێز بونیادبنێت و هێرش بکاتە سەر شارەکان، لە مانگی یانزەی ساڵی ١٩٣١ کۆماری سۆڤیەتی چینی لە ژیانشی رادەگەیەنێت، کاتێک لە لایەن حکومەتی ناسیونالیستی ناوەندییەوە کە لە لایەن زۆر وڵاتی گەورەی جیهانەوە پشتگیری دەکرێت دەکەونە بەر هێرش و فشاری گەورە ناچاردەبن ئەوێ بەجێبهێڵن، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٤ بۆ ماوەی ٣٧٠ ڕۆژ دەکەوێتە ڕێ، ئەمە بە هاوکاری کوێخاکانی شەڕ دەبێت لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا کوێخاکانی شەڕ دۆستی کۆمیونیستەکان نەبوون، بەڵام زیاتر ترسیان لە ناسیونالیستەکان بوو کە کۆتایی بە دەسەڵاتی ناوچەیی و بەرژەوەندیەکانیان بهێنێت،

بۆیە چاو لە جوڵەی ماو دەنوقێنن، بە هۆی سەختی کەش و هەوای چین و دۆخی سەختتری کۆمەڵایەتی، ماو لە میانەی ڕێکردنەکەیدا حەفتاو هەشت هەزار کەس لە دەست ئەدات، هەتا دەگەنە شاری یانان لە ڕۆژهەڵاتی باکور، لەوێوە بە یارمەتی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیا، پارتی کۆمەنیستی چینی بە سەرۆکایەتی ماو پێگەو بنکەو ناوچەی خۆی دادەڕێژێت و سەرەتاکانی فەلسەفەی ماوی کە پاشتر دەبێت بە ماویزم دادەڕێژرێت. بە هاتنی ستالین و جەنگی ژاپۆنی ڕوسی، ڕوسەکان زەوییەکانی ژێر کۆنترۆڵیان لە چین هەموو ڕادەستی ماوکرد، چیانگ کای -شیک، سەرۆکی بەرەی ناسیونالیستەکان زیاتر لە ئەمریکاییەکان نزیک بووەوە، لێرەوە چیرۆکی چینی دەبێتە چیرۆکێکی ستانداردی جەنگی سارد، ماو و هاوەڵەکانی کە دێنە پەکین شارێکی وێرانی پڕ لە پیس و پۆخڵی و هەژاری و توندوتیژی و گەندەڵی دەبینن. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٠دا پەکین لە ژێر دەسەڵاتی کۆمیونیستەکاندا دەگۆڕێت بۆ شارێکی پاکی ڕێکخراوی پڕ خزمەتگوزاری[25].

سەردەمی حوکمی ماو هەتا کۆتایی حەفتاکان دەخایەنێت، لەم ماوەیەدا ماو لە ناوەوەو ماو لە دەرەوە دوو کەسایەتی جودا دروست دەکەن، ماو لە ناوەوە دەبێتە ئەو کەسەی کە بیردەکاتەوەو بیرەکانی لە ڕێگای حیزب و حوکمەتەوە پیادە دەکرێت، لە دەرەوە دەبێتە سیمبول بۆ خەڵکانی ڕادیکاڵی ڕۆژئاوایی و هەروەها بزوتنەوە جیاوازەکانی ڕزگاریخوازی لە جیهانی سێیەمدا، لێرەوەیە دەگاتە ناوچەی کوردستانیش.

**هەڵسەنگاندنی ماو لە چوارچێوەی چینیدا**

ماو تیس تۆنگ لە ڕووی فیکرییەوە منداڵی ئەو جوڵانەوەو بزوتنەوە بەناو بانگەیە کە لە چین بە بزوتنەوەی چواری ئایار ناسراوە، چواری ئایار ئەو ڕۆژەیە کە خوێندکارێکی زۆر، کە ژمارەیان دەگاتە ٣٠ هەزار کەس، دەچنە بەردەم حکومەتی چینی بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە ڕێککەوتنی ڤێرسای لە ساڵی ١٩١٩ کە دەسەڵاتی دەرەکی بە سەر چیندا دەسەپێنێت، بزافی ئەم خوێندکارو قوتابیانە، وەک ڕەنا میتەر لە کتێبەکەی بەناوی چینی مۆدرێن ئاماژەی بۆ دەکات ساتەوەختی وەرچەرخانە لە کۆمەڵێک ئاستدا، یەکەم: داواکردنی

[25] Gescher, Jeanne-Marie 2017 Becoming China: the Story Behind the State, Bloomsbury

نیزام و سیستمە ڕۆژئاواییەکان، وەک دیموکراسی و زانست، دووەم: داواکردنی کۆتایی بە کۆنفۆشیزم وەک کەلتوری باڵاو کرانەوە بەرەو ڕووی کەلتوری مۆدێرندا، سێیەم: لە دایک بوونی ناسیونالیزمی چینی.[26]

ماو لە ژێر کاریگەری ئەم جوڵانەوەیەدا گەورە دەبێت، وەک زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی دونیای سێ پەیوەندییەکی ئاڵۆزی دەبێت لە گەڵ ڕۆژئاواو کەلەپوری خۆیدا، هەرچەندە ماو وەک ئێدگارد سنۆ دەڵێت: یەکێک بووە لە خوێنەرە قوڵەکانی بیرو فەلسەفەی چینی، ئەم دابڕانەی ماو بەشێکە لەو پەتایە کە هەموو ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا تووشی دەبن، خەسڵەتەکانی ئەم پەتایە ئەوەیە کە ڕادیکاڵیزم و باوەشکرانەوەو یوتوپیاییە، ماو هەموو ئەم خەسڵەتانەی تیادابوو.

ماو، کاتێک ئاوڕ لە مێژووی سەدەی بیستی چین دەدەیتەوەو لە هەموو پەرتەوازەیی و شەڕو داگیرکراوەیی و هەژاری و نەدارییانە دەنوارێت، وەها دەبینرێت کە کەسێکە چینی لە ڕووی سیاسییەوە یەکخستبێت، سەقامگیری کردبێت، لە ئەنجامدا خۆی بوو بە خواوەندی نوێی چینی، دەکرێت بوترێت ئەگەر کۆنفۆشیوس دوو هەزار ساڵ باڵادەست بوو بە سەر کەلتورو دونیا بینی چینییدا، ماو تەنها کەسێکە دوای ئەوە دێت، بۆیە ماو وەک بنەما داڕێژەری چینی نوێ دەبینرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ماویزم خاوەنی چەندین هەڵەو تراژیدیاو کوشتو کوشتارە لە مێژووی نوێی چینیدا، ڕەنگە چوار چێوەیەک کە بتوانین ئەمەی تیادا ببینین و هەڵیسەنگێنین ئەوەبێت کە دیاردەی ماو دیاردەی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە کە کەسێک تیاییدا دەبێتە ناوەندو خەون و بیرو ئاگایی و دیدەکانی ئەو کەسە دەبنە پلان و بەرنامە بۆ سەرتاپای کۆمەڵگا. ئەم جۆرە سیستمی دەسەڵاتداریە وەها دەکات کە نەتوانرێت هەموو لایەنەکانی پلان و چۆنێتی پیادەکردن و شکستەکانی هەڵبسەنگێندرێت، بە تایبەتی کاتێک کە پلان و کەسایەتی سەرکردە دەبنە جمکێکی لێکجودا نەکراوە.

لە ئاستی گەشەی فیکریدا ماو هەتا بە تەمەندا دەچێت لە ئایدۆلۆژیاو ڕادیکاڵیزمەکەی دوور دەکەوێتەوە، لە پاش شسکتی شۆرشی کەلتوری چیدی بڕوای بە ئایدۆلۆژیاکەی نامێنێت و کۆمەڵگای چینیش بڕوای پێی نامێنێت، شایانی باسە شۆرشی کەلتوری پەرچەکردارێک بوو لە بەرامبەر هەوڵێک کە بە جوڵانەوەی "لێگەڕێ با سەد بیرۆکە بپشکوێ"دا هاتە ئاراوە، ماو لە پەنجاکاندا کاتێک کە هەستی بە بوونی ڕەخنە کرد، ڕێگەی دا کە خەڵک ڕەخنەکانیان دەرببڕن، ڕەنگە لەو تێگەیشتنەوە بوبێت کە ڕەخنەکان هەموو بە دڵی ئەو دەبن، بەڵام کاتێک کە ڕەخنەکان بە دڵی ئەو نین بڕیار دەدات کە سێ سەت هەزار ڕۆشنبیر لە وڵاتدا بگیرێن بنێردرێن بۆ گوندەکان، هەتا ڕۆشنبیر بکرێن لە کامپەکانی شۆرشی کەلتوریدا، لە بەرامبەر ئەمەدا ماو

[26] Rana Mitter 2008 Modern China: A Very Short Introduction, Oxford University

پەرچەکردارییانەو زیاتر ڕادیکاڵانە هەوڵی سەپاندنی ئایدیاکانی دەدات، کە بە بازدانی بەرەو پێشەوەی مەزن ناسراوە.

هەموو ئەمانە زیاتر شکست دەهێنن، بۆیە کاتێک کە ماو لە ١٩٧٦دەمرێت و دینگ ژیاو پینگ جێگەی دەگرێتەوە، زەمینەی ئەوە سازاوە کە بەرووی ڕۆئاوادا بکرێنەوە، ئەمە بە تایبەتی کە چەند ساڵێک پێشتر ئیدارەی نیکسۆن لە ڕێگای کیسنجەرەوە کەناڵی پەیوەندی لە گەڵ چیندا دەکاتەوە بۆ دوورخستنەوەی لە سۆڤیەت.

**ئایا چین دەبێتە زلهێزی سەدەی بیست و یەک؟**

ئەم پرسیارە یەکێکە لە هەرە پرسیارە باو و ئاڵۆزەکانی ناوەندە سیاسی و فیکریی و ئابووری و جیوپۆلەتیکیەکانی ئەمڕۆی دونیا، لە هەر جێگایەکی دونیادا ئەم پرسیارە بە جۆری جیاواز وەڵام دەدرێتەوە، ئەویش لە پەیوەست بە جۆری پەیوەندی و پێگەی ئەو وڵاتە بە چینەوە، بە زلهێزبوونی چین وەک مەترسی دەبینرێت لە واشنتۆن و هەتا ئاستێک لە هەندێک جێگای تر وەک ئەوروپاو ژاپۆن، بەڵام لە جێگای تر ئەگەری بە زلهێزبوونی چین جیاواز دەبینرێت، وەک ڕوسیا، ئێران، ئەفریقاو پاکستان. بەم پێیە وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە عەقڵیەتی دەسەڵات و پێگەو پەیوەندی ئەو وڵاتە کە پرسیارەکەی تیادا دەکرێت لە گەڵ چیندا، بۆیە دەکرێت بپرسین ئەگەر لە کوردستانەوە بپرسین ئایا چین دەبێتە وڵاتێکی زلهێز، چ وەڵامێکمان دەست دەکەوێت، ڕوونە کە لە هەناوی پرسیارەکەدا ئەو ترسە هەیە کە ئایا زلهێزبوونی چین چ کاریگەرییەکی لە سەر ئەو وڵاتە هەیە، ئەگەر کاریگەرییەکەی باش بێت ئەوا وەڵامی پرسیارەکە بە ئەرێیە، ئەگەر خراپ بێت ئەوا بە نەرێیە، ئێمە هەوڵدەدەین خۆمان لەو دۆخە بپارێزین و زیاتر زانستی و بێلایەنانە وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوەو پاشان لە ژێر ڕۆشنایی زانیاری وەڵامی پرسیارەکاندا دۆخی کوردی هەڵبسەنگێنین.

چاودێرانی چین بە گشتی لە وەڵامدانەوەی پرسی ئەوەی کە ئایا چین دەبێتە زلهێزی سەدەی بیست و یەک، بە سەر چەند قوتابخانەیەکدا دابەشبوون.

**قوتابخانەی یەکەم:** چین نابێتە زلهێزی سەدەی بیست و یەک، وەک نمونەیەک بۆ دیدی ئەم قوتابخانەیە جیوپۆلەتیکناسەکانی قوتابخانەی ستراتفۆرد وەردەگرین بە تایبەتی جۆرج فریدمان لە کتێبی:[27]

لە کتێبی سەد ساڵی داهاتوو جۆرج فریدمان چاپتەرێکی تەرخان کردووە بۆ چین، بە دیدی ئەو چین لە ڕووی جیوپۆلەتیک و ئابووری و سیاسییەوە لە پێگەی ئەوەدا نیە کە بتوانێت ببێتە زلهێزێکی جیهانی، فریدمان چین وەک دورگەیەک دەبینێت، دورگەیەک کە بە ئاو دەورە نەدراوە، بەڵکو بە دراوسێی کێشەدارو سروشتی سەخت وەک بیابان و چیاو وشکانی سەخت، بە دیدی فریدمان چین نابێت بە زلهێزی جیهانی، چونکە لەسەر سیستمی ئێستای جیهان دەژی و لاوازی زۆرە، هەتا بتوانێت کێبڕکێ بکات لە گەڵ هێزەکانی تردا، چین ئەگەر وڵاتانی تر کاڵاکانی نەکڕن ئەوا تووشی قەیرانی ئابووری دەبێت، ئەگەر ئابلۆقەی نەوتی بخرێتە سەر ئەوا ناچارە شەڕ بکات، بە شەڕکردن توانای گەشەی دەوەستێت و لاواز دەبێت، هەروەها سیستمی سیاسی لە ناوەوە شەرعیەتی نیە، بەڵام سەرباری ئەمە چین دەبێتە زلهێز، بەڵام ئایا دەبێتە زلهێزێکی جیهانی وەک ئەمریکا یان دەبێتە زلهێزێک بە قورسایی جیهانی، بەڵام زیاتر خاوەن هەژمۆنیەت لە دەوروبەری خۆیدا هەندێک لە لێکۆڵەرەوانی چین دەگەڕێنەوە بۆ مێژوو بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری چین کاتێک دەبێتە زلهێزێکی جیهانی، لەم ڕوانگەیەوە بە هۆی دەوڵەمەندی و درێژی مێژوویی چینەوە دیدی جیاواز بوونی هەیە.

چینی ئەمڕۆ بەردەوام داکۆکی لەوە دەکات کە مەبەستی ئەوەی نیە بەهاکانی بە دونیادا بڵاوبکاتەوە، هەروەها دەستوەردان بکات لە کاروباری ناوخۆی وڵاتاندا، بەڵکو دەیەوێت پەیوەندییەکی سەروەرییانە بوونی هەبێت، بەڵام مێژووی چین وەهامان پێناڵێت، لە وتارێکیدا لە گۆڤاری ئەتلانتیک مایکڵ شومان لە روانگەی مێژووەوە داکۆکی لەو ئارگومێنتە دەکات کە چین ناتوانێت یان نایەوێت لە پەیوەندییەکدا بێت کە تیاییدا باڵادەست نەبێت، ئەمە بۆ دیدی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی شارستانییەتەکەیان و لای چینییەکان پێگەی شارستانی ئەوان لە سەرووی هەرەمەکەوەیە .

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی چین ئەوەیە کە دیموکراسی نیە، یان نایەوێت دیموکراسی بێت، لەم روانگەیەوە توانای نوێبوونەوەی نیەو لە بەرامبەر قەیرانەکاندا لاواز دەبێت، بەڵام چین لە هەمانکاتدا خاوەن کەلتوری

---

[27] Friedman, George. 2009 The next 100 years : a forecast for the 21st century, Doubleday

دەوڵەمەندی کۆنفۆشیوسییە، ئەم دونیابینییە لە سەر بنەمای نیزام و ڕێکخستن بونیادنراوە، بەڕای مایکڵ[28] لە سەدەی سێ بۆ دووی پێش زاین دەکرا چین وەک ئەوروپای لێبێت، لە بری ئەوەی ببێت بە یەک وڵاتی ناوەندی، دەکرا ببێت بە چەند وڵاتێکی لەیەکەوە نزیک، چونکە بە هەمانشێوەی ئەوروپا چین لە کۆمەڵێک وڵاتی خاوەن زمانی جیاواز پێکهاتبوو، بەڵام هەبوونی کەلتوری هاوبەشی کۆنفۆشیوسی بنەمای یەکخستن بوو، بەڵام خواستی هەژمۆنیەت بە پلان نییە، واقیع و ڕووداو و کێبڕکێکان دروستی دەکەن یان ڕێگریی لێدەکەن، لە ساڵی ١٩٦٧ وڵاتی ئیسرائیل کەوتە ژێر فشاری زۆرەوە، هەروەها لە وەڵامدا سەرکەشییەکی زۆری کرد، جۆری سەرکەوتنی لەو ململانێیەدا سەرەتای بە هەژموونی بوونی بوو لە ناوچەکەدا، ئەگەر ئیسرائیل شکستی بهێنایە ئەوا ڕەنگە هەژموون بوونی ئیسرائیل یان روینەدایە یان زۆر دوا بکەوتایە، بۆ کورد ڕیفراندۆم سەرکێشییەک بوو کە سەرکەوتوو نەبوو و باجەکەشی دا، چینیش لە میانەی هاتنە دەرەوەی بۆ دونیا تووشی رکەبەری و ناچاربوون بە سەرکەشی و قەیران دەبێت، بۆیە ئەستەمە لە ئێستاوە بزانرێت کە ئایا چین دەبێتە زلهێزی جیهانی و چۆن مامەڵە دەکات، لە ئیستادا چین ئەو نیازەی نیە، چونکە هەژموونیەت باجی خۆی هەیەو زۆر لە سەر ئابووری وڵات دەکەوێت، کرۆکی پرۆژەی چینیش ئابوورییە نەک سیاسی و فیکریی، هەرچەندە وڵاتانی زۆر هەن لە دونیادا عەشقی دیکتاتۆریەتی چینین.

لە ئاستی روانگەی تیوری و فیکرییەوە رەنگە ئاماژەدان بە دوو بیرمەندی گەورە ئەمریکی یارمەتیدەر بێت، یەکەمیان جۆن مێرشمایەر و ئەویتریان جۆن ئیکینبێرییە، مێرشمایەر بە کەسێکی ڕیالیست ناسراوە، ئیکینبێری داکۆکی لە ئاشتی لیبرال دەکات، لەمبارەوە هەردوولا کۆمەڵێک کتێب و توێژینەوەی زۆریان هەیە، بە ڕای مێرشمایەر ئەگەر لە دونیادا دوو زلهێز هەبن، ئەوا جگە لە ململانێ هیچ ڕێگایەکی تر نیە بۆ پەیوەندییان، کاتێکیش کێبڕکێ دەکەن ئەوا دەکەونە ململانێی هێزەوە، کە دەێتە سەر چین ئەو بڕوای وەهایە کە چین بۆ ئەوەی داکۆکی لە پێگەی خۆی بکات، ناچارە هەوڵبدات کە هەژموونی هەبێت بە سەر ناوچەکەی خۆیدا، نە ئەمریکاو نە وڵاتانی دەوروبەری چین ئەمە هەژموونییە قبوڵ ناکەن، بۆیە هەڵکشانی چین بە ئاشتی نابێت.

---

28 Schuman Micheal 2020 Super power Interrupted: the Chinese History of the Wolrd, Public Affiar

بە دیدی مێرشمایەر[29] ئاشتی لیبرال وەک سیستمێکی جیهانی کاتێک دەتوانرێت برەوی پێبدرێت کە جیهان تاک جەمسەری بێت، ئەو دەڵێت بانگەشە بۆ سیستمی لیبرالی جیهانی کاتێک برەوی پەیداکرد کە جەنگی سارد کۆتایی هات، ئەمە ڕێککەوت نیە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەمریکا بوو بە تاک جەمسەرو سەردەمی هاوسەنگی هێزو ململانێ نەما، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی هاوسەنگی هێزو ململانێ، چیدی سەردەمی ئاشتی لیبرال باوی نامێنێت، چونکە لە بری بڵاوکردنەوەی بەها دیموکراسی و ئەمریکییەکان، ئەمریکا دەبێت کێبڕکێ بکات، ئەو کاتە سروشتی ڕژێمەکان گرنگ نیە، بەڵکو لایەنگرییەکەیان گرنگە.

لە بەرامبەر دیدی وروژێنەری مێرشمایەردا دیدی جۆنێکی تر هەیە، کە جۆن ئیکینبێرییە، دیدی جۆن دیدی لیبرال دیموکراسی و مۆدێرنەیە، دوا کتێبی جۆن بە ناوی دونیا ئامادەیە، یان گونجاوە بۆ دیموکراسی، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە گەڵ ئەو دیدەدایە کە سیستمی لیبرال دیموکراسی بۆ دونیا گونجاوە، جۆن بڕوای وەهایە کە ئەگەری هەیە دوای پێنج سەد ساڵ لە باڵایی دەسەڵاتی جیهانی بگوێزرێتەوە بۆ چین، بەڵام لە هەمانکاتدا بڕوای وەهایە کە زلهێزبوون لە دونیای ئەمڕۆدا پێویستی بە هەندێک خەسڵەتە، یەکەم خەسڵەت کراوەییە، لە دیدارێکیدا لە چاتەم هاوس باس لەم دۆخە دەکات، بە دیدی ئەو وڵاتان ئەگەر بیانەوێت زلهێزبن پێویستیان بە کراوەییە لە ڕووی بازرگانی، وەبەرهێنان و تەکنەلۆجیاوە، ئەمە بە تایبەتی لە کرۆکی ئەو هێزانەدایە کە لە دەرەوەی ڕۆژئاوا لە هەڵکشاندان، سەرباری کرانەوەی زلهێزەکان، ئەندامبوون و پاراستنی دەزگا نێودەوڵەتییەکان گرنگە بۆ زلهێزە هەڵکشاوەکان، ئەم دەزگایانە مافی یاسایی بە زلهێزەکان دەبەخشێت، هەروەها مافی پاراستن. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نیە کە چین لە هەمووان زیاتر پارێزەری سیستمی نێودەوڵەتی و دەزگا نێودەوڵەتییەکانە، هەروەها لە هەمان ڕووەوە جێگای سەرسوڕمان نیە کە گروپێک لە ئەمریکا دژ بە دەزگا نێودەوڵەتییەکانن، هەر لە جۆن بۆڵتنەوە هەتا ترەمپ، بەم پێیە چین بە دیدی ئیکینبەری لە هەمووان زیاتر پارێزەری ئەم سیستمە نێودەوڵەتییە دەبێت، نەک لە بەر ئەوەی دەرفەتی پێداوە کە گەشە بکات، بەڵکو لە بەر ئەوەی کە دەرفەتی پێدەدات کە پارێزراو و سودمەندبێت لە دونیا،

---

[29] John J Mearsheimer2006 China's Unpeaceful Rise *Current History;* Apr; 105, 690 ،

دونیایەکی داخراو بە سودی چین نیە، دونیایەکی کراوەش دونیایەکی لیبرال دەبێت، ئیکینبێری دونیا وەها دەبینێت کە هێزە کۆنەکان و هێزە هەڵکشاوەکان خاوەن هەمان تەنگو چەڵەمەو کێشە دەبن، کێشەی دارایی، ژینگە، جۆری ژیان، ئەو دەڵێت: لە کاتی سەردانیدا بۆ بەرازیل ئۆباما لە دیلما دەپرسێت ئەجینداتی چیە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ژێرخان، وزەی پاک، خوێندن، زانست و تەکنەلۆجیا، ئۆباما لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوە ئەجیندای منیشە، ئیکینبێری ئەمە وەها لێکدەداتەوە کە نەیارێتی ئایدۆلۆجی لە نێوان هێزە کۆنەکان و هێزە نوێکاندا نیە، لە هەمانکاتدا لە میانەی بەراوردی نێوان چین و بەرازیل وەهای دەبینێت کە بەرازیل هەمان نیگەرانی لە چین هەیە کە ئەمریکاش هەیەتی، بۆ نموونە ئەوەی پێی دەوترێت دیئیندیستریالیزەیشن، یانی نەمانی کەرتی پیشەسازی لە وڵاتانی دەرەوەی چین و ڕۆشتنیان بۆ چین، کە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ترەمپ، بۆیە بەرەیەکی دژایەتی لە نێوان هێزی نوێ و هێزی کۆندا لە ئارادانیە، بەڵکو هێزە نوێ هەڵکشاوەکانیش لە نێو خۆیاندا لە کێبڕکێدان[30].

ئەمڕۆ دونیا لە نێوان ئەم دوو دیدە گەورەدا ململانێیەتی، ئایا چین دەبێتە ئەندامێکی سیستمی ئێستای دونیا یان چین دەیەوێت ئەم سیستمە بگۆڕێت، ئیکینبێری دەڵێت: خەسڵەتی ئەم سیستمەی کە هەیە ئەوەیە کە ئاسانە پەیوەندی پێوەبکەیت، بەڵام ئەستەمە سەراوژێری بکەیت، بەڵام هەردوو دیدە تیۆرییەکە گونجاوی و ڕاستی زۆریان تیادایەو دۆخەکەش لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان وەستاوە.

**یەک پشتێنە، یەک ڕێگا**

چین پاش دەوڵەمەندبوون و بەهێزبوونی دەیەوێت بە وشکانی و بە ئاودا بە دونیادا بکشێت، ئەمە چیرۆکی یەک پشتێنە و یەک ڕێگایە، لێکۆڵەرو و سیاسەتمەداری پێشووی پورتوگالی برونۆ مەچیس بە ڕۆمانێکی ئاڵۆزی کلاسیکی دەچوێنێت، لەم ڕۆمانەدا هەموو دیسیپلینەکان، ژانرەکان، هەموو زانستەکان، هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤەکانی تێ ئاخنراوە، لەم ڕۆمانەدا شوێن هەیە بۆ ئابووری، بۆ سینەما، بۆ مێژوو و فەلسەفە هەروەها بۆ سیاسەتی باڵاو تاوانکاریی، لەم کتێبەدا بەشێکی بچووک تەرخان دەبێت بۆ کەشتیوانی و بەشێکی بچوکی تری بۆ پیشەسازی پۆڵا، بەشێکی تری بۆ ئابووری دیجیتاڵ، هەروەها بەشێکی تریشی

[30] John Ikenberry 2014 The Rise of China and the Future of Liberal World Order, The C Douglas Dillon Lecture, Chatham House.

بۆ کانەکان و رستن و چنین، چالاکیەکان لە شوێن و جوگرافیا جیاوازەکاندا بەڕێوەدەچن لە ئەفریقاوە تا کازاغستان، لە زەریایی هیندیەوە تا دەلتای میکۆنگ، لە بەلقانەوە تا مەنگۆلیا.[31].

بۆ برونۆ یەک پشتێن-یەک ڕێگا، ناوی ئەو نیزامە یان ئۆردەرە نوێیەیە کە چین نیازیەتی و دەرئەنجامی گەشەو بە هێزبوونی چینە، لای ئەو وەک چۆن ڕۆژئاوا وێست، ناوی نیزامی ئەمریکی ئەوروپییە، ڕێگای ئاورێشمینیش ناوی ئەم نیزامە جیهانیەی نوێیەیە.

گەشەی چین لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا بێگومان کاریگەری دەبێت لە سەر دونیا، لە هەموو ڕویەکەوە، بۆیە کاتی خۆیەتی بپرسین کە ئایا چین چ جۆرە زلهێزێک دەبێت؟

وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت یەک پشتێنەو یەک ڕێگا، بە سەر هەردوو بەشی ئاوی و وشکانیدا دابەش بووە. وەک پێشتر رونمانکردوە، چین وەک دورگەیەک وەهایە، کێشەی لە گەڵ سنووری ئاویی و سنووری وشکانیشدا هەیە، ئەم کێشانە گۆڕانکاریان بە سەرداهاتووە، بەڵام کۆتاییان پێ نەهاتووە، لە رووی مێژووییەوە چین وەها دەبینرێت کە لە هەردوو بوارەکەدا لاوازبێت، وەک شەڕی ئەفیون پێمان دەڵێت کە چین بەهۆی لاوازی لە زەریادا نەیتوانی ڕێگا بە هێزی کەشتیوانی بەریتانیا بگرێت و لە ئەنجامدا تووشی زەلیلی کرا، لە مێژوویەکی کۆنتردا هێرشی مەغۆلەکان و حوکمکردنی ئەوان چینی گۆڕی، بەڵام چینی ئەمڕۆ لە ڕێگای ئەم پرۆژەیەوە دەیەوێت بە شێوازی خۆی، خۆی بە دونیاوە ببەستێتەوە، لە هەردوو ئاستی وشکانی و ئاویدا ئەم پرۆژەیە چەند گۆڕانکارییەکی گەورە دروست دەکات، بە کورتی لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین.

لە رووی ئاوییەوە چین دەیەوێت لە زۆر جێگای ئاسیاو ئەفریقا بەندەرو جێگای بازرگانی و شوێنی مۆڵگەی سەربازی هەبێت، لە هەرەناسراوترین ئەم جێگایانە بریتین لە بەندەرێک لە سریلانکا، بەندەری گوادار لە پاکستان، بەندەرێکی گەورە لە جیبۆتی، هەروەها بوونی چەند جێگایەکی تر بە تایبەتی لە ئەفریقای ڕۆژهەڵات، هەریەک لەم ناوەندانە ڕۆڵی جیوپۆلەتیکی تایبەتی خۆی هەیە کە ئێمە ناتوانین لێرەدا بە ووردی باسیان بکەین، بەڵام ئەوەی روونە کە چین دەیەوێت لە سەر نەخشەی جیهان لە شوێنە ستراتیژییەکاندا ئامادەیی هەبێت، بۆ نموونە بوونی چین لە بەندەری گواداری پاکستانی مەبەستی ئەوەیە کە لە رێگای ئەو بەندەرەوە نەوت و گازی کەنداو بگەیەندرێتە چین، لە رێگای ئاورێشمینی تێپەڕیو بە پاکستاندا، بە پێی ئەو پلانانە کە هەیە لە داهاتوودا ئەم بەندەرە دەبێتە شارێکی چینی، بەوەی کە چین نزیکەی نیوملیۆن کەسی بۆ دەهێنێت تا تیایدا بژین.

---

[31] Bruno Maçães, 2019 Belt and Road: *A Chinese World Order, Hurst*

ئامانجی سەرەکی ئەمە ئەوەیە کە چین دەستی بگات بە وزەی ناوچەی کەنداو و هەروەها نەوت و گاز بگەیەنێتە چین بەبێ ئەوەی ناچاربێت کە بە دەریادا بیبات، کە سەرتاپای ڕێگاکە لە ژێر هەژموونیەتی هێزی دەریایی ئەمریکادایە، وەک دەزانرێت کە ئەمریکا تاکە هێزە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە ئامادەیی لە هەموو ناوەندە ئاوییەکانی دونیادا هەیە، هەروەها لەم ڕێگایەوە چین کاڵاکانی بە خێراترو سەلامەتتر دەگەیەنێتە بازاڕەکانی ناوچەکە، جیبۆتی بە هەمانشێوەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای مشتومڕە پشتێنە وشکانیەکەیە، چین لە وشکانی بۆ ئاسیای ناوەندو روسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، دەبێتە یەکێک لە هەرە گەورەترین هێزەکانی ناو ئەو پانتاییە ئاڵۆزەی کە پێی دەڵێن ئۆراسیا، ئەم پرۆژەیە ئاسیاو ئەوروپا دەکات بە یەک یەکە، وەک گۆڤاری ئیکۆنۆمیست ئاماژەی پێدەدات، ئۆراسیای چینی چەمکێکی ناڕوونە لە ڕووی دەزگاو وێناو پەیوەندی سیاسییەوە.[32]

لەم روەوە چەمکە کلاسیکیەکانی وەک یاری مەزن نەشیاوە، لە بەر دوو هۆکار، یەکەم: ئۆراسیا هێشتا نە لە ڕووی ئاگایی و نە لە ڕووی پانتاییەوە فەراهەم نەبووە، دەبینین نەک هەر چین، بەڵکو ڕوسیاو ئەوروپاو ئەمریکاش دیدی تایبەتی‌ان هەیە بۆ چۆنێتی ئەندازەی ئۆراسیا، دووەم: هەڵکشانی چین هێشتا وەک لۆغز و تەلیسمێکە، وەک شاون برسلین ئاماژەی پێئەدات[33].

چین لە ڕێگای ئەم پرۆژەیەوە کۆمەڵێک وڵات و کەلتور و ناوەندەی شارستانی جیاواز پێکەوە دەبەستێت کە چین بنکەکەی دەبێت، ئەمە وەرچەرخانێکی ئێجگار گەورەو کاریگەرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەم پرۆژەیە کاتێک دێت کە پرۆژەی ڕۆژئاواو ڕوسیا بۆ ناوچەکە هێندە کاریگەری نەماوە، دەتوانین بڵێین کە هەردوو ڕوسیاو ئەوروپا لە هەوڵی ئەوەدان کە چۆن خۆیان بگونجێنن.

ڕاوێژکاری ناسراوی پوتین ڤاڵدیسلاڤ سورکۆڤ دەڵێت: روسیا نەتەوەیەکی نیوە رۆژهەڵاتی و نیوە ڕۆژئاواییە، دەوڵەتێکی جوت سەرە، خاوەن عەقڵیەتێکی موتوربەکراوە، هایبریدە خاوەن خاکێکی نێوکیشوەرییەو مێژووەکەی جوت جەمسەرییە، سورکۆڤ مەبەستی ئەوەیە کە ڕوسیا وەک جاران نیە کە

---

32 Mayer, Maximilian (ed.). 2017 Rethinking the Silk Road: China's Belt and Road Initiative and Emerging European Relations, Singapore: Palgrave-Macmillan,

33 Shaun Breslin, (2017): "Still Rising or Risen (or both)? Why and How China Matters," *The Pacific Review*

چیدی هەموو هەوڵێکی بۆ خۆ نزیککردنەوە بێت لە ئەوروپا، بەڵکو لە ناوەندی دوو هێزی گەورەدایە، کە چین و ئەوروپایە، هەر لەم روانگەیەوە روس تیلەیان خستوەتە سەر باشوور بۆ کۆنترۆڵ و ئیدارەدانی نەوت و غاز لە ئەو ناوچەیەدا، بە سودو قازانجی خۆیان.

دیارە ئۆراسیا نەک هەر چەمکێکی جیوپۆلەتیکیە، بەڵکو چەمکێکی شارستانی و فیکرییشە، ئۆراسیا هەندێکجار بە ناوچەی نێوان ئاسیاو ئەوروپا دادەنرێت، بەم پێیە ناوەندی جیاکەرەوەی ئاسیاو ئەوروپایە، ئەوروپای پاش رۆشنگەریی دەمێکە لە هەوڵی ئەوەدایە کە نکوڵی لە پەیوەندی بە ئاسیاوە بکات و هەمیشە بانگەشەی باڵایی و جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی دەکات، هیگڵ دەڵێت: مێژوو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێکرد بەرەو ڕۆژئاوا، بەو مانایە ڕۆژهەڵات تەنها سەرەتایەکەو هیچی تر، ئەم دیدە بەناو فەلسەفییانە لای زۆرێک لە بیرمەندە زەبەلاحەکانی رۆژئاوا دەبینی وەک مارکس و ماکس ڤیبەرو کارل وێتفۆگڵ و هەتا ئەوانە بە قوتابخانەی موعجیزەی ئەوروپی ناسراون.

یەک پشتێنە یەک ڕێگا بە ئێمەدا تێدەپەڕێت، لە چەندین لاوە ئێمە بە دونیایەکی گەورەترەوە دەبەستێت و چیدی تەنها ڕومان لە رۆژئاوا نابێت، ئایا پێویستمان بە روویەک زیاتر هەیە یان ناچاردەکرێین کە روو وەربگێڕین؟؟

**دەسەڵات لە نێوان ڕۆژئاواو چیندا؟**

بە دیدی ئەفلاتوون دەبێت دەسەڵات بدرێت بەو کەسەی کە حەزی لێی نیە، ئەگەر ئەمە بە چوارچێوەی دیدی رۆژئاوایی وەربگرین ئەوا دەبینین لە سەر ئەم بنەمایە کۆمەڵێک بنەمای تر دارێژراوە.
**یەکەم:** دەسەڵات ئەگەر بدرێت بە کەسێک کە حەزی لێیەتی ئەوا جێگەی مەترسییە، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کەسی دەسەڵاتدار دەسەڵات کۆبکاتەوەو قۆرخی بکات و هەموو ئەوانەی کە بە مەترسییان دادەنێت بۆ سەر دەسەڵاتەکەی لە ناو ببات.

**دووەم:** بۆیە دیدی رۆژئاوایی بۆ دەسەڵات لە سەر ئەو بنەمایانە دارێژراوە کە دەسەڵات دەبێت چاودێری بکرێت، هاوسەنگ بکرێت، سنووردداربێت و بەردەوام پێداچونەوەی پیادا بکرێت.

**سێیەم:** ئەمانە بوونەتە بنەمای ئەوەی کە کۆمەڵێک سیستمی تایبەت بەم بوارانە بێنە ئاراوە، کە لە پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵات و کۆمەڵێک پرنسیپی تردا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام وەک دەبینین پەیوەندییەکی ئاڵۆز هەیە لە نێوان دەسەڵات و کەسدا، ئەگەر کەسێک ئامادە نەبێت بۆ دەسەڵات، ئەوا دەستوبرد تووشی نەخۆشی دەسەڵات دەبێت، نەخۆشی دەسەڵات کوشندەترین نەخۆشی دەرونیە، بەڵام دیدی چینی جیاوازە.

ئەگەر لاوزی Laozi 老子 بە نموونە وەربگرین بە دیدی ئەو، ئەوەی بە سەر خۆیدا زاڵدەبێت بە توانایە有力، ئەوەی بە سەر ئەوانیتردا زاڵ دەبێت بەهێزە彊 .

بە دیدی هیشانگ گۆنگ، کە کۆمێنتەیتەری بیری لاوزییە لە سەر سەردەمی هانەکاندا بۆ زاڵبوون بە سەر ئەوانیتردا هێزی ڕێکخراو لە شێوەی سوپادا پێویستە، بەڵام لە هەمانکاتدا زاڵبوون بە سەر حەز و ئارەزووی خوددا بە پێویست و بنەمای دەسەڵاتداریی دادەنێت.

بە بەراوردکردنی ئەفلاتوون و لاوزی دوو جۆر لە دونیابینیمان بۆ دەردەکەوێت کە هەردوکیان بە ئاستێکی سنووردار لە دونیای ئێمەدا بوونی هەیە، تێگەیشتنی تەقلیدی ئێمە بۆ دەسەڵات زۆر لە دیدی چینیەکانەوە نزیکە، دەسەڵات یانی هێزو دەسەڵات یانی کەس و دەسەڵات یانی زاڵێتی و دەسەڵات یانی ستەم، (ڕۆستەمی زاڵ)، هەروەها دەسەڵات یانی شەق، لە هەمانکاتدا هیواخواستن بۆ بوونی کەسێکی دەسەڵاتداری، دیکتاتۆری، دادپەروەر، کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێت دادپەروەر بێت، دەبێت بە سەر حەزو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیدا زاڵبوبێت.

ئەم جۆرە لە دەسەڵات لە مێژووی چیندا ڕێچکەیەکی تایبەتی هەیە، کە دەتوانین بڵێین ڕێچکەیەکی نەپچڕاوەیە لە پێنج هەزار ساڵی ڕابردوودا، ماو خۆی بە ڕچەشکێن دادەنا، بەڵام ئێدوارد سنۆ پێی وایە: ماو یەکێک بوو لە خوێنەرە هەرە قوڵەکانی مێژوو و بیری چین، بەڵام لای کیسنجەر، ماو وەک پادشایەکی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکان دەژیا.

لە سەدەی بیست و یەکدا ئێمە بە خەستی دەکەوینە نێوان بەرداشی ئەم دوو مۆدێلەوە، مۆدێلی ڕۆژئاوایی کە خۆی لە دەزگادا دەبینێتەوە، لە گەڵ مۆدێلی چینیدا کە خۆی لە کەسی بەهێزدا دەبینێتەوە.

برێک لە عەقڵی ئێمە داوای دەزگا دەکات، بەڵام زۆرێک لە نەست و کەلتورو ئاگایی و ئارەزووی ئێمە ماخۆلانیەتی بۆ خزمەتی کەسی بەهێز.

لەم بەشانەی سەرەوەدا بنەما سەرەکیەکانی چینی ئەمڕۆمان پێشاندا.

**چین چۆن و بۆچی دێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

چین لە کاتێکدا لە سەرەتاوە پلانی وەهابوو کە ئامادەبوون و دەستوەردانی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنووردار بکات، بەڵام هەتا بێت زیاترو زیاتر دێتە ناوچەکە، هاتنی چین بۆ ناوچەکە بە گشتی بە سەر دوو پارادایمدا دابەش بووە، یەکەم: پارادایمی زلهێز، دووەم: پارادایمی پێویستی ناوەکی.[34]

جۆن کالابریس سەر بە پارادایمی ململانێی زلهێزە، پارادایمی زلهێز زیاتر بۆ سەردەمی جەنگی سارد گونجاوە، ئەم قۆناغە لە رۆژگاری کۆنفرانسی باندۆنگەوە دەستپێدەکات لە ساڵی ١٩٥٥، لەو سەردەمەدا دیدی چینی بۆ ڕابەرایەتی دونیای سێ گەشە دەکات، ئەم دیدە دەبێتە بنەمای گوتاری دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیزم، لە پەنجاکان کاتێک پەیوەندی چین و سۆڤیەت تووشی قەیران دەبێت لە سەر هەڵوێستەکانی نیکیتا خرۆشۆف، کاتێك خرۆشۆف دەیەوێت هەڵوێستێکی نەرم و ئاشتییانە بەرامبەر ئەمریکا بگرێتە بەر، چین سۆڤیەت بە لاوازو بیروکراتیی و کۆنەخواز تاوانبار دەکات، چین لێرەوە دەیەوێت ڕابەرایەتی بزوتنەوە چەپەکانی دونیا بکات، بە تایبەتی لە دونیای سێدا، پەیوەندی چینی-کوردی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لەم ڕوانگەیەوەیە.

چین تابێت زیاترو زیاتر ترس لە سۆڤیەت پەیدا دەکات، لێرەوە پرسیاری فشۆڵی ئایدۆلۆژیا دێتە ئاراوە، بۆچی کاتێک دوو وڵات خاوەن هەمان ئایدۆلۆژیان دەبنە نەیارو ڕکەبەری یەکتر؟ رۆشنبیرە فەرەنسییەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پەنایان بۆ چەمکی جیوپۆلەتیک برد، بەڵام لێکۆڵەرەوانی تر پەیوەندییەکە ئاڵۆزتر دەبینن، بە دیدی لیلیان هاریس پەیوەندی چین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەگی لە شێوازی کەلتوری پەیوەندی چینیدا هەیە.[35]

چینیەکان وەک دەسەڵاتێکی ناوەند پەیوەندییان لە گەڵ هێزە پەراوێزە بەربەرییەکاندا هەمیشە لە سەر بنەمای پەرتکردن و بەگژیەکتردان و رێزگرتنەوە بووە، چینی سەردەمی ئیمپراتۆری بنەمایەکە بۆ چینی سەردەمی ئەمڕۆ، چین لەم روانگەیەوە هەوڵی ئەوەی داوە چۆن لە گەڵ هێزە جیاوازەکاندا لە پەیوەندیدا بێت، هەتا لە میانەی ئەو پەیوەندییەوە بە ئامانجەکانی بگات، هەوڵی چین بۆ پشتیوانی هێزە چەپەکان بە ئامانجی ئەوەبووە کە بەرەیەکی سێیەم لە نێوان سۆڤیەت و ئەمریکادا دروست بکات، پاشان کە لە ئەمریکا نزیک دەبنەوە

---

[34] John Calabrese, 1991*China's Changing Relations with the Middle East* (London: Pinter,

[35] Lillian Harris 1993China Considers the Middle East IB Tauris

بەرەیەکی ئەمریکی چینی پێکدەهێنن، وەک ماو دەڵێت: بە شێوازێکی ئاسۆیی لە ئەوروپاوە تا چین لە پێناو دروستکردنی دیوارێک یان بەربەستێک لە بەرامبەر پەلکێشانی سۆڤیەت، ماو زۆر لە نیازو خواستی سۆڤیەت دەترسا.

سەرباری هەبوونی ئەم تیۆرانە ئەستەمە بتوانین دیدێکی جێگیر بۆ سیاسەتی دەرەوەی چینی لە سەردەمە جیاوازەکاندا باس بکەین، چین لە میانەی هاتنیدا لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا هەوڵی داوە کە شێوازی جیاواز پیادەبکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چین لە نێوان دوو پانتایی گۆڕاودا لە هەوڵی دۆزینەوەی ئامرازو ئایدیا بووە، ئاستی ناوەوەو ئاستی دەرەوە.

بیرمەندی ئیسرائیلی یتساق شوکور زیاتر پەرە بەم دیدی سیاسەتی دەرەوەی چین بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.

[36]لای ئەو پەیوەندییەکە دەبێت بە دوو سەردەمەوە، ماو و پاش ماو، پاش ماو دەکات بە دوو قۆناخەوە، پێش نەوەدەکان و پاش نەوەدەکان، دەتوانین قۆناغی پاش ماو تا نەوەدەکان بە سەردەمی گواستنەوە پۆلێن بکەین، لەو سەردەمەدا چین لە ناوەوە بەهێز دەبوو و تا دەهات زیاترو زیاتر پێویستی بە دەرەوە دەبوو بۆ پەرەدان و درێژەدان بە گەشەی ناوەوە، پاش نەوەدەکان دەتوانین بە سەردەمی نەوت ناوی بنێین، ئەو سەردەمەی کە چین دەبێتە یەکێک لە بەکاربەرە هەرە سەرەکیەکانی نەوتی ناوچەکە، لە دوای دوو هەزارەکانەوە قۆناغێکی نوێ دێت کە تێکەڵەیە لە ئابووری، ئاسایش، جیوپۆلەتیک لە گەڵ دیپلۆماسی.

سەرباری ئەمانە چەند بنەمایەکی سەرەکی هەن دەبێت ئاماژەیان پێبدەین:

**یەکەم:** چین دەیەوێت بگاتە رۆژئاوا وەک چۆن کاتێک رۆژئاواییەکان ویستیان بگەنە رۆژهەڵات بە ڕۆژهەڵاتی ناویندا تێپەڕین، بە هەمانشێوە چین کە دەیەوێت بگاتە رۆژئاوا ئەوا ناچارە بە رۆژهەڵاتی ناویندا تێپەڕێت، بەم پێیە ئەگەر ئەفسەرێکی چینی لە بری ئینگلیزی ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بنایە، ئەوا رەنگە ناوی بنایە ڕۆژئاوای ناوین.

ئەم فاکتە جوگرافیە بە دوو شێواز بەرجەستە دەبێت، یەکەم: لە رێگای دەریاوە، دووەم: بە وشکانی. دەریا مەبەست لێی گەشتنە بە رۆژهەڵاتی ئەفریقاو لەوێوە بە دەریای سووردا بۆ دەریای سپی و پاشان ئەوروپا،

---

[36] Yitzhak Shichor, *The Middle East in China's Foreign Policy 1949-1977* (Cambridge: Cambridge University Press, 1979),

بۆیە وەک چۆن ئەمریکا بنکەیەکی گەورەی هەیە لە جیبۆتی، چینیش بەهەمانشێوە بنکەیەکی سەربازی کردووەتەوە، لە گەڵیدا یەکێتی ئەوروپاش.

**دووەم:** چین دێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سامانی سروشتی، بە تایبەتی نەوت و گاز، چین تابێت زیاترو زیاتر پێویستی بە نەوت و گازە، ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکەی شەست لە سەدی پێداویستی چین لە وزە ئامادە دەکات، وەک چاودێرێکی پێشووی دی ئای دەڵێت: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها ناوچەیە کە دەگاتە پلەی گرنگی پێدان لە خانەی ئاسایشی نیشتمانی چیندا، بەڵام چین بە پشت بەستن و بە ئامادەبوونی زیاتری لە ناوچەکە بە ئاگایە کە بەبێ کێشە نابێت، بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو پرۆژە گەورەیەی کە بە ناوی یەک ڕێگا یەک پشتێنە دەستی پێکردوە، فرە سەرچاوەکردنی سامانی سروشتییە بۆ چین، بە تایبەت لە جێگاکانی وەک ئاسیای ناوەندو ئەفریقا، چین دەیەوێت نەک تەنها سەرچاوە، بەڵکو چۆنێتی گواستنەوەی نەوت و گاز بۆ چین فرە بکات، بەوەی نەک هەر بە ڕێگای دەریاییدا بێت، کە ناچارە بە ئەو پانتاییە دەریاییانەدا بڕوات کە ئەمریکا زاڵە بە سەریدا.

**سێیەم:** چین دەیەوێت کاتێک هێندە پارە دەدات بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کڕینی نەوت و گاز، ئەوانیش پارە خەرج بکەن لە کاڵای چینیدا، بۆیە چین دەیەوێت وڵاتانی ناوچەکە ببنە جێگای ساخکردنەوەی کاڵای چینی و هەروەها لە بوارەکانی تری وەک ژێرخان و خانوبەرەو ئاوەدانکردنەوەدا وەبەرهێنان بکەن، ئەمە سروشتییە لە ئاستی ئابووری نێودەوڵەتیدا کە ئەمڕۆ بە سووڕی دۆلار ناسراوە، هەر لەم ڕووەوە چین نەک هەر وەبەرهێنان، بەڵکو قەرزو هاوکاریش بە وڵاتانی ناوچەکە دەدات.

**چوارەم:** چین هەوڵدەدات کە پەیوەندی نێوان چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها لە بواری کاڵاو سەرچاوەدا نەبێت، بەڵکو لە رووی دەزگاو کەلتورو ئاگاییەوە پەیوەندی دروست بێت، وەک هاوەڵێکم لە زانکۆیەکی چین بۆی باس کردم، بەردەوام قوتابی و خوێندکار لە وڵاتانی دەرەوە دەهێنرێت بۆ ئەوەی زمان و کەلتوری چینی فێربن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، تا ببنە توخمێکی بڵاوەپێکردنی کەلتورو ئاگایی و خۆشەویستی بەرامبەر چین، ئەمە لاساییکردنەوەی ئەو پلانەیە کە ئەمڕۆ ئەمریکا پەیڕەوی دەکات لە بردنی خەڵك بۆ ئەمریکا تا ببنە توخمی بڵاوەپێکەری وێناو کەلتورو دیدی ئەمریکی، دیارە ئەم یاریە کۆنە، ئاسانترە بۆ خەڵکی ناوچەیەک کە وێنای جوانی ئەمریکا لە کەسێکی خۆیان و بە زمانی خۆیان وەربگرن لەوەی کە کەسێکی ئەمریکی یان چینی پێیان بڵێت، ئەمە پرۆسەی دروستکردنی ئەجینتە، بەڵام لە هەمانکاتدا فۆرم و دیدارو گرێبەست و زۆر شێوازی تر هەن بۆ پێکەوە گرێدانی چین و ناوچەکە لە ئاستی فەرمیدا.

**پێنجەم:** چین پێویستی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نەک تەنها وەک لایەنێکی بازرگانی، بەڵکو پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەرە لە سەر ئاسایشی ناوخۆی چین لە رووی گەشەی ئابوری، سەرچاوەی وزە، هەروەها شەرعیەتی سیستم، چونکە بنەمای سەرەکی ڕەوایەتی سیستمی چینی لە گەشەی ئابورییەوە دێت نەک لە بواری ترەوە، دیارە ئەم گەشە ئابورییە توانا دەبەخشێتە چین کە بتوانێت پەرە بە بواری بوژانەوەی وڵات و ژیانی تاکەکان بدات، کە لە گەڵ خۆیدا کەلتورو ئایدۆلۆژیای تری بۆ بەرهەم دەهێنێت.
**شەشەم:** چین دەیەوێت ناسیاسی بێت، نەک تەنها لە بەر ئەوەی کە نایەوێت ببیتە بەشێک لە ململانێکانی ناوچەکە کە دەزانێت لە کاتی ئێستادا توانای ئەوەی نیە کە رۆڵی یەکلاکەرەوە یان میانگیری تیادا ببینێت، بەتایبەت کاتێک کە ئەمریکا ناوچەکە بە ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی دەزانێت، دیارە ئەمە تەنها هۆکار نیە، چین دەیەوێت لە گەڵ هەمواندا پەیوەندی هەبێت تەنانەت ئیسرائیلیش، ئەگەر هۆکاری پەیوەندی لە نێوان چین و وڵاتانی تری ناوچەکە وزەو کاڵایە، ئەوا لە گەڵ ئیسرائیلدا جیاوازە، ئیسرائیل یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی دونیا لە بواری زانست و تەکنەلۆجیادا، چین لەم بوارەدا هەژاری هەیە، بە گشتی وڵاتێکە کە کاڵای تیادا دروست دەکرێت کە لە جێگای تر داهێنراوە یان دیزاینکراوە، ئەمەش بۆ چین بە نرخە، چونکە تابێت پەیوەندی نێوان ئەمریکا و چین بەرەو گرژی دەڕوات، گرژی زیاتر دەبێتە هۆکاری هەژار بوونی چین لە بواری زانست و زانیاری و تەکنەلۆجیادا، بۆیە دەیەوێت بە ئیسرائیل قەرەبووی بکاتەوە، و تا ئێستا چەندین جار ئەمریکا رێگربووە لەوەی ئیسرائیل چەک و تەکنەلۆجیای هەستیار بە چین بفرۆشێت.

ئەمە هەموو لە لایەن چینەوە:
بەڵام وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها چین وەک سەرچاوەی داهات و کاڵا نابینن، بەڵکو دەیانەوێت ببێتە بەشێک لە سیستمی ناوچەکە، بە تایبەتی کاتێک کە ململانێ هەیە لە نێوان وڵاتانی ناوچەکەدا، ئەمە بە روونی لە هەڵوێستی کوێت دا دەبینین کە دەیەوێت هێندە وەبەرهێنانی چین بهێنێتە دورگەکانی، کە ئەو وڵاتە ناچار بکات بیپارێزێت لە کاتی قەیراندا، دیارە کوێت وڵاتێکە کە ترۆمای هەیە لە وڵاتانی دراوسێی، بە تایبەتی عێراق، ئەمە بە تایبەتی پاش نەمانی هیچ جۆرە باوەڕێک لە نێوان وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاری عەرەبی، دیارە گرتنی کوێت لە لایەن عێراقەوە سەرەتای شەڕی ناوخۆی عەرەبی بوو کە تا ئەمڕۆ بە شێوازی جیاواز لە سوریا، یەمەن، قەتەرو سعودیە، هەروەها جێگاکانی تر بوونی هەیە.
چین هەتا بێت سڵ دەکاتەوە لە دۆخی ئاڵۆزی ناوچەکە، بۆیە بە گشتی لە گەڵ دۆخی هەمیشەییدایە، ستاتۆس-کۆ، بەڵام لە هەندێک دۆخدا چین پەیڕەوی سیاسەتێکی تایبەت دەکات کە رەنگدانەوەی دیدی خۆیەتی بۆ

دونیا، بۆ نمونە چین دژ بە هەموو جیاخوازێکە، لە بەر بوونی گروپ و لایەنی جیاخواز لە چین خۆیدا، لە سەرووی هەمویانەوە تایوان، بۆیە نەک هەر پشتیوانی ریفراندۆم نەبوو، تەنانەت دژ بە ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤یش بوو.

**چین و عێراق**

چین خۆشی لە عێراقی پادشایی نەدەهات، چونکە وەهای لێدەڕوانی کە بە کرێگیراوی ئیمپریالیزمی بەریتانی بێت، بۆیە کاتێك عبدوالکریم قاسم کودەتاکەی کرد، چین لە خۆشیاندا شاگەشکە بوو، قاسم کەسێکی ناسیونالسیتی دژە ئیمپریالی نیمچە سۆشیالسیت بوو، پشتیوانی چین بۆ عێراق لە لایەن حکومەتی نوێوە بە بایەخەوە وەرگیراوە، محمد مهدی کوبە، ئەندامی ئەنجومەنی سەروەریی عێراق لە رۆژی ٣٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا دەڵێت: ئێمەی خەڵکی عەرەب و عێراقی نازانین چۆن سوپاسگوزاری چین بین لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە برایانەی بەرامبەر جوڵانەوە ئازادیخوازەکان هەیبوو. ناونیشانی وتارەکەی گۆڤاری پەکین ڕیڤیو دەڵێت: ئێمە پشتیوانی برا عەرەبەکانمانین [37].

دەکرێت بە کورتی بڵێین کە پەیوەندی نێوان چین و عێراق دوو مێژووی هەیە، یەکەم: مێژووی سەردەمی ماوتسی تۆنگ لە گەڵ مێژووی پاش ماو، مێژووی پەیوەندی نێوان عێراق و چین دەگەڕێتەوە بۆ بە کۆماریی بوونی عێراق لە کۆتایی پەنجاکاندا لە رێگای کودەتاکەی عبدالکریم قاسمەوە، هەر زوو پاش ئەنجامدانی کودەتاکە چین پێشوازی لە هاتنی عبدالکریم قاسم کردو رژێمی پادشایی عێراقی بە دەستپێشخەری پەیمانی بەغداد لە قەڵەم داو ئەو پەیماننامەیە لە لایەن چینەوە بە بنچینەی دەسەڵاتی ئیمپریالیستانەی ئەمریکاو بەریتانیا لێکدەدرایەوە، لە دیدی چینەوە بە هاتنی عبدالکریم قاسم ئەم بنچینەیە

---

[37] We Stand by our Arab Brothers,” *Peking Review* 1:21 (July 22, 1958), 4-6

دارماو عێراق چووە ریزی وڵاتانی دژە ئیمپریالیستەوە، وەک لە ڕۆژنامەی پەکینگ ریڤیو رۆژی ٢٢ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا ئاماژەی پێدراوە[38].

لە شازدەی تەموزی هەمان ساڵ چین دانی بە کۆماری عێراقدا ناو و بە فەرمی باڵوێزخانەی کردەوە، چێن جی فینگ، کە لە ١٩٥٦ بۆ ١٩٥٨ باڵیۆزی چین بوو لە سوریا نێردرا بۆ عێراق و لە بەغدا کرا بە باڵوێز، پاش ساڵ و نیوێک لە کردنەوەی باڵویۆزخانەی چین لە بەغدا، عێراق عبدالحق فازلی کرد بە باڵوێز لە چین. ئەم پەیوەندییەی نێوان عێراقی کۆماریی و چین هێندەی نەخایاند، حیزبی شیوعی عێراقی ئەو سەردەمە دوو باڵ بوون، باڵی سۆڤیەت سەر بە حکومەت بوو، بەڵام باڵی پەکین بڕوای وەهابوو دەبێت دەست بە سەر حکومەتدا بگیرێت، لە ئەنجامدا لە ئاداری ساڵی ١٩٥٩ لە موسڵ نارەزایی روویداو پاشان لە حوزەیرانی هەمان ساڵ لە کەرکوک. لە بەرامبەر ئەمەدا عێراق ئەدەبیاتی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە عێراقدا قەدەغەکرد، بنوارە وەقائعی عێراقی ١٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩.

هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە چین دەستی هەبێت لە هیچ کام لەو کارانەدا کە عێراق ئەوی پێ تۆمەتبار دەکرد، بۆیە چین بەردەوامی بە پەیوەندییەکەداو ماو عێراقی وەک وڵاتێکی دژە ئیمپریالی لە قەڵەم ئەدا، وەک دەردەکەوێت سیاسەتی چینی تێکەڵێک بووە لە ناسیونالیزم و سۆشیالیزم، ئەمە دۆخێکی ئێجگار تایبەتی دونیای سێیە، چین پشتیوانی هەنگاوەکانی عێراق بووە لە خۆماڵیکردنی نەوتدا، لەو رۆژگارەدا دوو بەرهەمی لە عێراق بە زۆری کڕیوە، ئەوانیش نەوت و خورما بوون.

کاتێک لە کودەتای هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان دێنە سەر حوکم، چین پشیوانی بەعسییەکان ناکات و بە خەڵکێکی درندەیان لە قەڵەم ئەدات.

چین لە پەیوەندی لە گەڵ عێراقدا هەمیشە دوو زلهێزەکەی دونیای لە بەرچاو گرتووە، کە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا بوون، هەردوو سۆڤیەت و ئەمریکا بە لای چینیەکانەوە وەک نەیار دەبینران، ئەمە درێژەی کێشا تا باش بوونی پەیوەندی نێوان چین و ئەمریکا لە سەردەمی نیکسۆن و کیسنجەردا.

هەڵوێستی چینی سەرەتا لە پەیوەست بە زلهێزەکانەوە سەرچاوەی گرتووە نەک راستەوخۆ لە گەڵ عێراقدا، چین دژایەتی بۆ حیزبی شیوعی دەردەبڕێت لە سەردەمی عەزیز الحاجدا، چونکە بە خۆفرۆشیان لە قەڵەم ئەدات، هەرچەندە هەمیشە یەکێک لە ئامانجەکانی دەوڵەتی چینی لە پەیوەندی لە گەڵ عێراقدا پەیوەست بووە

[38] Emadi، Hafizullah 1994 China and Iraq: Patterns of Interaction, 1960-1992، Economic and Political Weekly, Vol. 29, No. 53 (Dec. 31,), pp. 3315-3318

بە پەیوەندی لە گەڵ زلهێزەکان و چین هەولیداوە کە قەڵەمڕەوی ئەو زلهێزانە بە سەر عێراقدا کەم بکاتەوە، بەڵام هێندە کاریگەر نەبووە لەم بوارەدا، بە تایبەتی نوخبەی بورژوازی ناوچەکە هەمیشە بە دوای دۆستێکی بەهێزدا گەڕاون بۆ پشتیوانی، ئەمەش وایکردووە کە چینیەکان بخەنە پەراوێزەوە.

پەیوەندی نێوان عێراق و چین ئەوەندە بە هێزنەبوو لە مێژوودا، و هەمیشە لە چەند بوارێکی سنورداردا ماوەتەوە، پەیوەندی چین بە عێراقەوە لە بوارەکانی دروستکردنی ڕێگاو بان و پردو کڕینی نەوت و خورماو سولفەر بووە لە عێراق، کارێک کە جێگای سەرنجە دروستکردنی کارگەی خوریشۆردنەوەیە لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری کفری لە لایەن چینیەکانەوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی تری چین لە پەیوەندی لە گەڵ عێراقدا ئەوە بووە کە هەوڵبدات دراوی قورس بە دەست بهێنێت، گەر لە پەیوەندی چین و عێراق بنواڕین لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی رابردوودا، بە کورتی چەند خەسڵەتێکی هەیە:

**یەکەم:** لە سەرەتادا چین زیاتر ئایدۆلۆژییانە مامەڵە دەکات و خۆی لە بەرەی دژە ئیمپریالیزمدا لە قەڵەم ئەدات، ئەمەش دەکاتە بنەمای گوتاری سیاسەتی دەرەوەی.

**دووەم:** چین بە نزیکبوونەوەی لە پرۆسەی مۆدرێنکردن لەناوەوەی وڵات و باشبوونی پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکادا، زیاتر ئابوورییانە لە پەیوەندییەکەی دەنواڕێت تا سیاسی یان ئایدۆلۆژی.

**سێیەم:** لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا چین دەگاتە ئاستێک کە بازرگانی بە پێگەو هەڵوێستەکانیەوە دەکات، بە ئاستێک لە کاتی شەڕی کوێتدا سەرەتا چین ئامانجی ئەوەبوو کە دژ بە هەڵوێستی ئەمریکا بێت بەرامبەر عێراق و ڤیتۆی بڕیاری ٦٦٠ و ٦٦١ بکات لە ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵام کاتێک ڕیتچارد سەلەمۆن و وەزیری دەرەوەی کوێت پێکەوە سەردانی بەیژین دەکەن، لە ڕێگەی پێدانی پەیمانی سودی ئابووری و بازرگانی چین ڕازی دەکەن ڤیتۆی هیچ کام لەو بڕیارانە نەکات.

**چوارهەم:** هەڵوێستەکانی چین دەرخەری ئەوەن کە چین نایەوێت هیچ نەیارێک بۆ خۆی دروست بکات لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی لە هەموو لایەک سود وەربگرێت، ئەم سیاسەتەی تا ئاستێک سەرکەوتوبووە، بە جۆرێک زۆرێک لە چاودێران چین بە یەکێک لە هەرە سودمەندبوانی شەڕی کەنداو دادەنێن لە دونیادا.

ئەوەی وەک دەرئەنجامێک لە مێژووی شەست ساڵەی نێوان عێراق و چین هەڵدەهێنجێنین ئەوەیە، کە چین هەمیشە پێداویستی ناوەوەی بڕیاردەربووە لە سیاسەتی دەرەوەیدا، ئەمەش لە سیاسەتیدا لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا ڕاستە، بە دەستپێکردنی پرۆسەی مۆدرێنکردنی چین لە ناوەوە، چینیەکان زیاتر بە دوای ئەو پێداویستیانەدا دەگەڕێن کە پێویستیانە بۆ بەردەوامی پرۆسەکەیان، ئەمەش دەبێتە بنەمای سیاسەتی

دەرەوەیان، ئەم پاشخانە خێرایە هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە هەوڵەکانی پەیوەندی نێوان عێراق و چین لە ئێستاو داهاتوودا.

**چین و عێراق و ئەمریکا**

وەک لە بەشی چین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاماژەمان پێدا، کە پەیوەندی نێوان چین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە پەیوەندییەکی سێ لایەنەیە، ئەوا ئەم دۆخە لە گەڵ عێراقدا ئاڵۆزترە، بۆ ئەوەی لەم ئاڵۆزییە تێبگەین دەبێت سەرەتا هەوڵ بدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق چی دەگەیەنێت بۆ چین؟

لە ٢٠٠٣ ئەمریکا هات بۆ عێراق، ئەم رووداوە وەرچەرخانێکی جیوپۆلەتیکی بوو لە ناوچەکەو جیهاندا، ئەمریکا لە هاتنی بۆ عێراق ئامانجی ئەوەبوو کە لە رێگای عێراقەوە بتوانێت دیموکراسی بە ناوچەکەدا بڵاو بکاتەوە، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە دیموکراسی لە روانگەی جیوپۆلتیکەوەیە نەک بەهاو ماف، بەو مانایە بە دیموکراسیبوونی وڵاتێک بە مانای لیبرال بوون و کەپیتالیست بوون و بوونە هەڵگری بەها ئەمریکاییەکان و کردنەوەی بازاڕ لە بەردەم کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندایە.

ئامانجی ئەمریکا هەروەها بریتی بوو لە گۆڕینی عێراق بە جۆرێک کە ببێتە بنکەو بنەمای گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا، ئەم گۆڕانکارییە کاریگەری راستەوخۆی دەبوو لە سەر پێگەی ئەمریکا لە دونیادا، ئەمریکا وەک زلهێزێک، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە چۆن رێگری بکات لە سەرهەڵدانی رکەبەرو زلهێزی تر، ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی ململانێی زلهێزەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەروەها بەشێکە لە هەژموونیەتی زلهێزەکان کە یەکێکە لە چەمکە سەرەکیەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی لە گەڵ چەمکەکانی تری وەک شەڕ، دیپلۆماسی، هاوسەنگی هێز. بۆ زیاتر لە سەر چەمکی هەژموونیەتی زلهێز بنوارە باری بۆزان و ئەوانیتر.[39]

ئەمریکا پاش بردنەوەی جەنگی سارد بوو بە تاکە زلهێز لە دونیادا، ئەم تاکبوونە، دۆخێکی وەهای دروستکرد کە ئەمریکا بتوانێت دەستبەرداری سیاسەتی هاوسەنگی هێز ببێت، چونکە هیچ هێزێکی ڕکەبەر لە دونیادا نەبوو، لە هەمانکاتدا تێگەیشتنێکی وەها لە نێو نوخبەی ئەمریکیدا دروست بوو کە کاتی ئەوەیە

[39] Cui, Shunji and Buzan, Barry (2016) Great power management in international society. The Chinese Journal of International Politics, 9 (2). pp. 181-210.

جیهان بە ئەمریکایی بکرێت، ئەگەر عێراق سەرکەوتوو بوایە ئەوا وڵاتانی تری ناوچەکەی بە دوادا دەهات، وەک سوریا و ئێران، بەڵام سوریا و ئێران بە ئاگابوون لە ئەم پلانە، بۆیە دژایەتی ئەمریکایان لە عێراقدا کردە بەرنامەی خۆیان.

ئەم دیدی بە ئەمریکاییکردنی دونیا لە قوتابخانەی لیبرالی نێودەوڵەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئاستی فەلسەفیدا ئەم دیدە پێی وایە کە ماف بنچینەی سیستمی حوکمڕانییەو مرۆڤ دەبێت مافداربێت، ئەمەش لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ پیادە بێت دەبێت دیکتاتۆریەت نەمێنێت، بە کورتی دەبێت دونیا وەک ئەمریکا یان رۆژئاوای لێبێت، بەڵام دۆخەکە بۆ ئەمریکا تەواو بە پێچەوانەوە شکایەوە، لە دوو ئاستدا ئەمریکا تووشی ڕکەبەر بوو، لە ئاستی ناوەوەو لە ئاستی دەرەوەدا، لە ئاستی ناوەوە بەرەی دژە جەنگ بە هۆی تێچوونی زۆرو کوژرانی زۆری جەنگەوە زۆر بەهێزبوون، لە ئاستی دەرەوەدا لە زۆر جێگا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم: عێراق و ڕوسیا بە نموونە.

چین لە زۆر ڕووەوە خۆشحاڵ بوو بە هەناردەکردنی دیموکراسی و پاشان جەنگی تیرۆر، لێرەدا دوو لایەنی جودا هەیە دەبێت لە سەری بوەستین لە پەیوەست بە چینەوە، لایەنی یەکەم: نوخبەی ئەمریکی بڕوایان وەهابوو کە لە رێگای کرانەوەو دەوڵەمەندبوونی چینەوە، چین دەبێت بە وڵاتێکی لیبرال، وەک وڵاتانی تر، ئەم دیدە هەتا ئاستێکی زۆر خەیاڵپڵاویی بوو، لایەنی دووەم: بە سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە جەنگەکانی عێراق و ئەفغانساتەوە، کاتی نەبوو بۆ کێبڕکێی چین، لە ئەنجامدا چین بەبێ ڕکەبەرو رێگر گەشەی دەکرد، ئەمە دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ چین، جۆن مێرشمایەر ئەم دۆخە بە بەرهەمی ساویلکەیی لیبراڵ و بەهێزی ناسیونالیزم دادەنێت، چینییەکان لە ئاستی تردا شەڕی تیرۆریان پێباش بوو، چونکە چین خۆشی پرسی تیرۆری لە گەڵ موسوڵمانە تورکەکانی ناوچەی شینیانگدا هەیە.

ئەمریکا لە بری بە هێزبوون لاوازبوو، لە هەمانکاتدا دەرفەتی بۆ ئەوانیتر رەخساند تا سودمەند بن لە لاوازی ئەمریکاو هەروەها سەرقاڵبوونی ئەمریکا بە ناوچەکەوە، یەکێک لەو هێزانە کە زۆر سودمەند بوو چین بوو.

چین لە گەڵ ئەوەشدا کە بە هێزبوو، بەڵام جۆرێک لە یاری دبیلۆماسی هەڵوێست وەرگرتنی گرتە بەر کە هەموو دۆخەکە بە قازانجی شکایەوە، چین هەروەها سودمەندبوو لە قەیرانی ئەمریکا لە عێراقدا بەوەی:

**یەکەم:** هەوڵیدا بۆ چەسپاندنی باوەڕی دەستوەرنەدان، شەڕی عێراق ئەم دیدەی چینی تۆختر کردەوەو هەروەها لە ناو ئەنجومەنی باڵای پارتی کۆمەنیست کە دەستەیەکی بچوکی بڕیاردەری بەهێزن، ئەو باوەڕەی تۆخکردەوە کە چین تەنها بە بێلایەنی سودمەند دەبێت.

**دووەم:** هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە براوەو دۆڕاوە وە بۆ براوە براوە، رەنگە ئەم دیدەی چین لە ئێستادا گونجاترین بێت لە گەڵ پێگەو بەرژەوەندییەکانیدا.

**سێیەم:** شەڕ وەهای لە چین کرد کە فرە سەرچاوەییکردنی هاوردەی نەوتی بکاتە بنەما، بۆ ئەمە پێویستی بە گەشەی تەکنەلۆجی و ئابووری زۆرە.

فرەلایەنی یان پێکەوەیی، هاوشان لە گەڵ بێلایەنیدا، چین لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئیدارەی سیاسەت و قەیرانی جیهانی لە رێگای دەزگاو ناوەندە جیهانییەکانەوە بێت، بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە چین خاوەنی ڤیتۆیە تیایدا، هەر ئەمەشە کە چین زۆر بە توندی دژ بە ریفۆرمی ئەنجومەنی ئاسایشە، چونکە لە هەر هەوڵێکی ریفۆرمدا ئەگەر هەیە وڵاتانی ژاپۆن و هیند ببن بە ئەندام، ئەم دوو وڵاتەش وەک دراوسێ و نەیاری چین دادەنرێن و چینیش وەهایان دەبینێت کە دەکرێت ببنە بنەمای تەوقکردنی چین.

**یاسای نێودەوڵەتی:** چین هەوڵدەدات لە هەموو رووداوێکدا جەخت لە سەر رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بکاتەوە، لەمەشدا ئامانجی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە زەمینە بسازێنن بۆ گەڕانەوەی تایوان.

**ستراتیژی دژە تیرۆر:** چین لە گەڵ زۆر لە رێسا ئەمریکیەکانی دژە تیرۆر تەبایە، ئەم رێسایانە بەکاردەبات لە ئاستی ناوخۆدا بۆ روبەڕووبونەوەی توندڕەوی ئیسلامی.

**تێگەیشتن لە ئیسلام:** شەڕی عێراق چینی بەو ئاقارەدا برد کە هەوڵ بدات ئەکادیمییانەو زانستیانە لە ئیسلام تێبگات.

**مۆدرێنەکردنی سوپا:** شەڕی عێراق ئەو پەیامەی بە چین دا کە ناچارە سوپاکە مۆدرێن بکات[40].

بەپێی ئەم خاڵانەی سەرەوە چین زۆر بە قوڵی لە رووداوی هاتنی ئەمریکا بۆ عێراقی کۆڵیوەتەوەو هەوڵیداوە خۆی بۆ پاشهاتەکانی ئامادە بکات و سودی لێببینێت، لە سەر ئەو بنەمایانە دەکرێت بڵێین کە چین یاریکەرێکی دەستپێشخەرنیە و هەمیشە لە چاوەڕوانی رووداوەکاندایە، بە تایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی رووبدەن، وەک لە مامەڵەی لە گەڵ رووداوەکانی تری پاش جەنگی عێراقدا دەیبینین وەک بەهاری

[40] Kurt M. Campbell, Nirav Patel and Richard Weitz 2008 The Ripple Effect: China's Responses to the Iraq War، Center for a New American Security

عەرەبی و شەڕی تیرۆرو شەڕی سوریا، ئامانجی چین ئەوەیە کە چۆن سودمەندبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە چین لە ئاستی تری وەک دابینکردنی پۆلیس لە ڕیزی هەرەپێشی ئاشتی پارێزانی نەتەوە یەکگرتووەکانە.
لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چینییەکان دەتوانن بەم شێوەیە بمێننەوە، وەک کورد دەڵێت لە شەڕدا تەریک و لە خێردا شەریک؟

**ئەمریکا لە عێراق: شکست**

شکستی ئەمریکا لە عێراق ڕووداوێکی هاکەزایی نەبوو، لە ئاستی واقیعی و تیۆریش وەک لوغز و تەلیسمێك وەهایە، تەنها تیوریەک بتوانێت راڤەی بکات تیوری هەژموونیەتە، ئەوەی کە پێی وایە دەوڵەت هەرگیز تێرناخوات لە پەلکێشان و هەژموونیەت، لە ئەنجامدا نۆفێنسیڤ ڕیالیست[41].

ئەگەر لەم روانگەیەوە لێی بنوارین ئەوا ئەمریکا هات بۆ عێراق بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەکەو دونیادا تۆکمەتر بکات، بەڵام دەرئەنجامەکەی پێچەوانەبوو.
دوو وڵات هەمیشە ئاماژەیان پێدەکرێت کە براوەی شەڕی عێراق بوون، ئەوانیش ئێران و چینن، چیرۆکی ئێران بۆ خوێنەری کورد ئاشکرایەو بابەتی ئەم کتێبە نیە، بەڵام چین هێندە ئاشکرانیە و بابەتی ئەم کتێبەیە، لە سەرەتاوە چین دژ بە شەڕی عێراق بوو.
چین دژ بە ڕێگای سەربازی بوو بۆ کێشەی عێراق، کە یانی شەڕو داوای گەڕانەوەی دەکرد بۆ ڕێگای ڕاستی چارەسەری سیاسی، ئەم هەڵوێستە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمایەکی سەرەکی لە دونیابینی چینی ئەویش سەروەریی دەوڵەتە، بۆ چین دەوڵەت باڵاو ڕەوایەو مافی هەیە کە بە هەموو کارێک هەستێت لە ناو پانتایی تێرەتۆری خۆیدا، ئەم هەڵوێستە بەرامبەر دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ناوەکی دەوڵەتی چینی و پێگەی لە دونیای ئەمڕۆدا، چین لە ناوەوە یەک نیەو دەترسێت لە میانەی ململانێی لە گەڵ ئەمریکادا، ئەمریکا هەوڵی بەکارهێنانی کێشە ناوخۆییەکانی بدات، کێشەی هۆنگکۆنگ، تیبت، شینگیانگ و جێگای تر.

---

[41] RAYMOND HINNEBUSCH 2007 Fall The US Invasion of Iraq: Explanations and Implications Critique: Critical Middle Eastern Studies Vol. 16, No. 3, 209–228,

پاش هاتنی ئەمریکا و دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی عێراق، چین لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەمریکای بەوە تاوانبار دەکرد کە مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا پێشێل دەکات، دیارە تێزو دیدی زۆر هەن لە سەر شەڕی عێراق، هەندێکیان واقیعین و هەندێکیان کەمتر، یەکێک لەو چەمکانەی کە زاڵبوو بە سەر ڕەواییدان بە شەڕی عێراق چەمکی ئازادی بوو، ئەم چەمکە پاش نزیکەی بیست ساڵ لە دەستپێکی شەڕ وەها دەخوێنرێتەوە کە لابردنی دیکتاتۆریەت نابێتە هۆکاری هاتنە ئارای ئازادی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆکاری ستەمی زیاتر، ئایا مێژووی دیکتاتۆریەت بەرهەمی ئەم دۆخەیە یان کەلتوری ناوچەکە؟ ئەم پرسیارە زۆر قورس و بەرفراوانە، لێرەدا ناتوانین وەڵامی بدەینەوە، بەڵام لە دیدگای چینیەوە بانگەشەکردن بۆ ئازادی جێگای مەترسی بوو، ئەوەی ترسی چینیەکانی زۆرتر کردبوو، ئەوەبوو کە چی بە سەر سۆڤیەتدا هات، داڕمانی سۆڤیەت نەبووە هۆکاری بەهێزیی و سەقامگیری و ئازادی ڕوسیا، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ هۆکاری ئەوەی کە ڕوسیا ببێتە وڵاتێکی لاوازی داڕما و لە ناوەوە، لە هەمانکاتدا ڕۆژئاوا کرانەوەی ڕوسیای وەها نەبینی کە بریتی بێت لە وەرچەرخان بەرەو ئازادی، بەڵکو بەو شێوەیە لێی ڕووانی کە شکستی هێناوەو چۆن هەوڵبدات بۆ هەمیشە لە قاڵبی بدات.

شەڕی عێراقیش وێنایەکی وەهای بۆ چینیەکان دروستکرد کە هێندەی تر لە چەمکی ئازادی بترسن، بەڵام لە هەمانکاتدا چین وانەیەکی تایبەتی لە شەڕی عێراقەوە وەرگرت بۆ بونیادنانی مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی، کە بە مۆدێلی چینی ناودەبرێت، ئەم مۆدێلە دەکرێت وەهای ناوبنێین کە بریتیە لە گەشە بەبێ ئایدۆلۆژیا[42].

پێکەوەنوسانی ئایدۆلۆژیاو سەرمایەداری لە ئاستی زۆردایە، دوایین کتێبی بیرمەندو ئابووریناسی گەورەی فەڕەنسی تۆماس پێکتی دەربارەی ئەم بوارەیە بە ناوی سەرمایەداری و ئایدۆلۆژیا، مۆدێلی چینی بە سەرچاوەگرتن لە دۆخ و مێژوویی خۆی لە گەڵ خۆیداو لە گەڵ دونیادا دەیەوێت گەشە لە ئایدۆلۆژیا جودا بکاتەوە.

ئەم پرسە لە ژێر گومان و ڕەخنەدایە، چونکە روونە کە بە گەشەی بەرژەوەندی ئابووری چین لە گەڵ وڵاتاندا پرسی ئاسایش و سەقامگیری دێنێتە ئاراوە، چین کە دەبێتە خاوەن بەرژەوەندی، ئەوا هەوڵدەدات سەقامگیری دابین بکات، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێکی ئەفریقایی، یان بۆ نموونە عێراق ئەگەر ببێتە دابینکەری بڕێکی زۆری نەوتی چینی، ئەوا چین دەخوازێت لە عێراقدا سەقامگیری سیاسی و ئابووری بە

[42] Schiavenza, Matt 2013 Who Won the Iraq War? China www.theatlantic.com/china/archive/2013/03/who-won-the-iraq-war-china/274267/

جۆرێک بێت کە بەردەوامی بە ڕۆشتنی نەوت بدات  بە نرخی گونجاو یان بەپێی ڕێککەوتنی گونجاو، لێرەدا پەیوەندییەکە لە هەمانکاتدا دەبێتە بەشێک لە ئاسایشی وزەی وڵات و هەروەها لە ڕێگای ئەمەوە ئاسایشی نیشتمانی، بەم پێیە ئاسایشی عێراق دەبێتە بەشێک لە ئاسایشی نیشتمانی چین، وەک چۆن بۆ ئەمریکاش بە هەمانشێوەیە، بە گشتی سێ دید هەیە لەم بارەوە، وەک کریس  ئالدین لە کتێبی چین لە ئەفریقادا  ئاماژەی پێئەدات[43].

**دیدی یەکەم** بریتیە لە چین وەک پارتنەرێکی گەشەکردن، بەپێی ئەم دیدە چین پلانی درێژخایەنی هەیە بۆ کیشوەری ئەفریقاو بوژانەوەی ئەو کیشوەرە لە ڕێگای گەشەکردنەوە، بەپێی ئەم دیدە چین ئامانجی ئەوەیە کە پەیوەندییەکی دوولایەنەی درێژخایەن لە گەڵ وڵاتانی باشووردا دروست بکات، ئەم دیدە تەبایە لە گەڵ گوتاری چینییەکان خۆیان کە لە دوو ئاستدا دەیانەوێت کاری لەسەر بکەن، یەکەم: وەک ڕەنگدانەوەیەک بۆ مێژوو و پێگەی چین خۆی لە پەیوەندی بە ڕۆژئاواوە، دووەم: وەک ڕێگایەک بۆ خۆ بە جوداگرتن لە ئەزموونی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و ئەمریکی، چینییەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە وای پیشان بدەن ئامانجیان ئەوەنیە کە وەک وڵاتانی کۆلۆنیال بن، بەڵکو ئەمان وڵاتێکی جیهانی سێن و هاوتاو هاوشێوەی ئەوانیترن.

لە پلاننامەی ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکێک لە دۆکیومێنتە سەرەکییەکانی دیدی چین بۆ جیهانی عەرەبی دادەنرێت لە ژێر ناونیشانی پۆڵەسی عەرەب-چینی، جەخت لە سەر ئەم فۆرمیولە باشور-باشورە دەکاتەوە.[44]

**دیدی دووەم:** دیدی چین وەها دەبینرێت کە رکەبەرێکی ئابووری بێت، بەپێی ئەم دیدە چین پلانی کورتخایەنی هەیە بۆ بردنی سامانی وڵاتانی ئەفریقا، وەک هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی پێشتر کردیان، بەپێی ئەم دیدە چین ئەوەندە بایەخ بەوە نادات کە چی لە ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا دەگوزەرێت، بەڵکو ئامانجی سەرەکی دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیەتی.

**دیدی سێیەم:** راڤە ئەوەیە کە چین هاوشێوەی وڵاتانی تری پێشووی ئەوروپی ئەویش وڵاتێکی کۆلۆنیالە، بەم پێیە ئامانجی چین ئەوەیە کە جێگەی وڵاتە کۆڵۆنیالە ئەوروپییەکان لە کیشوەرەکەدا بگرێتەوە، لە ڕێگای

---

[43] Aldn Chris 2007 China in Africa: Partner, Competitor or Hegemon?(African Arguments), zed books.

[44] January 2016 ، China's Arab Policy Paper

دروستکردنی پەیوەندی و بەرژەوەندی لە گەڵ دەستەبژێری کیشوەرەکەدا، بەپێی ئەم دیدە چین لە داهاتوودا ناچار دەبێت کە جۆرێک لە کۆنترۆڵی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەو کیشوەرە بکات.
هەندێک لە رۆژئاواییەکان ئەم پەیوەندییەی چین لە گەڵ کیشوەرەکەدا بە هاتنی ئیمپریالیزمی زەردە ناوزەد دەکەن، زەرد ئەو چەمکە رەگەزپەرستییەیە کە لە ئەدەبیاتی رۆژئاوادا بۆ وەسفی خەڵکانی ئاسیای دوور بەکاردەهێنرێت.
چەمکی مەترسی زەرد چەمکێکی رەگەزپەرستی سەدەی نۆزدەی ئەدەبیاتی رۆژئاواییە.
بە کورتی چین کۆمەڵێک وانەی لە ئاستی پلان و ستراتیژو وێناو خیتابدا لە شەڕی ئەمریکای لە عێراق و ئەفغانستان وەرگرت، لە هەمانکاتدا سەرقاڵی ئەمریکا بە عێراق و ئەفغانستانەوە وایکرد کە ئەمریکا نەپەرژێتە سەر چین و چینیش سوود لەو دەرفەتە ببینێت، هەر ئەمەش بوو کە ماوەی نەبوونی ململانێی نێوان زلهێزەکانی درێژکردەوە بۆ نزیکەی سێ دەیە، ئەم ماوەیە بە ماوەیەکی ناوازە لە قەڵەم دەدرێت لە مێژوویی جیهاندا[45].
وەک ڕۆبەرت کاگان لە ناونیشانی کتێبەکەیدا دیارە، کۆتایی مێژوو خەون بوو، بۆیە خەون کۆتایی هات و مێژوو گەڕایەوە.

**عێراق و پلانی چینی**

پلانی چینی بۆ جیهانی عەرەبی کە لە ساڵی ٢٠١٦دا دەرچووە عێراقیش دەگرێتەوە، بۆیە وەک یەکێک لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەت دەکرێت بە بایەخەوە وەربگیرێت و بەپێی میتۆدی جیوپۆلەتیکی ڕەخنەیی و هەروەها راڤەکاری گوتاری بخوێندرێتەوە.
پلانە چینییەکە وەها دەستپێدەکات کە پەیوەندی نێوان وڵاتانی عەرەبی و چین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان. ئەم پاشخانە ئەفسانەییە کە ئاماژە بە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەکات، جۆرێکە لە بەرهەمهێنانی ئەفسانە بۆ ئێستا، بیرمەندی مارکسی ئینگلیزی ئێریک هۆبسپاوم چەمکی داهێنانی کەلەپووری دارشت.[46]

---

[45] Kagan, Robert 2008 The Return of History and the End of Dreams, Knopf
[46] Eric Hobsbawm, Terence Ranger 1992 Invention of Tradition, Cambridge University Press

ئەم گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی ڕێگای ئاورێشمین و وێناکردنی ئەم مێژووە بە مێژوویەکی پڕ لە ئاشتی و هاوکاریی و کرانەوەو لە یەکتر فێربوون و سوودی هاوبەش زۆر خەیاڵیی و جوانە تا وەک ڕاستییەک دەربکەوێت، بەڵام ئەمە بەشێکە لە گوتاری چینی لە هاتنەوەیدا بۆ دونیا، کە مێژووی ئێمە بە پێچەوانەی مێژووی ئەوانیترەوە، مێژووی جوانی و پێکەوەبوون و سوودی هاوبەشە.

ئەم پاشخانە چوارچێوەیەک دادەڕێژێت تا مێژووی نوێی تیادا بە ئاسانی وێنا بکرێت، مێژووی نوێ چین بەپێی دۆکیومێنتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦ و تا ساڵی١٩٩٠ بەردەوام بوو کە تیایدا چین لە گەڵ هەر بیست و دوو وڵاتە عەرەبیەکەدا پەیوەندی دیپلۆماسی و بازرگانی دروستکرد، هەروەها چین پشتیوانی خەباتی ڕزگاری ئەو گەلانە بووە.

چین لەم ماوەیەدا پشتیوانی سەروەریی و گەشەو سەربەخۆیی ئەم وڵاتانە بووە، لە گەڵ هەشت وڵاتی عەرەبیدا پەیوەندی هاریکاری ستراتیژی هەیە کە زۆرینەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن جگە لە جەزائیر.

**بونیادی ئەم پەیوەندییە**

چین دەیەوێت شێوازێك یان پاترنێک لە هاریکاری لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و چیندا دروست بکات، لە سەر بنەمای یەک کۆ دوو کۆ سێ ١+٢+٣، کە یەک بریتیە لە وزە بە نەوت و گازەوە، بونیادی ژێرخان لە گەڵ بازرگانی و وەبەرهێنانی وەک دوو باڵی و سێیەمیش تایبەت بێت بە بواری تەکنەلۆجیای نوێ، چەکی ئەتۆمی، سەتەلایت، لە گەڵ وزەی نوێدا.

ئەم ستراتیژیە بە روونی دەریدەخات کە ووزەو دابینکردنی ووزە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە لە لایەن چینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرنگی ئەمەیە کە داڕێژەری هەنگاوەکانی ترە، بەڵام پێویست بوونی ووزە نابێت تەنها یەک لایەنە بێت.

وەک دەبینین چین دەیەوێت هاوسەنگی بازاڕ بونیادبنێت، بە جۆرێک لە بەرامبەر وزەدا لە بوارەکانی ژێرخان و چەک و تەقەمەنی بێتە ناو بازاڕی ناوچەکەوە، سوڕێکی بازرگانی و ئاڵۆگۆڕ دروست بکات.

چین وەها وەسفی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەکات کە جیاوازبێت لە پەیوەندی باکوور-باشوور، ئەم پەیوەندییە باشوور باشوورە، هاوتاو هاوسەنگ و پڕ لە ڕێزو سودمەند بوونە.

بەشی یەکەمی پلانەکە لە ژێر ناونیشانی قوڵکردنەوەی پەیوەندیە عەرەبیە چینییەکاندایە، پلانەکە وەها وێنای داهاتوو دەکات کە چیدی تاک جەمسەریی نەبێت و بەرەو فرە جەمسەری بڕوات، هەروەها ئابووری جیهانگیریی دەبێت و فرە کەلتوری و جڤاتی ئینفۆرمەیشن بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەم ساتەوەختە کاتێکە کە

دەبێت وڵاتانی دونیا لە دەستی نەدەن و ستراتیژی گەشەیان بگۆڕن و  هانی ریفۆرم و داهێنان  بدەن، چین وەها خۆی دەبینیت کە گەورەترین وڵاتی گەشەکەری دونیابێت،  وڵاتە عەرەبیەکانیش وڵاتانی گەشەکەرن.
بەشی دووەمی تایبەتە بە پۆڵەسی چین دەربارەی عەرەب.
چین خۆی بە پارتنەری وڵاتانی عەرەبی دەزانێت لە رێگای گەشەپێدانێکی ئاشتییانەوە، تۆکمەکردنی یەکێتی و هاوکاری لە نێوان وڵاتە گەشەکردووەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە ئاراستەی ئەوەی کە  فۆرمیولای  براوە براوە کرۆکەکەی بێت.
بۆ چین پێنج بنەمای پێکەوەبوونی ئاشتیانە بوونی هەیە، **یەکەم:** رێزی دولایەنە بۆ سەروەری یەکگرتوویی خاک، **دووەم:** دوورگرتن لە توندوتیژی لە هەردوولاوە، **سێیەم:** دەستوەرنەدان لە کاروباری  ناوخۆی یەکتر لە هەردوو لاوە، **چوارهەم:** یەکسانی و سوودی دوولایەنە، **پێنجەم:** پێکەوەژیانی ئاشتیانە.
ئەم گراند ستراتیژییە لە میانەی کاتدا بەردەوام فەراهەم دەبێت، چین ئامادەییەکی تۆکمەیی لە وڵاتانی کەنداو هەیە، بە شێوەیەکی بەرفراوانیش لە هەوڵی هاتندایە بە بۆ عێراق.

**بایەخی عێراق بۆ چین**

لە ساڵی ٢٠١٩ لە میانەی دیداری سلێمانی کە لە لایەن زانکۆی ئەمریکییەوە لە سلێمانی بەڕێوە چوو، ڕاوێژکارێکی کۆمپانیایەکی نەوتی نێودەوڵەتی گلەیی لە کۆمپانیا نەوتییە چینیەکان کرد لە عێراق، گلەییەکەی ئەوەبوو کە چینیەکان لە میانەی کێبڕکێدا بۆ بردنەوەی گرێبەستەکان لە بەرامبەر ئەوانیتردا پێگەیان بەهێزە، چونکە ئامانجی چینیەکان زیاتر ئەوەیە کە نەوت دابین بکەن، نەک وەک کۆمپانیا رۆژئاواییەکان قازانج بکەن، لە هەمانکاتدا چینیەکان فێرن بە مامەڵەی سەخت و ناخۆش چ لە ئاستی سیاسی چ کەلتوری چ ئاسایشیی، هەموو ئەمانە وەهایان لێدەکات کە پێگەیان باشتربێت لە بردنەوەی گرێبەستەکاندا لە بەرامبەر کۆمپانیاکانی تردا.
ئەم دیاردەیە رەگی هەیەو وەها دیارە چینیەکان لە ئەزموونی جێگاکانی ترەوە هێناویانە وەک میتۆدێک بۆ ڕکەبەریکردنی کۆمپانیا گەورەکان و هەروەها راکێشانی سەرنج و بەرژەوەندی وڵاتانی خاوەن نەوت.

هەردوو رۆژنامەنووس تم ئارانگۆ و کلیفۆرد کراوس لە رۆژنامەی نیویورک تایمز لە ساڵی ٢٠١٣ ئاماژەیان پێداوە.[47]

بە ڕای ئەوان کۆمپانیا چینییەکان گلەیی و بۆڵە ناکەن وەک کۆمپانیا رۆژئاواییەکان، لە هەمانکاتدا بە قازانجی کەم ڕازین.

محمد شەریفیش[48] لە چاپتەری کتێبەکەی دەربارەی جوت دیپلۆماسی چینی لە عێراق ئاماژەی بەم دۆخە داوە.

نەوتی عێراق بۆ چین گرنگە، چونکە بەشێکی زۆری نەوتی عێراق نەوتێکی شیرینە کە بۆ بەنزین و گازوایل بە سوودە، چینیش پێویستی بە بڕێکی زۆر لە بەنزین و گازە بۆ جوڵە لەناو چیندا.

عێراق وڵاتێک نیە کە تەنها خاوەنی سامانی زۆری سروشتی بێت لە نەوت و گاز، بەڵکو لە چەند ئاستێکی تردا عێراق بۆ چین و پرۆژەی چین گرنگە، عێراق لە رووی جوگرافییەوە لە چەندین ئاستدا بۆ چین و پرۆژەی یەک ڕێگا یەک پشتێنە گرنگە، چونکە عێراق لە باشوورەوە دەتوانرێت بەشێک بێت لە پرۆژەی ڕێگا، کە بەشە ئاوییەکەی ڕێگای ئاورێشمینی نوێیە، لە هەمانکاتدا لە باکوورییەوە دەتوانێت بەشێک بێت لە پرۆژەی پشتێنە کە بەشی وشکانی پرۆژەی یەک ڕێگای یەک پشتێنەیە.

سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی ٢٠١٩ لە چەندین ئاستدا گرنگ بوو، شاندەکە چ لە رووی ژمارەو کەسایەتی و جۆری دیدارو ئاخافتنەکانەوە هەموو ئەوەیان دەردەخست کە عێراق دەیەوێت پەنا بۆ چین ببات و سوود لە چین وەربگرێت بۆ بوژانەوە.

پاش گەڕانەوەیان لە ئۆفیسی خۆی لە پارێزگای هەولێر خوالێخۆشبوو د.فرسەت سۆفیم بینی، وەک ئەندامی شاندەکە بۆ قسەکردن دەربارەی سەفەرەکە. د.فرسەت زۆر بە سەردانەکە سەرسام بوو، چینی وەک مۆدێلێک دەبینی.عادل عبدولمەهدیش لە کۆندا ماویی بووە، لە گەڵ ماوییە کوردەکاندا، لە نێویاندا لە گەڵ

[47] Tim Arango and Clifford Krauss. ‘China Is Reaping Biggest Benefits of Iraq Oil Boom’, The New York Times, (2013).

Shareef Mohammed 2016 China’s Dual Diplomacy: Arab Iraq and the Kurdistan [48] Region, in Niv Horesh 2016Toward Well-Oiled Relations? China’s Presence in the Middle East Following the Arab Spring, Palgrave Macmillan

نەوشیروان مستەفا پەیوەندی هەبووە، چوونی ئەو بۆ چین وەها لێکدەدرایەوە کە گەڕانە بە دوای ئەڵتەرناتیڤی ئەمریکادا لە پێناو گەشەدا، جیاوازی ئەمریکاو چین لە پەیوەندی لە گەڵ عێراقدا ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت سیستمی سیاسی عێراق بەو شێوەیە بێت کە خۆی دەیخوازێت، بەڵام ئەمە بۆ چین گرنگ نیە، ئێرانییەکان و شیعەش پێیان خۆشە کە چین جێگای ئەمریکا بگرێتەوە، چونکە ئەو مەترسییە وجودییەیان لە سەر لادەبات کە خۆی لە دژایەتی ئێران و گروپە دۆستەکانیدا دەبینێتەوە لە عێراقدا، بەڵام هەندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە هەندێک گروپی شیعە چینیان پێباش نیە لە بەر جۆری گرێبەستەکە کە بە سوودی ئەو گروپانە نیە، چونکە ناتوانن لێی سودمەندبن.

لە سەردانەکدا چەند ڕێککەوتنێک یان یاداشتی لەیەکگەیشتن واژۆکرا، بەڵام هیچیان تا ئێستا بە فەرمی بڵاونەکراوەتەوە، نهێنی بوونی گرێبەستەکانی چین و عێراق و چین و ئێران، چەند ئاماژەیەکمان پێدەدات لە خەسڵەتی پەیوەندی نێوان ئەم وڵاتانە و چین. چین یان عێراق یان هەردوولا نایانەوێت بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەگەری هەیە ببێتە مایەی نیگەرانی وڵاتانی تر، یان لە ڕاستیدا هیچ شتێک واژۆ نەکراوە، یان هەردوولا وەها بەباش دەزانن کە بە نهێنی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕکەبەرو نەیاری بۆ دروست نەبێت و نەبێتە مایەی ئەوەی کە سەرنج بخاتە سەر هەنگاوەکانی چین لە ناوچەکە، بەڵام ئەم هەموو نەزانراوە نەبووە مایەی ئەوەی کە عێراقییەکان سیاسەتی پێوەنەکەن. بۆ زۆر لە عێراقییەکان پەیوەندی نێوان عێراق و چین خاڵی وەرچەرخانەو تەنها لەم ڕێگایەوە عێراق دەبوژێتەوە، چونکە باوەڕێک هەیە کە ئامانجی ئەمریکا بوژانەوەی عێراق نیە هەندێک لایەنی دژە ئەمریکایی لە عێراق وەهای دەبینن کە چین دەبێتە ئەو لایەنەی کە هاوکارییان دەکات بۆ ململانێ لە گەڵ ئەمریکادا.

دیارە لە عێراق شیکاری سیاسی و لێدوان و میدیاکاریی هەموو کۆنترۆڵکراوەو لە سوودی گروپ و باڵ و هێزو لایەنەکان هەڵدەسوڕێت، بۆیە هەمیشە کاتێک گوێ لە عێراقییەک دەگرین قسە دەکات دەبێت زیاتر لە هەشتا لە سەدی قسەکانی بە پروپاگەندەو بێبنەما وەربیگرین، زۆربەی ئەوانەی لە عێراق و کوردستاندا لێدوان دەدەن ئەوانەن کە شتیان پێدەوترێت یان دەدرێتێ، ئەوانیش بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێک بڵاوی دەکەنەوە، چونکە ئامانجەکە بچووکە، لێرەوە زانیاری وەک چەکێک بەکاردێت کە زۆرجار ئەگەر ڕاستیش بێت وەک ڕاستی دەرناکەوێت یان بەهای ڕاستی نیە.

سەرۆک وەزیران و شاندەکەی ئەوەیان ڕاگەیاند کە عێراق دەبێتە ئەندامی پرۆژەی یەک پشتێنەو یەک ڕێگا، شاندەکە لە هەموو ئاستەکاندا تا باڵاترین ئاست کە دیداری سەرۆکە شی ژیاو پینگ، پێشوازی کران،

شی ئاماژەی بەوەدا کە عێراق دەبێتە بەشێک لە پرۆژەی یەک ڕێگاو یەک پشتێنە، ئەم ئەندامێتییە لە لایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقیشەوە دوپاتکرایەوە، شی باسی لە هاوپەیمانێتی ستراتیژی کرد لە گەڵ عێراقدا، هەردوولا لە سەر پرۆژەی نەوت بەرامبەر ژێرخان ڕێککەوتن، ئەم پرۆژەیە ڕێککەوتنی نەوت بەرامبەر خۆراکمان بیردەخاتەوە، لە ڕاستیدا بە تێرامان لێی زۆر خەسڵەتی حوکمڕانی عێراقمان بۆ روون دەکاتەوە، **یەکەم:** ئەوەی عێراق هەیەتی سامانێکی سروشتیە، **دووەم:** عێراق خۆی ناتوانێت سودمەندبێت لەم سامانە سروشتیە، ئەوانیتر دەیبەن و لە بەرامبەردا خۆراک یان ژێرخان دەدەن بە عێراق، لەم نێوانەدا خەڵکی عێراق یان برسین یان بێ ژێرخانن، ئەم دۆخە جەخت لە سەر شکست و بێتوانایی سیستمی سیاسی عێراقی دەکاتەوە، سیستمێک نە دەتوانێت خەڵکەکەی تێر بکات و نە ژێرخانێکیان بۆ دروست بکات تا کارە سادەو ئاساییەکانی وەک هاتوچۆ، سەلامەتی، بازرگانی و زۆر کاری تری رۆژانە ئەنجام بدەن، پەکین گەورەترین پارتنەری بازرگانی عێراقە لە ساڵی ٢٠١٨ دا بڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات سی بلیۆن دۆلاربوو.

عەبدوالمهدی بانگەشەی بۆ ئەوەکرد کە ئەوان ئاسیایین، چەمکی ئاسیا چیدی تەنها ئاماژەنیە بۆ کیشوەرێک یان پانتاییەکی جوگرافی، بەڵکو ئاماژەیە بۆ بەدیلێک بۆ رۆژئاواو ئەمریکا، وەک ئەندامێکی شاندەکە بۆی باسکردم، بەلایەوە جێگای سەرسوڕمان بوو کە عبدولمهدی وەها دوا.

شاندەکەی عێراق لە سەردانەکەیاندا بۆ چین پێکهاتبوون لە نوێنەری هەموو پارێزگاکانی عێراق، دیارە هەڵوێستێک لە سەر ستراکتوری شاندەکە رەنگە بە سودبێت بۆ ئەوەی لە نیەتی عێراق تێبگەین، **یەکەم:** شاندەکە ئێجگار گەورەبوو، کە ئەمەش نیشانەی گەورەیی خواستی عێراقە بۆ پەیوەندی قوڵ لە گەڵ چیندا، **دووەم:** بردنی پارێزگارەکان ئاماژەیە بۆئەوەی کە چین دەخوازێت لە سەرتاپای عێراقدا پرۆژەی هەبێت و هەروەها عێراق دەخوازێت چین لە سەرتاپای عێراق پرۆژەی هەبێت، **سێیەم:** واژۆکردنی گرێبەستێک بۆ گۆڕینەوەی نەوت بەرامبەر گەشەپێدانی ژێرخان، پێکەوەگرێدانی خواست و پێداویستی هەردوولایە، لە لایەک چین پێویستی بە وزەیەو هەروەها وزەی عێراق بە تایبەتی وزەی ناوچەی کەرکوک و دەورووبەری زۆر بۆ چین گونجاوە، چونکە شیرینەو بڕی زۆری بەنزین و گازی هەیە کە بۆ گواستنەوە بەکاردێت، چینیش لە هەموو شتێک زیاتر وزەی بۆ گواستنەوەیە.

پرۆژەکانی نێوان عێراق و چین وەها دەبینرێت کە جۆرێکە لە بارتەر یان گۆڕینەوە "موقایەزە"، بەم پێیە چین نەوت دەبات و لە بڕی نەوت کۆمپانیاکانی دێن لە عێراق پرۆژەی ژێرخان پەرەپێئەدەن، ئەم پرۆژەیەی چین لە جێگاکانی تریشدا کراوە، لە دۆخی عێراقدا بە گشتی چەند خەسڵەتێکی هەیە، **یەکەم:** عێراق پێویستی بە ژێرخانە بۆ ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە بگەشێتەوە، **دووەم:** بونیادنانی ژێرخان بازاڕێک بۆ چیمەنتۆ و

پۆڵای چینی دروست دەکات، کە زۆر کەس دەڵێن یەکێکە لە هۆکارەکانی پشت پرۆژەی یەک پشتێنە یەک ڕێگا، **سێیەم:** هەبوونی ژێرخانی وەک ڕێگای خێراو هێڵی شەمەندەفەر، عێراق دەکاتە بەشێک لە پرۆژەی زەبەلاحی یەک پشتێنە یەک ڕێگا، **چوارەم:** عێراق جێگایەکی ئێجگار ستراتیژی هەیە لە پرۆژەی یەک پشتێنە یەک ڕێگادا، چونکە یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی کە هەردوو پشتێنەو ڕێگا بەیەکەوە دەبەستێت بەوەی ڕێگای ئاوی لە باشوورەوەو پشتێنەی وشکانی لە باکوورەوە، **شەشەم:** وەک ناوەندی بەیان لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا ئاماژەی پێئەدەن ئەگەر سعودیە و ئێران و تورکیا بەشێک بن لە پرۆژەکە، ئەوا زۆر گەنجاوەو پێویستە کە عێراقیش لە ناوەندیاندا بەشێک بێت لەم پرۆژەیە.[49]

سەنتەری بەیان کە لە حیزبی دەعوەی عێراقییەوە نزیکە، لە پەیکەرێکدا بە باشی دەزانێت کە عێراق بەشێک بێت لە پرۆژەی یەک پشتێنەو یەك ڕێگا، چونکە هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەشێکن لێی، ئەمەش وەها دەکات کە عێراق رۆڵی پێکەوە گرێدەری وڵاتان ببینێت، بە تایبەتی کە سوریا تا بێت پەیوەندی لە گەڵ چیندا پتەوتر دەبێت.

ئێستا کە ئەم کتێبە دەنوسم عێراق لە دۆخێکی ئابووری ئێجگار خراپدایە، ئەمە بۆ چین دەرفەتێکی زێڕینە، هەواڵەکان وەها دەڵێن کە عێراق لە گەڵ کۆمپانیایەکی چینیدا، کە تا ئێستا ناوەکەی نازانرێت بە بڕی دوو بلیۆن دۆلار نەوتی پێشوەختی فرۆشتووە، ئەم مامەڵەیە نیشانەی ئەوەیە کە عێراق لە رووی داراییەوە کورتی هەیە، پێویستی بە پارەیەکە کە نیەتی، هەواڵەکان دەڵێن کە عێراق لە نێوان دوو کۆمپانیادا ئەوروپییەک و چینییەک، چینییەکی هەڵبژاردووە، هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەی عێراق بۆ چین وەک زانیاری نازانین، بەڵام داتاکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە چین کڕیاری زۆری نەوتی عێراقە، پارەدارە، پارەکەشی هیچ ئاستەنگێکی لە بەردەمدا نیە، بەڵام کۆمپانیای ئەوروپی بەو شێوەیە نیە، ئەمە لە هەمانکاتدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عێراق تابێت زیاترو زیاتر لە چین نزیک دەبێتەوە، هاتنی قەرز بۆ نێوان پەیوەندی چین و عێراق خاڵێکی وەرچەرخێنەر دەبێت، چین قەرز وەک ئامرازێکی دیپلۆماسی بەکاردەهێنێت لە پەیوەندی لە گەڵ وڵاتاندا، هەرکاتێکیش ئەو وڵاتە توانای دانەوەی قەرزەکەی نەبوو، ئەوا ناچاری دەکات بە پێدانی پێگەو شوێنی ستراتیژی، وەک لە سریلانکاو بۆرماو جێگاکانی تر روویدا، چین لە گەڵ کۆمەڵێک وڵاتدا قەیرانی قەرزی هەیە ئایا لە گەڵ عێراقدا چۆن دەبێت، بێگومان عێراق جودایە لە سریلانکا، تا دوو دەیەی تریش

---

[49] Al-Bayan Center for Planning and Studies 2018 CHINA’S BELT AND ROAD INITIATIVE: AN OPPORTUNITY FOR IRAQ

عێراق گرنگی دەبێت بۆ ئاسایشی وزەی چینی، بۆیە مامەڵەی چینی نەرم دەبێت، بە تایبەتی ئێستا ئێمە لە قۆناغی سەرەتاداین و چین دەیەوێت خۆی لە ئەوانی تر بە باشتر بە عێراق نیشان بدات، بەڵام پەیوەندی چینی لە گەڵ عێراقدا راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە سەر پەیوەندی چین و کوردستان.

**چین و تورکیا**

پەیوەندی فەرمی نێوان چین و تورکیا لە ساڵی ١٩٧١ەوە دەستی پێکردووە، لە سەردەمی جەنگی سارددا بە هۆی دژایەتی کەمالیزم بۆ مارکسیزم پەیوەندییەکە ئەوەندە گەرم و گوڕ نەبووە، دەکرێت خاڵی دەستپێکردنی پەیوەندی بەرفراوان لە سەرەتای دووهەزارەکانەوە دەست پێبکات، لە زۆر رووەوە چین و تورکیا لە یەک دەچن و ئەمەش وا دەکات کە هەتا ئاستێکی زۆر خاوەنی هەمان دید و سیاسەت بن، هەردوو چین و تورکیا لە سەرەتای سەدەی بیستدا خەونی گەورەیان بۆ خۆیان هەیەو هەریەکەیان وەها خۆیان وێنادەکەن کە بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ببنە هێزی گەورەتر لەوەی کە هەبوون لە سەدەی ڕابوردودا، هەردوو بە شێوازی جیاواز گەشانەوەی ئابووری و بە پرۆسەی مۆدرێنبووندا ڕۆشتن لە سەدەی ڕابردوودا، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا چین ئامانجی ئەوەیە کە ببێتە هێزێکی جیهانی و تورکیاش دەخوازێت ببێتە هێزێکی هەرێمی، ئەم دوو خەسڵەت و ئامانجە هاوبەشە هەردوو وڵات بەرەو یەکتر پەلکێش دەکات، تورکیا لە گوتاری ئیسلامیدا، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت، بە تایبەتی لە ئاستی گوتاری و دەروونیدا کە جەمسەرێکی تری جیاواز لە ئەمریکا ببینێتەوە، لەم رووەوە گەڕانەوە بۆ رۆژهەڵات و پەرەدانی بە پەیوەندی لە گەڵ چیندا بە باشی دەچێتە ئەم یارییەوە، چینیش ئەم گوتارە دژە رۆژئاواییەی پارتی دادوگەشەپێدانی پێباشە.

شایانی باسە کە هەردوو وڵات خاوەن پاشخانی دوورو درێژی ئیمپراتۆرین و لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا بە دەستی هێزە رۆژئاواییەکان، بە تایبەتی ئەوروپاییەکان ئیمپراتۆریەتیان کۆتایی هاتووەو گۆڕاون بۆ دەوڵەت نەتەوە، ئەم گواستنەوەیە بە شێوەیەکی چڕ لە سایکی یان دەروونی هەردوو وڵاتدا ئامادەیە، بەڵام ئەم رابردووە سەر لەنوێ لە کایەی دەوڵەت نەتەوەدا لە شێوەی نۆستالجیاو مێژوویەکی بژنراودا بەرهەمدێتەوە، مەبەستمان لە بژنراو ئەوەیە کە هەموو ئەوەی کە نەخوازراوە لێی وەدەرهێنراوە، ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی واقیعی راستەقینە نیە و تەنها بۆ فریودان و ختوکەدانی هەستی جەماوەرە، وەک سۆنار کاگاپتای لە کتێبی ئیمپراتۆریەتی ئەردۆگاندا دەڵێت: تورکیا دیدێکی گەورەکراوی هەیە بۆ رابردوویی و تا ئاستێکی زۆر ئەم دیدە بۆ چینیش ڕاستە، گواستنەوە لە ئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەت نەتەوە هەمیشە پرسی ئیتنیک لە گەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئیمپراتۆریەت زیاتر لە ئیتنیکێک لە خۆی دەگرێت، دەوڵەت نەتەوە دەیەوێت

تەنها یەک شوناسی هەبێت، لەم رووەوە هەردوو تورکیاو چین پرسی کەمینەو ئیتنیکیان هەیە، کە بە ئاسانی لە سیستمی ناوەندگەریی دەوڵەت نەتەوەدا چارەسەر نابێت، تورکیا مۆدێلی فەڕەنسییە، کە دەیەوێت هەموو پێکهاتەکانی ناوی بتوێنێتەوە یان ئەسیمیلەیت بکات.

**تورکیای ئیسلامی و چین**

لە چەند ساڵی رابردوودا سیاسەتی تورکی بە وەرچەرخانێکی گەورەدا تێپەڕی، تورکیا لە سەردەمی ئیسلامییەکاندا دەیەوێت وەها خۆی وێنابکات کە وڵاتێکی پەراوێزی نیە، بەڵکو وڵاتێکی سەنتەرییە، باوانی گەورەی ئەم تێزە ئەحمەد داودئۆغلووە.[50]

بە دیدی داودئۆغلو تورکیا دەبێت لە سیاسەتی ئەتاتورکی دابڕێت، کە جەخت لە سەر دابینکردنی ئاشتی لە ناوەوە دەکات وەک بنەمایەک بۆ ئاشتی لە دەرەوە، بەڵکو تورکیا دەبێت پەلوپۆ بهاوێژێت بە دەوروبەرداو بە دونیادا بڵاوبێتەوە، ئەم وەرچەرخانە لە گۆشەگیرییەوە بۆ کرانەوە، بە هەمانشێوە لە سەردەمی ماو و پاش ماودا دەبینین، لە پاش ماو و بە هاتنی دینگ ژیاوپینگ چین بەرەو مۆدێرنە بوون دەڕوات و بەرەو رووی دونیا دەکرێتەوە، ئەم وەرچەرخانە بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتکردن بوو لە سیاسەت و ئایدۆلۆژییەکانی سەردەمی ماو، لە تورکیا پاڵنەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو لە گەڵ شکستی حوکمی عەلمانی سەربازی، لە چین هۆکارەکەی شکستی پرۆژەی ماوبوو کە لە شۆرشی کەلتورییەوە تا هەموو هەنگاوەکانی تر. لە تورکیا پاش کۆتایی سەردەمی حوکمی عەلمانییەکان تورکیا بە ئاراستەیەکی تردا رۆشت تا ئەمڕۆ لە دۆخێکی دەسەڵاتخوازی ناسیونالیدا خۆی دەبینێتەوە.

دەرئەنجامی ئەمە ئەوەبوو کە هەردوو وڵات بە دوای پارتنەری تردا بگەڕێن بۆ بەرژەوەندی ئابووری و هاوسەنگی هێزو بازاڕ.

**چین وەک فریادەرەس**

لە ئەنجامی وەرچەرخانی سیاسەتی تورکی لە سەردەمی ئەردۆگاندا تورکیا تووشی چەند کێشەیەک بوو، لە هەمانکاتدا چەند یارییەکی هەرێمی ئەنجامدا، کێشەکان خۆی لە کێشەی کۆریدۆری کوردی، سوری،

---

[50] Davutoğlu 20088Turkey’s Foreign Policy Vision: An Assessment of 2007, Insight Turkey, Vol. 10. No.1

کودەتا، گویلەن و میتۆدی فشار لە لایەن تورکیاوە بەرامبەر ئەمریکاو ئەوروپا دەبینێتەوە، لە هەمانکاتدا نوخبەی ئیسلامی تورکی وەها خۆیان دەبینن کە لە دونیایەکی جیاوازدان و دەتوانن مامەڵە لە نێوان جەمسەرەکانی دونیادا بکەن بە سوودی خۆیان، وەک لە پەیوەندی نێوان تورکیاو روسیاو هەروەها تورکیاو چیندا دەیبینین، تورکیا وەها ئەمە دەبینێت کە کارتێکی فشارە بەرامبەر ئەمریکا، ئەم خۆشخەیاڵییە لای نوخبەی عێراقیش بوونی هەیە لە پەیوەندی نیوان چین و ئەمریکادا، کە چین وەک کارتێکی فشار بەرامبەر ئەمریکا بەکاربهێنن، شایانی باسە میتۆدی فشاری تورکی بەرامبەر ئەمریکا دەستکەوتێکی ئەوەندەی نەبووە بە بەراورد بە فشار بۆ سەر ئەوروپا، لە ئەنجامی ئەمانەداو داڕمانی ئابووری و دراوی تورکی، تورکیا بە دوای لایەنێکی تردا گەڕا بۆ قەرەبووکردنەوە، چین و وڵاتانی تری وەک قەتەر بەهانای تورکیاوە هاتن، بەم پێیە پەیوەندی تورکیاو چین لە سەرەتاکانی هاتنەئارای دونیایەکی نوێدا لە سەر دوو بنەما وەستاوە، ئەو دوو بنەمایە بریتین لە خەیاڵی کۆتایی تاک جەمسەری ئەمریکی و بە سەنتەر بینینی تورکیا لە بری پەراوێزبوونی، سەرباری ئەمە پەیوەندی نێوان چین و تورکیا ئاڵۆزەو بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بارەیەوە ئاسان نیە، بە تایبەتی کە هەردوو وڵات لە ئێستادا لە دۆخێکی دیکتاتۆری ناسەقامگیردا دەژین، کە ئەوانەی لە هەناوی ئەو دوو وڵاتەدا بژین، ناتوانن جگە لە دووبارەکردنەوەی قسە فەرمیەکانی دەوڵەت هیچ شتێکی تر بڵێن.

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی چین و تورکیا هاوڕێم کاک سیڤان سەعید، کە مامۆستای زانکۆیە لە چین، لە پەکین هەوڵی چەند دیدارێکی بۆ دام، بەڵام زۆربەی ئەوانەی کە دواندبوونی هەموو هەمان رای فەرمی حکومەت باس دەکەن، ئەم دۆخە وەها دەکات کە ئاسان نەبێت بزانرێت دیدی خەڵکانی شارەزا چیە، تەنها مەگەر لە دۆخێکی نافەرمیداو بەبێ ناوهێنانی هیچ کەسێک.

بەڵام د .سیڤان سەعید، خۆی وەک لێکۆڵەرەوەیەکی بواری تورکیاو شارەزا لە سیاسەتی دەرەوەی چین بەرامبەر تورکیا، لەمبارەیەوە وەڵامی چەند پرسیارێکمی دایەوە، کاتێک لێم پرسی ئایا چینیەکان داهاتووی تورکیا چۆن دەبینن؟ چینیەکان لە هەندێ لاوە لە داهاتووی تورکیا نیگەرانن، بەوەی تورکیا چونکە ئەندامی ناتۆیە دەچێتە بەرەی ئەمریکاوە، هەروەها هەوڵی نزیکێتی لە گەڵ ڕوسیادا دەدات، دیارە ئەندامبوونی تورکیا لە ناتۆ تورکیا ئەخاتە خانەی ئەمریکاوە لە کاتی ململانێی لە گەڵ چیندا، ئەمەش وەها دەکات کە چین هەرگیز بەبێ گومان و دردۆنگی سەیری تورکیا نەکات، چینییەکان تورکیا وەک ئەکتەرێکی هەرێمی یان ئیقلیمی دەبینن، بۆیە هەمیشە لە پەیوەندیدا دەبێت لە گەڵ زلهێزێکدا.

سەرباری ئەمە تورکیا بۆ چین گرنگە وەک رێرەوێک بۆ ئەوروپا، وەک وڵاتێکی ئیقلیمی و هەروەها وەک پانتاییەکی ناتۆیی، چینییەکان لە دۆخی ناوخۆی تورکیا ئاگادارن، بەڵام سیاسەتی پێوەناکەن، ئەگەر تورکیا سیاسەت بە دۆخی ناوەوەی چین نەکات، لە بەر بوونی کێشە لە ناوخۆی خۆیدا، چینییەکان خوازیاری ئەوەن کە خۆیان لە پرسە ناوخۆییەکان بە دوور بگرن.

تورکیا بۆ چین گرنگە، بەڵام بە هۆی دۆخی ناوخۆیی تورکیاوە و گۆڕانی دۆخی ململانێی زلهێزەکان لە دونیادا، ئەوە تورکیایە کە زیاتر پێویستی بە چینە، لە پاش کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦، تورکیا بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن سیاسەتی دەرەوەی فرە لایەن بکات.[51]

بەپێی یانگ چێن بەمزوانە کێشەکانی نێوان تورکیاو یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا بێ چارەسەر دەبێت، بۆیە تورکیا ناچارە بە دوای وڵات و جێگای تردا بگەڕێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی.

ئەم دۆخە وەها دەکات کە تورکەکان پرسی ئوگورەکان فەرامۆش بکەن، بە دیدی یانگ ئوگورەکان تورک نین، بەڵکو کۆیلەی تورک بوون و تەنها بە تورکی قسە دەکەن، لە هەمانکاتدا تورکیا لە هەناوی پرۆژەی رێگاو پشتێنەدا گرنگە بە تایبەتی وەک جێگاکەی.

لە ئێستادا بڕی گۆڕینەوەی ئابووری لە نێوان هەردوو وڵاتدا نزیکەی ٢٥ بلیۆن دۆلارە، بەپێی داتاکانی ساڵی ٢٠١٨، -هەرچەندە ئەم داتایە نەک هەر تەنها بڕی گەورەی گۆڕینەوەی ئابووریمان پێدەڵێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا ناهاوسەنگی ئابووری نێوان هەردوو وڵات دەردەخات- لە کاتێکدا نزیکەی بیست بلیۆن دۆلار تورکیا هاوردەی کردووەو تەنها لە نێوان سێ بۆ چوار بلیۆن دۆلار هەناردەی کردووە بۆ چین، لە هەمانکاتدا هەردوو وڵات لە ئاستی تردا بەرەو رووی یەکتر دەڕۆن، لە ئاستی کەلتورو زماندا، بەڵام راگرتن و سەقامگیر کردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات ئاسان نیە، هەردوو وڵات وەک پۆست- ئیمپراتۆریەت و خاوەن سەرۆکێک کە دەیەوێت رابردوو ببوژێنێتەوەو خۆی ببێ بە پاڵەوانی ئەم پرۆژەیە، دیارە مەبەستمان شی ژیاپینگە، سەرباری ئەمە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات هێشتا لاوازەو یان زوو تووشی کێشە دەبێت.

بە گشتی دەکرێت پەیوەندی نێوان تورکیاو چین لەم خاڵانەدا کورتبکرێتەوە:

[51] Yang Chen 2019 Developments in China–Turkey Relations: A View From China ، Critical Sociology 1 –11

**یەکەم:** هەوڵدان بۆ هێنانی سەرمایەو تەکنەلۆجیای چینی بۆ تورکیا لە شێوەی وەربەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی، ئێف دی ئای.

**دووەم:** هەوڵدان بۆ پێکەوە کارکردن لە دەرەوەی سنوری هەردوو وڵات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**سێیەم:** سودبینین لە تەکنەلۆجیای سەربازی چینی. نزیکەی دە ساڵێک لەمەوپێش تورکیا هەوڵی کڕینی رۆکێتی چینی دا، پێش ئەوەی لە گەڵ روسیادا بکەوێتە سەوداو مامەڵەوە، بەڵام ئەمریکا رێگەی لەو هەنگاوە گرت.

**چوارەم:** بوون بە ئەندامێکی چالاکی یەک رێگا یەک پشتێنە[52].

لە هەمانکاتدا تورکیا بە هیوایە لە چەند ئاستێکدا رکەبەرایەتی چین بکات، لەوانە ببێت بە وڵاتی جێگیرەوە بۆ چین، کاتێک چین و ئەمریکا پەیوەندییان خراپ دەبێت، بە تایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی کاڵای هەرزاندا. تورکیا لە سەرەتای ئەم پرۆژەدایە، وڵاتانی وەک فلیپین و مەکسیک لە دۆخێکی زۆر باشتردان، لە لایەکی ترەوە تورکیا دەیەوێت وەبەرهێنان بکات لە ئەفریقا، لۆبیی تورکی لە هەوڵی ئەوەدان کە ئیدارەی ئەمریکی رازی بکەن بە کێبڕکێ لە گەڵ چیندا لە ئەفریقا، بەڵام پرسی پەیەدە رێگرە، وەک لیندسی گراهام بە راشکاوانە لە دیدارێکی لۆبییەکاندا وتی.

**تورکیا، چین و کوردستان**

پەیوەندی نێوان تورکیاو چین راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە کوردو کوردستانەوە، بە هێزبوونی پەیوەندی نێوان هەردوو لا، لەمیانەی گۆڕانێکی گەورەدا دەبێت لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا، کە تیایدا نەیارێک بۆ سیاسەتی لیبرالی ئەمریکی دروست دەبێت. کورد لە گەشەی ئەو جەمسەرەدا زیان لێکەوتوو دەبێت، چونکە پرنسیپەکانی ئەو جەمسەر بانگەشە بۆ خەسڵەتە تەقلیدییەکان دەکات کە **تیایدا کورد بە دەستی حکومەتە ناوەندییەکان دەچەوسێتەوەو کەس بۆی نیە هیچ بڵێت، ئەم تێگەیشتنە بۆ چەمکی سەروەریی و خاک و خەڵک هەمووی بە زیانی کوردە، چونکە کورد تیایدا کەمینەیەکە کە دانی پیادانانرێت و بەڕەوا دەبینرێت کە توندوتیژی بەرامبەری بەکاربهێنرێت لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، هەر یەکە لە تورکیا و چین لەم رووەوە هاوبەشن، هەردوولا دەترسن لە لەدەستدانی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکانیان، لە مافی کەمینەکان**

---

[52] Altay Atlı 2016 Turkey's Foreign Policy Towards China, Analysis and Recommendations for Improvement, Global Relations Forum Young Academics Program, Policy Paper Series No.3

**لە بوونی جیاواز، لە هەردوو وڵاتدا سەروەر مرۆڤەکان نین، بەڵکو سیستەمەکانن. لە تورکیا ئیسلام و لە چین سۆشیالیزم، ڕوکەشێکی بۆ ناسیونالیزمێکی پڕ توندوتیژی دروستکردوە.**

چین قڕکردنی خەڵکە جیاوازەکان بە رەوا دەبینێت کاتێک لە خزمەتی دەوڵەت و سەروەردانین، چین بە چالاکانە سیستمێکی دژە دیموکراسییەو بە هەموو جۆرێک دژ بە بەهاکانی لیبراڵە، وەک مافی تاک و ئازادی و سنووردارێتی دەسەڵاتی حکومەت و زاڵبوونی چین، ئەگەر دەرئەنجامی لاوازی ئەمریکابێت ئەوا لە ئەنجامدا بەهاکانی مافی مرۆڤ، ماف بە گشتی، فرەیی، جیاوازی هەموو کۆتاییان پێدێت و سیستمێکی گشت گیریی تۆتالیتاری باڵ بە سەر ناوچەکەدا دەگرێت، کە بەکارهێنانی هێزو قڕکردنی ملیۆنان مرۆڤ کارێکی ڕەوادەبێت، بۆ نمونە چین هیچ کێشەی لە گەڵ رژێمی ئەسەد دا نیە بگرە هاوکاریشی دەکات.

لەو بەشەی کە دەمەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا باڵادەستی چین چی دەگەیەنێت بۆ کورد، زیاتر بەتان و پۆی ئەم وەرچەرخانەدا دەرۆم، بەڵام لێرەدا لە پەیوەست بە پەیوەندی چین و تورکیا وەک دەردەکەوێت هەردوو وڵات ئامانج و رەفتاری هاوبەشیان زۆرە، ئەم هاوبەشییانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لە مامەڵەکردنیاندا پشتیوانی یەکتر بکەن بە تایبەتی لە سیاسەتی ناوەوە، دیارە ئەگەرێک هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر هاتوو تورکیا ناچارکرا کە لە سەر ئوگورەکان بێتە وەڵام، ئەوا رەنگە چینیەکان پشتیوانی کوردەکان بکەن، بەڵام ئەم ئەگەرە لاوازە، چونکە باوەڕناکەم چین بیەوێت دەستوەردان لە سیاسەتی ناوەوەی وڵات بکاتە ئامانجی خۆی، چونکە سوودی لێ نابینێت.

کاتێک چین باڵادەست دەبێت وبەرژەوەندی ئابووری زۆری لە گەڵ تورکیادا دەبێت، ئەوا قڕکردنی کورد لە لایەن تورکیاوە بەلای چینەوە وەک پرسێکی ناوخۆیی دەبینرێت کە نەک لە سەری نایەتە وەڵام، بەڵکو ئەگەری زۆرە پشتیوانی لێبکات.

ئەم دیدە رەشبینیە بەرامبەر کوردو گەشەی چین لە سەر چەند بنەمایەک بونیادنراوە، بنەمای **یەکەم:** مامەڵەی چین و کەلتوری باڵای هانەکانە لە ناو چیندا لە گەڵ ئەوانیتردا، هەرچەندە زۆرینەی چین لە خەڵکی هان پێکهاتووە کە نزیکەی ٨٠% ی دانیشتوانی چین پێکدەهێنن کە ژمارەیان لە ملیارێک خەڵک نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە چین چەندین کەمینەی تری جیاواز هەن و مامەڵەی چین لە گەڵیاندا مامەڵەیەکی مرۆڤانە نیە[53].

[53] Michael Clarke 2017The Impact of Ethnic Minorities on China’s Foreign Policy: The Case of Xinjiang and the Uyghur، China Report · January

له هەمانکاتدا چین لە سەر بنەمای مامەڵەی لە گەڵ کەمینەکانی ناوخۆدا پەیوەندی لە گەڵ دەرەوەدا دەبەستێت. بە مانایەکی تر سیاسەتی چین بەرامبەر کەمینەکانی کاریگەری هەیە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی چین، پێکەوە گرێدانی ئەم دوو دیاردەیە وەها دەکات کە چین هەمیشە لە روانگەی کەمینەکانی خۆیەوەو کێشەی خۆی لە گەڵ کەمینەکانیدا مامەڵەی لە گەڵ کەمینەکانی تردا بکات لە دەرەوە، چین لە گەڵ کەمینەکانیدا کێشەی ئاسایش و خاک و سەرچاوەی هەیە، بەشی زۆری خاکی چین لە دەستی کەمینەکاندایە کە بڕی ٦٣%ی خاکی چین دەکات، هەروەها شارستانی چین هەمووی لە سەر هەردوو رووباری زەردو یانگتزی دروستکراوە، سەرچاوەی هەردوو رووبارەکە لە چیاکانی هێمالایەدایە کە خاکی تیبتیەکانە، وچین لە ساڵی ١٩٥٠ ئەو هەرێمەی داگیرکردوە.

دەکرێت لێرەدا بۆ مەبەستی بەراورد لە نێوان ئەمریکاو کێشە ناوخۆییەکانی و چین و کێشە ناوخۆییەکانی بەراوردێک بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئایا بۆچی کێشەکانی ناوخۆی چین کاریگەرییان دەبێت لە سەر کورد، بەڵام کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکا کاریگەرییان نەبووە لە سەر کورد، ئەم بەراوردکارییە دەکرێت لە سەر چەندین بنەما بکرێت، بەڵام زۆر بە کورتی دەکرێت بڵێیین بوون و نەبوونی دیموکراسی بنەمایەکی سەرەکیە لە دیموکراسیدا، کێشەی ناوخۆی وڵات هێندە نابێتە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوە، لە نەبوونی دیموکراسیدا هەمیشە کێشەی ناوخۆی وڵات بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوە، ئەمە جیاوازیی سەرەکی نێوان ئەمریکا و چینە، دیارە ئەمە بە مانای ئەوەنیە کە سیاسەتی لۆکاڵی ئەمریکی پەیوەندی نیە بە سیاسەتی دەرەوەی، بەڵام راستەوخۆ پەیوەندی نیە بە ماف و کەمینەو مامەڵەوە لە گەڵیاندا، رەنگە بە گشتی پەیوەندی هەبێت بەئەوەی کە ئایا ئەمریکا دەبێت بەشداربێت یان نا.

پەیوەندی چین و تورکیا لە برەودایە، لە رۆژی ١٩ی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٢٠ یەکەم شەمەندەفەر لە تورکیاوە گەیشتە چین، ماوەی ئەم هێڵی شەمەندەفەرە ٨٦٩٣ کیلۆمەترە، بە وڵاتانی وەک جۆرجیا، ئازەربایجان، کازاخستان و ناوچەی دەریای قەزویندا تێدەپەڕێت تا لە شاری شیان دەگاتە وڵاتی چین، ئەم پێکەوە بەستنە بەشێکە لە پرۆژەی پشتێنەو رێگا، لە هەمانکاتدا نیشانەیەکی روونی گەشەی پەیوەندی هەردولایە لە ڕووی سیاسییەوە، هەردوو وڵات لە یەکتر نزیک دەبنەوە، و چین پێیخۆشە کە تورکیا لە گەڵ ئەمریکادا کێشەی هەیە، هەرچەندە رەنگە خۆشحاڵ نەبێت بە نزیکی تورکیاو روسیا، بەڵام روسیا بۆ چین مایەی مەترسی نیەو لە داهاتووشدا نابێت، بە هۆی دارمانی دیموگرافی روسیاوە.

ئەگەر لە رووی سیاسییەوە مۆدێلی چینی ببێت بە مۆدێلی باڵا لە دونیادا، ئەوا پارتی دادوگەشەپێدان کۆتایی بە دیموکراسی دەهێنێت. هەردوو مۆدێل لە ئاستی ئایدۆلۆجیشەوە لە یەکترەوە نزیکن، چونکە چینی سۆشیالیستی لە کرۆکدا ناسیونالیستییە، هەروەها تورکیای ئیسلامی لە کرۆکدا ناسیونالسیتییە.

**چین و ئێران**

چین و ئێران دوو وڵات و شارستانیەتی کۆنن لە ناوچەکەدا، یەکەمجار لە سەردەمی ساسانیەکاندا هانە چینیەکان بەسەر ساسانیەکاندا زاڵ بوون، ئەم مێژووە درێژە بەردەوام دەبێت لە هەوڵی ئەم هێزانە بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو پانتاییەی کە لە دەریای ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات هەتا چین، ئەم پانتاییە بە ئۆراسیا ناسراوە، ئەم پانتاییە لە دوو جۆر هێز پێکهاتووە، هێزی گەورەی خاوەن پێگەو خەسڵەتەکانی دەسەڵات، وەک ئیمپراتۆریەتەکانی ئەم ناوچەیە، لە گەڵ هێزە بچووک و لاواز و نا سەقامگیرەکاندا، ئەم خەسڵەتە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، چین لە کشانیدا بەرەو وشکانی یان رۆژئاوای خۆی بەرەو ئەم پانتاییە دێت، ئێران یەکێکە لە پێگەکانی پرۆژەی چینی ئۆراسیایی، بۆیە سەیر نیە کە ئێران رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پرۆژەی رێگای ئاورێشمینی نوێ یان یەک رێگا، یەک پشتێنە.

ئەنەوشیروان ئیحتشامی پرۆفیسۆری پەیوەندی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەینت ئەندرو لە سکۆتلەندا لە وێبینارێکیدا لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٠ وەهای دەبینێت کە دونیا لە ئەنجامی هەڵکشانی چین بە وەرچەرخانێکی سیستمیکیدا دەچێت، گۆڕانی سیستمی، یانی کۆتایی سیستمێک و جێگرتنەوەی بە سیستمێکی تر، ئەم دیدە قەیراناوییە. ئەنەوشیروان هەرچەندە لە دەرەوەی ئێرانە، بەڵام وەک زۆربەی ئێرانییەکان کەسێکی ناسیونالیستیی ئێران پەرستە، بۆیە دیدەکەی لە سەر هاوکاری چین و ئێران بونیادناوە وەک جێگرەوەیەك بۆ سیستمی ڕۆژئاوایی، بە دیدی ئەو ئێران و چین لە چوار ئاستدا لە یەکتر نزیک دەبنەوە، **یەکەم:** ئاستی جیوپۆلەتیکی کە گرنگی پێگەی ئێران لە ناوچەکەو بوونی ئێران وەک هاوسەنگکەرێکی ئەمریکا لە کەنداو هەروەها وەک شوێنی بەریەککەوتنی هەردوو چین و ئەمریکا لە ناوچەکە.

**دووەم:** ئایدیوپۆلەتیک، هەردوو چین و ئێران خۆیان بە قوربانی دەزانن لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزمی رۆژئاواییدا، هەردوولا هەوڵدەدەن لەم دۆخە دەربچن.

**سێیەم:** جیوئیکۆنۆمیکی ئێران و جەزائیر لە ناوچەی مینا دوو وڵاتی ئامادەن بۆ ئەوی ببنە بنکەی گەشەی ئابووری، بوونی وزە، پێگە، خەڵک و توانای داهێنان.

**چوارهەم:** هەردوو چین و ئێران خۆیان بە دوو هاوەڵی شارستانی دەزانن، هەردوو بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕێگای ئاورێشمین، بەڵام لە سەردەمی تازەدا لە شەستەکانەوە دەست پێدەکات.

دیارە بە روونی زیادەڕۆیی و ناسیونالیزمێکی کاڵفامانە بەم دیدانەوە دیارە، چونکە چین پەنا بۆ ئێران نابات بە جۆرێک کە بیکاتە بنکەی سەرەکی خۆی و وڵاتانی تری ناوچەکە لە خۆی بتۆرێنێت، لە کاتێکدا بڕی بازرگانی و وزەی چین لە گەڵ وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیلدا پێنج یان شەش هێندەی بڕی بازرگانیی ئەوە لە گەڵ ئێراندا، دووەم: چین خۆی ناخاتە بەرەی ئێرانەوە بەرامبەر ئەمریکا، چونکە ئەوە زۆر بە زیانبەخش بۆ چین دەگەڕێتەوە، چونکە بازاڕی ئەمریکی گەورەترین ساغکەرەوەی کاڵای چینین و چین و ئەمریکا لە ڕکەبەری زلهێزییدان، لە راستیدا چین هیچ پرسێک لە دونیادا هێندە بە بایەخ نابینێت کە بیکاتە پرسی خۆی و پشتیوانی لێ بکات، بە پێچەوانەوە چین دۆخی لاوازی ئێران بەکاردەبات بۆ ئەوەی بە زۆرترین شێوە لێی سودمەندبێت، هەر ئەمەشە کە بوەتە مایەی ئەوەی کە هەندێك لە ئێرانیەکان دژ بە ڕێککەوتنی ئێران و چین بن، دیارە دیدی ئێرانییەکان خۆیان چ بە دژو چ بە پاڵپشت هێندە بایەخی نیە کە جێگای ئاماژەپێکردن بێت.

چۆنێتی پەیوەندی چین و ئێران راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە پەیوەندی چین و کوردستانەوە، هەروەها بە هەڵوێست و کاریگەریی چین لە ناوچەکەدا، سەرەتا دەبێت لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی پەیوەندییەکە تێبگەین، پاشان پێودانگی لە سەر پەیوەندی کوردستان و چین، چین و ئێران لە زۆر رووەوە پێگەی خۆیان وەک یەک دەبینن لە دونیای ئەمڕۆدا، دوو وڵاتی خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ لە ناوچەکەدا، مێژوویەک کە دابڕان لە گەڵیدا رووی نەداوە، بگرە زیاتر بەردەوامی هەیە، ئەم ئامادەییەی مێژوو وەها دەکات کە تێگەیشتنی هەریەک لەم دوو وڵاتە جۆرێک لە خۆ بە گەورەزان و خۆ بە کەمزان جووت خەسڵەتی دونیابینییان بێت، وەک سۆنەر کاگاپتای لە دوا کتێبیدا دەربارەی تورکیا باسی دەکات بە ناوی ئیمپراتۆریەتی ئەردۆگان، ئەو نەتەوانەی کە رۆژێک لە رۆژان کە ئیمپێراتۆریەتێکی گەورەبوون، زۆرجار هەستێکی فوتێکراویان هەیە بۆ خۆیان.[54]

ئەگەر ئەمە بۆ تورکیا وەهابێت، ئەوا بەبێ گومان بە هەمانشێوە لە چین و ئێراندا دەیبینین، ئەم هەستە دەمانبات بۆ یەکێک لە بنەماکانی تری دونیابینی هەردوو چین و ئێران، ئەویش هەستکردنە بە سوکایەتی و

[54] CAGAPTAY SONER 2019 ERDOGAN’S EMPIRE، Turkey and the Politics of the Middle East, I.B Tauris.

بێڕێزی لە دونیادا، بە دیدی بیرمەندی فەڕەنسی بێرتراند بادی زەلیلکردن و سوکایەتی بوو بە بەشێکی دانەبڕاوی سیستمی نێودەوڵەتی[55].

لای ئەو، ئێستا ئەم سوکایەتی پێکردنە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە دەزگاییکراوە، هەردوو ئێران و چین وەها سیستمی نێودەوڵەتی دەبینن کە ڕێزیان ناگرێت و سوکایەتییان پێدەکات، دەکرێت ئەمە لە هەمانکاتدا وەها ببینرێت کە نارەزایی دەربڕینە دەربارەی دانپیانانی سیستمی نێودەوڵەتی بە سیستمی هەردوو وڵاتدا، چین لە سەردەمی ماودا لە گەڵ ئێران لە ساڵی ١٩٥٣وە لە شۆرشی موسەدەقەوە.

ئەم خۆ بینینە بەشێکی سەرەکی دونیابینیە، ئێمە لە ئەدەبیاتی چەمکی دونیابینییەوە، بە تایبەتی ئەدەبیاتی ئەڵمانی زمانەوە لە کانتەوە تا فرۆید فێری ئەوەبووین کە دونیابینی لە خودبینیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە لە هەمانکاتدا لە ئەدەبیاتی نەرەتیڤیدا ئەلستەر ماکنتایەرو ئەوانیتریشدا دیارە، ئەمە لە هەمانکاتدا بۆ ئێمە جۆرێکە لە میتۆد یان شێوازی تێگەیشتنە بۆ ئەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک تێبگەین دەبێت لە تێڕوانینی ئەو وڵاتە بۆ خۆی تێبگەین، یان بۆ ئەو وێنایەی کە وڵاتێک هەیەتی دەربارەی خۆی و دەیەوێت بەوجۆرە ببینرێت.

ئەگەر کەمێک لە گەڵ تێزەکەی بادیدا دەستبازی بکەین دەبینین پاسەلۆجییەک هەیە لە هەناوی سیستمی نێودەوڵەتیدا، لە نێوان بەهێزو لاوازدا، بەڵام ئەمە مەرج نیە داڕێژەری باش و خراپ بێت، بە مانایەکی تر کاتێک دوو وڵات یان وڵاتێک میتۆدی زەلیلکردن بەکاردەهێنێت بەرامبەر وڵاتێکی تر، مەرج نیە زەلیلکراو باش بێت و زەلیلکەر خراپ یان بە مانایەکی تر تەنها ئەو ئاکتە نابێتە هۆکاری ئەوەی کە شوناسی هێزەکە دیاری بکات، ئەمە بە روونی لە مێژووی ئەمریکاو عێراقدا دەیبینین، گەرچی ئەمریکا عێراقی زەلیلکرد، بەڵام مانای ئەوە نەبوو کە ئەمریکا خراپ بێت و عێراق باش بێت، بەڵام زەلیلکردن دۆخێکی نا عەقڵانی بریندارکراو دەهێنێتە ئاراوە کە هەردوو چین و ئێران بە دەستیەوە دەناڵێنن، وەک بادی پێمان دەڵێت: زەلیلکردن چەندین جۆری هەیە لە دونیای دیپلۆماسیدا، زەلیلکردن یان سوکایەتی لە ڕێگای کەمکردنەوەی ستاتۆسەوە لە ڕێگای بە کەمتر بینین و مامەڵەکردن، هەروەها لە ڕێگای عەیبدارکردن و نزمکردنەوەی ستاتۆسەوە، هەموو ئەمانە مایەی ئەوەن کە پەیوەندییەکی یەکسانی عەقڵانی لە نێوان ئەم وڵاتانەو سیستمی نێودەوڵەتیدا نیە.

---

55 Badie, Bertrand 2017 Humiliation in international Relation: A Pathology of Contemporary International Systems, Hart.

خەسڵەتێکی تری سەرەکی کە چین و ئێران پێکەوە دەبەستێت، نەگونجانی هەردوو سیستمە لە گەڵ نۆرمەکانی سیستمی نێودەوڵەتیدا، هەردوو وڵات کێشەیان هەیە لە گەڵ بەهاکانی دیموکراسی راستەقینەو لیبرالیزم و ئازادیدا، هەردوو وڵات دیموکراسی وەک ئایدۆلۆژیایەکی رۆژئاوایی دەبینن کە دەبێت خۆیانی لێبپارێزن، دیارە لە رووی بونیادی دەوڵەتی و ئیمپراتۆریی و ئیدارییەوە هەردوو وڵات هەندێک خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە، چین پێکهاتووە لە هان و ئەوانیتر، ئێرانیش پێکهاتووە لە فارس و ئەوانیتر، ئەوانیتری چین لە رۆژئاوای چینن کە پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان لەگەڵ هانەکاندا هەیە، ئەوانیتری ئێران لە پەراوێزی ئێراندان و بە هەمانشێوە پەیوەندییەکی ئاڵۆزییان لە گەڵ فارسەکاندا هەیە.

ئەگەر ئەمانە خەسڵەتە هاوبەشەکانی چین و ئێرانن، ئەوا هەردوو وڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کۆمەڵێک هاوبەشییان هەیە، هەردوو وڵات خۆیان بە جیاواز لە ئەمریکا دەبینن، دەکرێت وەها پۆلێنبکرێن کە بەرەیەکی دژە هێژەمۆنین، سیاسی و ستراتیژیستی ئەمریکی زبیگناو بیرژیژینیسکی لە کتێبی تەختە شەترەنجی مەزندا ئەگەری دروستبوونی ئەم بەرە دژە هەژموونییە بە دوور دەگرێت.[56]

بەڵام لە ئاستی گوتاریاندا بوونی هەیە، ئەم هاوبەشیە لە گوتاردا وەها دەکات کە ئێرانییەکان لە هەمووان زیاتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە زمانی دەربڕینی سیاسی چینی تێبگەن.

سەرباری هەموو ئەمانە هەردوو وڵات کە پاشخانێکی ئیمپراتۆرییانەیان هەیە، ئەوا تا سەر ئێسقان پراگماتیزن و هەمیشە لە هەموو هەنگاوێکیاندا دەبێت چاوەڕوانی ئەوەبکرێت کە ئەوە دەکەن کە لە بەرژەوەندییانە، بەو مانایە نابێت لە زمانی گوتاریانەوە دونیابینییان ببینین، ئەم ئیمپراتۆریی بوون و پراگماتیکی بوونە لە هەمانکاتدا سەرچاوەی سنووردارێتی جۆری پەیوەندییەکەیانە، چین هەرچەندە خۆی لە زۆر رووەوە لە گەڵ ئێراندا لە هەمان خانەدا دەبینێتەوە، بەڵام ئامادەنیە بەردەوام لە بەرەی ئێراندابێت دژ بە ئەمریکا، بەڵکو دەیەوێت هەردوو لایەن بەدەستبهێنێت بە ئەنجامدانی یارییەکی هاوسەنگ لە ئاستی دیپلۆماسی و گوتاری و ئابووری و سیاسی و جیوپۆلەتیکیدا، ئەمەش وەها دەکات وەک چۆن پەیوەندی چین

---

[56] Brzezinski, Zbigniew 1997 the Grand Chessboard, the basic book

و وڵاتانی کەنداومان بە پەیوەندییەکی سێینەیی نەک جووت لایەن لە قەڵەمدا، لە بەر ئامادەبوونی ئەمریکا لە زۆر ئاستەکاندا، بە هەمانشێوە لە پەیوەندی چین و ئێرانیشدا ئەمریکا ئامادەیە[57].

ئێران بۆ پرۆژەی چینی هاوتای عێراقە لە گرنگیداو بگرە زیاترە، ئێران ئاسیای ناوەند بە کەنداوەوە دەبەستێتەوە. ئەم پردە وشکانییە بۆ پرۆژەی یەک پشتێنە یەک ڕێگا گرنگە، لە هەمانکاتدا ئێران بە هۆی هەڵوێستی ئایدۆلۆژییەوە ناچاربووە ڕووبکاتە چین.

بۆ داهاتووی ئەم پەیوەندییە چەند سیناریۆیەک لە ئارادایە:

**یەکەم:** داڕێژەری چۆنێتی پەیوەندی نێوان چین و ئێران، ئەمریکایە، لە ڕێگای ئابلۆقە یان ئاشتی، لە ئەگەری بەردەوامی ئابلۆقەکاندا، ئەوا ئێران پەیوەندییەکەی سنووردار دەبێت لە گەڵ چینداو چین ئامادەنیە ڕسک بکات بە پەیوەندییەکەوە لە بەر دژایەتی ئێران لە ساتی ئاشتیدا، هاتنی دیموکراتەکان بۆ سەر حوکم لە ئەمریکاو دەستپێکردنەوەی دانوستانی ئەتۆمی، ئەوا ئێران پێویستی بە بڕی ١٦٠ بلیۆن دۆلار دەبێت بۆ نۆژەنکردنەوەی کەرتی وزەیی. چاوەڕوان دەکرێت بڕی ئەم پارەیەو تەکنەلۆجیاکانی لە چینەوە بێت و هەروەها ڕاستەوخۆ چین ببێتە بەشێک لەم پرۆسەیە، بە تایبەتی کاتێک کە چین بەرەو ئەوە دەچێت کە ببێتە یەکێک لە وڵاتە یەکەمەکانی بەکاربەری نەوت و گاز.

**دووەم:** لە کاتی بەردەوامی ئابلۆقەو فشاردا چین ئەو وڵاتە نیە کە ئێران بپارێزێت یان ڕزگاری بکات. بێگومان ڕەنگە لە کاتی جەنگدا چین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان دژ بە هەموو هەوڵێکی لەمجۆرە بێت، بەڵام ئەوە کەمتر لەبەر ئێرانە، بەڵکو زیاتر لە بەر دیدی خۆیەتی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی کە دژ بە دەستێوەردانە، بۆیە چین پارێزەری ئێران نابێت، پەیوەندییەکە تەنها لە ئاستی ئابووریدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە مەرج نیە سەد لە سەد هەمیشە وەهابێت، چین لە گەڵ ئەمریکاشداو لە گەڵ ئێرانیشدایە، کەواتە دەبێت لە ڕوانگەی چینەوە لە پرسەکە بنواڕین نەک لە ڕوانگەی ئێران یان ئەمریکاوە، مێژوونووسی ئەمریکی جۆن گارڤەر لە کتێبی چین و ئێران بە ووردی باسی ئەم دۆخە دەکات.[58]

---

[57] Marybeth Davis, James Lecky, Torrey Froscher, David Chen, Abel Kerevel, Stephen Schlaikjer 2013 CHINA-IRAN: A LIMITED PARTNERSHIP, the US-China Economic and Security Review Commission by CENTRA Technology

[58] GARVER, JOHN W. 2006 CHINA AND IRAN, Ancient Partners in a Post-Imperial World, the University of Washington Press

**سێیەم:** لە کاتی نەمانی فشاری ئەمریکیدا، ئێران لە رووی جیوپۆلەتیکەوە دەچێتە خانەی ئەو پانتاییانەی کە چین دەتوانێت وەک پاکستان و میانمار لێی سودمەندبێت بۆ بەستنی خۆرئاوای چین بە بەندەرە ئاوییەکانەوە، لەمڕووەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە بەشێک لە پرۆژەی دراوسێیەتی چین و وەک دەروازەیەک دەبینرێت بۆ هەناردەو هاوردە. رەنگە مۆدێلی بەندەری گۆاداری پاکستانی گونجاوبێت بۆ ئێران کە چینیەکان لە ساڵی ٢٠١٦ەوە تا ساڵی ٢٠٥٩ بەڕێوەی دەبەن.

**چوارهەم:** بژاردەی ئەتۆمی لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە کەنداو و سەرکەوتنی ئێران لە نزیکبوونەوە لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی یان پیتاندنی ئەتۆمی ئەوا دۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە دەگۆڕێت، خاوەنداریێتی ئێران بۆ ئەتۆم لە دوو لاوە هانی دەدات لە لایەک ئاسایشی مسۆگەر دەبێت، بۆیە دەستوەردان زیاتر دەکات، لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆکاری هاتنە ئارای کێبڕکێی ئەتۆمی، لە هەردوو دۆخەکەدا ئێران و وڵاتانی تریش، بە تایبەتی وڵاتانی نەیاری ئێران زیاتر دژایەتی یەکتر دەکەن و سەرزەمینی عێراق دەبێتە گۆڕەپانی زیاتری کێبڕکێ.

**کاریگەریی ئێران لە سەر پەیوەندی نێوان چین و کوردستان**

لە ڕووی سیاسییەوە بوونی پرسی کورد لە ئێراندا، ئێران راستەوخۆ دەکاتە نەیاری هەموو هەنگاوێکی سیاسی چینی کە بە قازانجی سیاسی هەرێمی کوردستان بشکێتەوە، لە رووی ئابووریشەوە، بە تایبەتی لە دۆخی ئێرانی ژێر ئابلۆقەدا، ئێران  لە کێبڕکێدایە بۆ بازاڕی کوردستان، ئەم کێبڕکێیە راستەوخۆ لە گەڵ کاڵای چینیدا دەبێت، چونکە لە رووی نرخ و کواڵێتییەوە نزیکن، لە ئاستێکی تردا ئێران نیگەران دەبێت لە جۆری پەیوەندی نێوان عێراق و چین، بەوەی کە ئایا پەیوەندی چینی عێراقی دەبێتە مایەی ئەوەی کە عێراق ببێتەوە بە وڵاتێکی بەهێزی ناوەندی، چونکە وڵاتێکی وەها دیسانەوە ئەگەری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە بەکاربێت بۆ هاوسەنگی ئێران، لە ئەگەرێکی وەهادا ئێران پێیخۆشنابێت، چونکە ئێران لە عێراقێکی بەهێز دەسڵەمێتەوە، ئێران دەیەوێت عێراق لە دۆخێکی مۆلەقی ناسکدا رابگرێت نە بەهێزبێت و نە لاواز، بە هەمانشێوەی تورکیا، ئێرانیش هەمان کێشەی دەبێت لە گەڵ پێکهاتەکانی ناو وڵاتەکەی و لەم رووەوە هەمان هەڵوێستی چینی دەبێت، کە دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی تەقلیدی وێستفیلیایی.

لە ڕووی جوگرافییەوە ئێران نزیکترە لە چینەوە بە بەراورد بە کوردستان، بەم پێیە رەنگە رۆڵی رێگریی ببینێت، بە تایبەتی لە رێگای وشکانییەوە، بەڵام لە داهاتووی نزیکدا ئێران نەیارێتی چین ناکات بە هیچ

شێوەیەک و بە مەترسیشی نابینێت، هەروەها وەک پاڵپشتێک دەیبینێت بۆ دەرپەڕاندنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆیە سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر چین هاوکاری و بێدەنگی دەبێت، ئەگەر چین ببێتە مایەی بەهێزبوونی ئێران ئەوا دۆخی ناوچەکە دەگۆرێت، بەڵام رەنگە چین وەهای پێباش بێت کە ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا درێژە بکێشێت لە ناوچەکە بۆ ئەوەی ئەمریکا نەیپەرژێتە سەر چین، یان نەتوانێت خۆی تەرخان بکات بۆ چین.

ئەگەر سروشتی پرسی کورد وەهایە کە لە دۆخی قەیرانی ناوچەکەدا گەشە دەکات، ئەوا پەیوەندی نێوان چین و ئێران لەم روانگەیەوە بەمجۆرەیە، ئەگەر پەیوەندییەکە ببێتە مایەی قەیران ئەوا بۆ کورد بە سودە، ئەگەر بە پێچەوانەوە ببێتە مایەی بەهێزبوون و تۆکمەبوونی ئێران ئەوا بۆ کورد مەترسییە.

**چین و سوریا**

هەردوو چین و روسیا بە رووداوەکانی لیبیا نیگەران بوون، کاتێک پشێوی سوریا پاش پشێوییەکانی لیبیا هات، هەردوو وڵات هەڵوێستیان جیاوازبوو لە مەڕ رووداوەکان، چین و روسیا لە چەندین ئاستی جیاوازدا لە هەوڵی ئەوەدابوون کە بەشار ئەسەد بمێنێتەوە، ئەمریکا یان هێزەکانی دۆستی ئەمریکا نەتوانن رژێم بگۆڕن، روسیا زیاتر ڕاستەوخۆ دەستوەردانی هەبوو لە بەر هۆکاری مێژوویی و جیوپۆلەتیکی، بەڵام روسیاو رۆژهەڵاتی ناوەراست بواری ئەم کتێبە نیە، چینییەکان لە چەند ئاستێکدا بە شێوەیەکی بەردەوام پالپشتی بەرەی ئەسەدو نەیاری ئەمریکا بوون، چین لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەمیشە دژایەتی خۆی بەرامبەر ئەو بڕیارانە دەربڕییوە کە ویستراوە دژ بە ڕژێمی سوریا دەربکرێت، لە هەمانکاتدا ئامادەبووە پێشوازی لە شاندی سوری بکات و پرسی هاوکاریی و وەبەرهێنان لەو وڵاتەدا تاوتوێ بکات، لە ڕاستیدا هەرکاتێک پرسی بونیادنانەوەی سوریا دێتە ئاراوە، چین یەکێکە لەو کاندیدە بەهێزانەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوریا ئاماژەی پێدەدرێت، چین دەیەوێت لە سوریا پێگەو رۆڵی هەبێت لە بەر کۆمەڵێک هۆکار، رکەبەریی ئەمریکا، بوونی سوریا لە سەر دەریای سپی، هەبوونی تۆڕی فراوان لە پەیوەندی لە گەڵ سەرجەم وڵاتانی ناوچەکەدا، هەروەها سودبینین لە وێرانبوونی سوریا لە رێگای ئاوەدانکردنەوەی بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی لەو وڵاتەدا.

لە مەڕ کوردەوە چین ئاماژەو رۆڵێکی ئەوتۆی نیە، لە کاتێکدا چین دژ بە هێرشی تورکیا بوو بۆ سەر ڕۆژئاڤا، لە روانگەی سەروەریی وێستفیلیایی بەوەی کە چین دژ بە هەموو دەستوەردانێکی دەرەکییە بۆ ناو

سنووری وڵات، جگە لەو هەڵوێستە هیچ هەڵوێستێکی تری نیە بەرامبەر بە کورد، بەڵام نەبوونی کێشەی چین لە گەڵ ئەسەددا و داکۆکیکردن لێی بۆ پرسی کورد ترسناکە، ئەم هەڵوێستە دەرخەریی ئەو ڕاستییەیە کە چین دەخوازێت دەسەڵاتی رژێمی ئەسەد بە سەرتاپای سوریادا بەرجەستەبێت و سەرکوتکردن و توندوتیژی پرسێکی هێندە جێگای بایەخ نیە لای ئەو، هەموو ئەمە لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە چین دژ بە گۆڕینی رژێم و دەستوردانە بۆ ناو کاروباری ناوخۆ و بە مافی دەوڵەتی دەزانێت کە چۆن مامەڵە لە گەڵ پێکهاتەکانی ناوخۆی وڵاتدا بکات.

**چین و کوردستان**

زستانی ساڵی ٢٠٢٠ لە شوقەکانی ئیسکان لە هەولێر بۆ ماوەیەک شوقەیەکم بە کرێ گرتبوو، یەکەم شت سەرنجی راکێشام لە چوونە ناو شوقەکان ئەوەبوو کە ئەسانسۆری شوقەکە زمانی چینیشی هەبوو، هەبوونی زمانی چینی سەرەتا مایەی حەپەسان بوو، من خۆم هیچ چینییەکم لە شوقەکاندا نەبینی، ئەمەش ئاماژەی ئەوەبوو کە ئەسانسۆرەکە لە چینەوە هاتبوو، بەڵام هەبوونی چینی وەک زمانی قسەپێکردن لە هەولێر هاوکات بوو لە گەڵ گەیشتنی زۆر لە ڕەهەندەکانی تری چین، هەر لە نزیک شوقەکان لە سەرجادەی سەرەکی لە بەر دووکانێکدا لە بۆردێکی گەورە رێکلامێکی هوواوی هەڵواسرابوو، هوواوی وەک بیرمەندی ئەمریکی گۆڵدنبێرگ دەڵێت: تەنها کۆمپانیاڵ نیە، بەڵکو ئیمپراتۆرییەتێکە بۆ خۆی، بەو مانایە کە نیازی هەیە لە سەرتاپای دونیادا بوونی هەبێت، چین لە بازاڕو کۆگاو سوپەرمارکێت و هەموو شوێنەکاندا بوونی هەیە. دەوڵەتی چینی بۆ ئیدارەدانی ئەم پەیوەندییە لە ساڵی ٢٠١٤ لە شاری هەولێر کونسوڵخانەیەکی گشتی کردەوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ لە رۆژێکی زستانەی سارد دا سەردانم کرد، لە هەمانکاتدا کۆلێژی فێربوونی زمانی چینی لە زانکۆی سەلاحەدین بوونی هەیە، لە گەڵ کردنەوەی قوتابخانەی فێربوونی زمانی کوردی لە پەکین، دیپلۆماتە چینییەکان بە شێوەیەکی زۆر باش زمانی عەرەبی قسە دەکەن، ئەمە جیاکەرەوەیەکی سەرەکییە لە دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان.

دیپلۆماتە رۆژئاواییەکان بە گشتی بە پێویستی نازانن زمانی ناوچەکە فێربن، ئەمە خەسڵەتێکی بڵاوە نەک تەنها لە ناو دیپلۆماتەکاندا، بەڵکو هەروەها لە نێو لێکۆڵەرەوەکانیشیاندا، دەکرێت ئەمە وەک بنەمایەک وەربگیرێت بۆ پەیوەندی ئاژەڵی، رۆژئاواییەکان پەیوەندییەکی ئاژەڵییان هەیە لە گەڵ رۆژهەڵاتیەکاندا، پەیوەندی ئاژەڵی لە چاودێری و مامەڵەکردن و تاقیکردنەوەدا بەرجەستە دەبێت، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان

دیپلۆماتە چینی و رۆژئاواییەکاندا بکەین ئەوا چینییەکان سادەو خاکی و بێ فیزن، خەڵکێکن خۆیان بە هاوتا دەزانن نەک باڵا، خیتابیان بە هەمانشێوەیە بەرامبەر رۆژئاوا، بەڵام ئەم هاوشێوەییە کاتییەو لە هەمانکاتدا تەنها بەشێکە لە گوتار.

لە چەند ساڵی رابردوودا بەردەوام ناو بە ناو هەواڵی کردنەوەی کارگەو کۆمپانیاو شوێنی چینی هەبووە لە کوردستان، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتووە چینییەکان پلانێکی گەورەیان هەیە بۆ کردنەوەی جێگایەکی چەند ملیار دۆلاری بۆ بواری گەشتیاری، ئەم کرانەوەو ئامادەبوونە فرەچەشنە لە کوردستاندا نیشانەی ئەوەیە کە چین دەیەوێت سودمەندبێت لە وزە، بازار، پێگە لە گەڵ ئابووری کوردستاندا، بەڵام لە رووی سیاسییەوە مامەڵەی چین لە گەڵ کوردستاندا سنووردارە، لە ئاستی دەسەڵاتی نەرمدا چین کۆمەڵێک هەوڵی هەیە لەوانە وەرگێرانی پەرتوکی بایۆگرافی فەرمی سیاسییە چینیەکان، بە تایبەتی شی ژینگپن، لە گەڵ کتێبی تردا، ئەم کتێبانە بە شێوازێکی پرو پاگەندەیی نوسراون، هەڵگری پەیامەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینین، ئامانج لەم کتێبانە ئەوەیە کە چین بەو شێوەیە بناسرێت کە پارتی کۆمۆنیست پێی باشە، بۆ فەراهەمکردن و بەرجەستەکردنی ئەم کارانە چین لە پەیوەندیدایە لە گەڵ ناوەندو کەس و دەزگاکاندا لە کوردستان، لە ئاستی پەیوەندی گشتیدا چین پێگەیەکی چالاکی هەیە لە فەیسبووک بە ناوی چین لە کوردستان، کە هەواڵ و زانیاری بە کوردی و زمانی تریش بڵاودەکاتەوە.

وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، دەکرێت پەیوەندی کوردستان و چین بکەین بە چوار قۆناغەوە:

یەکەم قۆناغ قۆناغی فەنتازیاییە کە خۆی لە نەبوونی زانیاری راستەوخۆدا دەبینێتەوە بەرامبەر چین، بەڵام سوود وەرگرتن لەو ئەفسانەو ئەو زانیاریە زارەکیانەی کە لە رێگای ئەوانیترەوە گەشتوونەتە ناوچەکە، ئەمەمان لە شیعرەکەی نالیدا دەرخست، کە نالی لەوێدا باس لە چین و ماچین و دووری چین دەکات، چین وەک جێگایەکی ئەفسانەیی دەردەکەوێت، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە چین لە ئەورووپا نزیکترە لە ئێمەوە، بەڵام لە رووی جوگرافیای عەقڵییەوە وەک جێگایەکی زۆر دوور دەردەکەوێت، ئەم نزیکی جوگرافی و دووری عەقڵی دۆخێکی جێگای سەرنجەو پەیوەندی بە مێژوو و دەسەڵات و جیوپۆلەتیکەوە هەیە، چین ئامادەیی نەبووە لە مێژووی نوێی ناوچەکەدا، بەڵام وڵاتانی تری ئەورووپی وەک بەریتانیا، فەرەنسا، روسیاو ئەمریکا پەیوەندییەکی چڕیان هەبووە لە مێژووی نوێدا.

قۆناغی دووەم قۆناغی ئایدۆلۆژیایە، کاتێک کە لە رێگای چەپ و پەرتبوونی بزوتنەوەی کوردی و دۆخی جیهانییەوە ماویزم لە شەستەکاندا دەگاتە سلێمانی، ماویزم پاشان لە هەناوی کۆمەڵەی رەنجدەراندا وەک گوتار و وتار بوونی دەبێت، جەلال تاڵەبانی سەرسورمانی خۆی بە ماو و بزوتنەوەی ماویزم دەردەخات و

لە ساڵی ١٩٥٥ سەردانی وڵاتی چین دەکات، ئەم قۆناغە ئایدۆلۆژییە کاڵەو هێندە کاریگەریی نیە، چونکە لە بنەڕەتدا بزوتنەوەی کوردی ئایدۆلۆژی نین، هەروەها جگە لە چەند نامیلکەیەکی کەم نەبێت ئەدەبیاتێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا بوونی نیە، ماویزم لە چەند ڕووەوە بۆ چالاکوانە کوردەکان گونجاوبووە، چونکە ماویزم سۆشیالیزم و ناسیۆنالیزم تێکەڵ دەکات، بەهەمانشێوەی چالاکوانە کوردەکان، هەورەوابێتەوە چەقی کاری ماویزم بە هەمانشێوەی بزوتنەوەی کوردی لە لادێ دەبێت، ماویزم لە گەڵ بەرەی ناسیونالیستی تەقلیدی چیندا دەچێتە شەڕەوە، بە هەمانشێوە بەرەی چەپی کوردی لە گەڵ بەرەی ناسیونالیستی تەقلیدیدا دەچێتە شەڕەوە، ماویزم لە پاش نەمانی بە فەرمی، بەڵام وەک بنەماو ستراکتۆر هەردەمێنێت، ماویزم بڕوای وەهایە کە حیزب دەبێت چەکداری هەبێت و لە دوای ڕاپەڕین چەکداری حیزب گەورەترین هێزە لە کوردستان.
بە گشتی ئایدۆلۆژیا لە سنوورێکی تەسکدا مایەوە.

**قۆناغی سێیەم:** ئاشنابوونی راستەوخۆی خەڵکی کورد بە چینیەکان لە رێگای کاڵاکانیانەوە بوو، ئەم قۆناغە بە قۆناغی ئابووری پۆلێن دەکەین، کاڵای چینی تا چەند ساڵێک لەمەوپێش وەها دەبینرا کە کاڵای هەرزان و بێ کواڵیتی بێت، بەڵام ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە تایبەت چین بۆ هەر ناوچەیەک بە پێوەرێکی تایبەت لە سەر بنەمای توانای ئابووری جۆری کاڵاکان دروست دەکات، بەڵام هاتنی کاڵای چینی تەنها بۆ ئێرە نیە، بەڵکو دیاریدەیەکی جیهانیە.

ژاپۆنیەکانیش لە سەرەتادا وەهابوون، بەرهەمهێنانی کاڵاکانیان بە هەمان قۆناغدا تێپەڕیوە کە ئەمڕۆ چینیەکان پیاییدا تێدەپەڕن، لە قۆناغی ئابووریدا کورد دەبێتە بەرخۆری کاڵای چینی، چین دەبێتە ئەو جێگایەی کە سەرمایەداری کورد بە ئاسانی سەردانی دەکات، چین ئاسانکاری دەکات بۆ هاتنی کاڵای چینی، بازرگانێکی کورد پێی ووتم ئابووری و بازرگانی تەنها رێگایەکە ئێمە خۆمان بە چین بناسێنین و بتوانین کاریگەریمان هەبێت لە سەر دەوڵەتی چینی، پرسی چۆنێتی کاریگەری لە سەر چین پرسێکی ئاڵۆزە، رەنگە ئابووری تەنها ئامرازی ئێمە بێت لە ئیستادا، بەڵام ئەوە ئامرازێکی سنووردارە بە تایبەتی کاتێک کە رێکخراو و دەزگایی نەکراوە، دەکرێت لە چین ناوەندێک بۆ بازرگانە کوردەکان دروست بکرێت کە پەیوەندییان لە گەڵ چیندا بۆ رێکبخات و هەروەها پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گەڵ کۆمەڵگای چینیدا رێکبخات، بەڵام چین وەک رۆژئاوا نیە و کۆمەڵگایەکی کراوەش نیە.

بە هەوڵدان بۆ رێکخستنی بواری ئابووری و بازرگانی بواری سیاسیش دێتە ئاراوە، بواری سیاسی یان قۆناغی سیاسی لە سەرەتاییدایە و ئاڵۆزە، چین لە رووی سیاسییەوە لە چەند ئاستێکدا لە گەڵ ئێمەدا لە

پەیوەندیدا دەبێت، لە ئاستی عێراق، لە ئاستی پرۆژەی یەک پشتێنە و یەک ڕێگا، هەروەها لە ئاستی ململانێی زلهێزەکاندا، هەریەک لەم ئاستانە پێویستی بە ڕاڤەی تایبەت هەیە.

چینیەکان بە فەرمی نایانەوێت بە هەمانشێوەی ڕۆژئاواییەکان لە دونیادا ئامادەبن، ئەمە کرۆکی گوتاری سەرەکییانە، ئەوان خۆیان بە قوربانی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی دەزانن و هەوڵ دەدەن کە بە هەمان چاو نەبینرێن، بەڵام ئایا فەراهەمکردنی ئەمە لە ئاستی واقیعدا ئاسانە؟ چین بۆیە دەخوازێت لە سنووری خۆی تێپەڕێت و ڕێگای ئاوریشمینی کۆن ببووژێنێتەوە، چونکە پێویستی پێیەتی وەک چۆن گەشەی پیشەسازی و ئابووری و زانستی و حوکمداری وڵاتانی ئەوروپای پاڵنا بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بە مەبەستی دەست گەیشتن بە سامانی ئەوانیتر، ئەمە بە هەمانشێوە بۆ چینیەکانیش ڕاستە، بەڵام چینیەکان ئەمڕۆ تەنها سامانیان ناوێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا کڕیارو بازاڕیشیان دەوێت، چونکە چین لانکەی بەرهەمهێنانی زۆرترین کاڵایە لە دونیادا.

لە دونیادا سێ جێگا ئەگەری هەیە کە ببێتە گۆڕەپانی ئەم ململانێیە، ئەوانیش سنووری ڕوسیاو ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئێمە لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداین، خاکی ئێمە دەبێتە گۆڕەپانی ئەم ململانێیانە.

**لە ئاستی عێراقدا**

ماوەیەک لەمەوپێش شاندێکی عێراقی سەردانی چینیان کرد، عێراق بە فەرمی بەشێکە لە پرۆژەی یەک پشتێنە، یەک ڕێگا، ئەوانەی کە دۆستی تیورەی پیلانگێڕین دەڵێن ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆپێشاندانەکانی باشووری عێراق، بە هەرحاڵ پلانی عێراق و چین گەورەو بەرفراوانە، دەکرێت لە دروشمی نەوت بەرامبەر بوژانەوەدا کورت بکرێتەوە، لە سەر هەمان سەدای نەوت بەرامبەر خۆراک، عێراق لە 11%ی پێداویستی نەوتی چین دابین دەکات، ئەمە وەها دەکات کە عێراق ببیتە جێگایەکی بە بایەخ بۆ چین، بۆیە دەکرێت لە داهاتوودا جۆرەکانی تری سیاسەت و دیپلۆماسی ببینین، دیپلۆماسی نەرم و دیپلۆماسی گشتی و کوردی چینیزان و هەروەها شارەزای کاروباری چین.

عێراق زۆر خەسڵەتی تیادایە کە بۆ چین گرنگە، هەبوونی بەندەرێکی گرنگ لە کۆتایی کەنداوی فارسیدا، پێگەیەکی وشکانی گرنگ، هەبوونی سامانی سروشتی، بوون بە سەرچاوەی وزەو هەروەها فرەچەشنکردنی سەرچاوەی وزە بۆ چین، لە گەڵ بوونی ئەمریکا لە عێراق و هەروەها وێرانبوونی عێراق و پێویست بوونی عێراق بە چین لە زۆر ڕووەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی وورد و قوڵ پەیوەندی نێوان چین و کوردستان بخوێنینەوە دەبێت لە چەندین ئاستی جیاوازدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و هەموو ڕەهەندەکانی ببینین.

بە گشتی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان چین و کوردستان دەبێت ئەم بوارانەی تر لەم روانگەیەوە بخوێندرێتەوە، پلەبەندی بوارەکان بە زۆری لە سەر جۆری روانین و میتۆدەکەمان وەستاوە، ئەگەر لە باڵاوە بۆ بچووک یان نزم بنواڕین ئەوا دەبێت سەرەتا پەیوەندی نێوان ئەمریکاو چین لە روانگەی کوردەوە بخوێنینەوە.

پاش ئەمە گرنگە پەیوەندی نێوان چین و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە روانگەی کوردەوە بخوێنینەوە، ئینجا پەیوەندی نێوان چین و عێراق، بۆ باشتر تێگەیشتن لەم هەنگاوانە دەبێت رەفتاری چین خۆی بخوێنینەوە لە گەڵ کەمینەکاندا چ ئەوانەی لە ناوەوەن چ ئەوانەی لە دەرەوەن، ئەمەش راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ئاسایشی نیشتمانی چینەوە.

**بە پرسیارکردنی پەیوەندی؟**

ئایا هەرگیز لە نێوان چین و کوردستاندا پەیوەندی دروست دەبێت؟ ئەمە پرسیارێکی سادەو لە هەمانکاتدا فەلسەفییە، ئەم پرسیارە بە هەمانشێوە لە کرۆکی پەیوەندی کوردو زلهێزەکانی تردا بووە، لە پەیوەندی بە ئەمریکاوە بە گشتی هەمیشە کورد پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکادا هەبووە لە سەر بنەمای رووداوێک یان لە پێناو پەیوەندییەکی تردا، ئەمەش وایکردووە کە هەندێک بواری کورد بە بایەخ بێت بۆ ئەمریکاو هەندێک بواری تری نەخێر، کورد لە میانەی کۆمەڵێک هاوسەنگکردندا وەک گیسکەکەی هەیاسی خاسە بۆ ئەمریکا، ئەم سنووردارێتیە بنەمای خراپ تێگەیشتن بووە لە نێوان هەردوولادا، کاتێک ئەمریکاییەکان لە سەر بنەمای ئامرازێتی و سوودوەرگرتن لە کورد بۆ دروستکردنی فشارو بەکاربردنی لە یاری هاوسەنگی هێزدا پەیوەندییان بە کوردەوە کردووە، ئەوا هێزی کورد توانای کورد بۆ دروستکردنی فشار گرنگ بووە، بەڵام هەرگیز بەهەمان شێوە پرسی کورد، خەونی کورد، خواستی کورد گرنگ نەبووە، بەڵام کورد خۆی لە مۆنۆلۆگ لە گەڵ خۆیدا هەمیشە هەوڵیداوە کە ئەمریکا وەها وێنا بکات کە گرنگی بە پرسی کورد دەدات، بۆیە کرۆکی پەیوەندی کوردی ئەمریکی لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ لە سەر بنەمای خراپ لەیەک گەیشتن بونیادنراوە، ئەمەش هۆکاری ئەوەبووە کە پرس دەربارەی پەیوەندی و جۆری پەیوەندی و کرۆکی پەیوەندیەکە بکرێت.

ئایا هەمان دۆخ لە گەڵ چیندا دووبارە دەبێتەوە؟ چینیەکان لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ ئەوەی ئەوە دووپات بکەنەوە کە جیاوازن لە ئەوروپایی و ئەمریکاییەکان، ئەوان جیاوازی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە ئامانجیان نیە هیچ کۆمەڵگایەک بگۆڕن یان لە قاڵبی بدەن، نە دەستوەربدەنە ناو کاروباری ناوخۆیی ئەوانی ترەوە. ئەوان لەو ڕوانگەیەوە دەبینن کە خۆیان ئازارچەشتوو و زیانلێکەوتووی ئەم بوارەن و دوو سەدە لە مێژوودا زەلیلکراون، بۆیە نایانەوێت هەمانشت بە ئەوانیتر بکەن، ئەم دۆخە هەروا بە ئاسانی نیە، رەنگە لە سەرەتادا چینیەکان بتوانن ئەم پرنسیپە جێبەجێ بکەن، بەڵام گومان دەکرێت لە میانەی تێپەڕینی کات و فراوانبوونی بەرژەوەندییەکاندا بتوانرێت درێژەی پێبدرێت.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا بۆ دی ئای ئێس، هەردوو لارس ئەندرسن و یەنگ ژیانگ[59] باس لە ئەم دۆخەی دەکەن.

هەردوو توێژەر لە میانەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیاندا بۆ ناوەندی دانیمارکی بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی باس لە دیدارو گفتوگۆکانیان دەکەن لە پەکینی پایتەختی چینی دەربارەی پرسگەلی وەک: ئایا هاوسەنگی هێز لە نێوان ئەمریکاو چیندا، کەنداوی فارسی دەگۆڕێت؟ ئایا گەشەکردنی بەرژەوەندی ئابووری وپەیوەندی چینی لە گەڵ ناوچەکەدا سیاسەتی دەرەوەی چین دەگۆڕێت بۆ سیاسەتێکی چالاک لە بواری پەیوەندی دەرەوە و پۆلەسی ئاسایشدا؟ ئەوان باس لە ئەزموونی خۆیان دەکەن لەمبارەوە لە دیدارەکانیان لە گەڵ خانەی بیرەکانی چین لە پەکین، لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا سەرەتا هەموو خانەی بیرەکان بە توندی بە نەخێر وەڵام دەدەنەوە، بەڵام لارس و یانگ دەڵێن کاتێک زیاتر جەخت لە سەر ئەم پرسە دەکەیتەوە ئەوا وەڵامیان دەگۆڕێت بۆ ڕەنگە، بەڵام پاش سوور بوونی زیاتر وەڵامیان دەگۆڕێت بۆ بەڵێ، بە دیدی ئەوان ئەم شلیی و نا سەقامگیرییە لە وەڵامدا دەرخەری دۆخی چینە لە هەڵوێستی دەربارەی ئەو ناوچەیە، لە هەمانکاتدا دەرخەری ناڕوونی و بوونی قوتابخانەی جیاوازە لە تێگەیشتن لە ناو چیندا.

گەشەی خێرا لە پەیوەندی چین بە ناوچەی کەنداو راستەوخۆ رەنگدانەوەی هەیە لە گەشەی بە دەزگایی بوون و بەرفراوانبوونی ئەو پەیوەندییە بۆ بوارەکانی تر، نەک تەنها لە پێناو دەستەبەرکردنی وزە، بەڵکو لە پێناو پاراستنی هاووڵاتییە چینیەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تری چین لە ناوچەکەدا.

بە دیدی ئەوان وەک چۆن ئەمریکا هەمیشە ناچارە لە نێوان پەرەدان بە دیموکراسی و بەرژەوەندی نیشتمانیدا یاری بکات، چینیش لە داهاتوودا بە زیاد بوونی بەرژەوەندییەکانی ناچارە هەمان کردار ئەنجام

---

[59] Lars Erslev Andersen & Yang Jiang 2014 Oil, Security, and Politics, Is China Challenging the US in the Persian Gulf? DIIS · Danish Institute for International Studies Lars Erslev Andersen & Yang Jiang 2014 Oil, Security, and Politics, Is China Challenging the US in the Persian Gulf? DIIS · Danish Institute for International Studies

بدات، بەڵام ئەم دیدە بەلای چینیەکانەوە دیدێکی رۆژئاواییە، تێڕوانینی ئەوان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەهانیە.

بەڵام ئایا مۆدێلی چینی وەک ئەوەی چین دەخوازێت دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لە نێوان کوردستان و چیندا پەیوەندی دروست بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پرسیارە لە شوناسی چینی و هەروەها ئەو رۆڵەی چین بۆخۆی داناوە لە ئاستی دونیادا، ئەگەر هەردوو پرینسیپی پۆلەسی یەک چین و هەروەها هەستیاری بەرامبەر مافی کەمینەکان و هەوڵدان بۆ ناوەندگەرێتی کە کرۆکی مێژووی دەسەڵاتدارییە لە مێژووی چیندا بە هێند وەربگرین، ئەوا دەگەینە ئەو وەڵامەی کە لە کاتێکدا دەکرێت کە چین پەیوەندی هەبێت لە گەڵ کوردستاندا، بەڵام ئەو پەیوەندییە خاوەن تایبەتمەندی و سنووردار دەبێت.

لە سەر ئەم بنەمایە دەکرێت بپرسین: کەواتە پەیوەندی دەبێت، بەڵام جۆرو تایبەتمەندی پەیوەندییەکە جیاوازە لە پەیوەندییەکانی تری کوردستان لە گەڵ زلهێزەکانی تردا، بەڵام سەرباری جیاوازی کۆمەڵێک بنەمای چەسپیو هەیە، **یەکەم:** چین نایەوێت ئەوەندە پەیوەندی لە گەڵ کوردستاندا هەبێت کە کوردستان ببێت بە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی چینی، ئەگەر لە رووی بەراوردییەوە لێی بنواڕین ئەوا زۆر ئەستەمە کوردستان پەیوەندییەکەی لە گەڵ چیندا لە پەنجا ساڵی داهاتووشدا بگاتە ئاستی پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکادا، ئەم تایبەتمەندییە هۆکاری زۆرە لە جێگەی تردا قسەی لەسەر دەکەین.

بەڵام سەرباری هۆکارەکانی، ئەم دۆخە پەیوەندی بە سروشت و خەسڵەتی دەوڵەتی چینیەوە هەیە، هەروەها بە چۆنێتی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی، چونکە چین وڵاتێکی کراوە نیە، لۆبیی و فشارکردن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک میدیاو کەسایەتی و ناوەندو دەزگاکان بە تەواوی مەحاڵە، بە مانایەکی تر فشارکردن لە سەر چین بۆ گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی یان هەڵوێستی ئێجگار سەختە، چونکە وەک لیندا جاکۆبسن و دین نۆکس جەختی لە سەر دەکەنەوە سیاسەتی دەرەوەی چین هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا بەرفراوان بووە، بەڵام هێشتا بڕیاری سەرەکی لە بازنەیەکی زۆر تەسکی حیزبیدا دەدرێت.[60]

سەرباری ئەمە چین پەیوەندی لە گەڵ کوردستاندا دەبێت، ئەم پەیوەندییە ئابووری و کەلتوری دەبێت زیاتر لەوەی کە سیاسی بێت.

---

[60] Jakobson, Linda and Knox, Dean 2010 New Foreign Policy Actors in China, SIPRI STOCKHOLM INTERNATIONAL PEACE RESEARCH INSTITUTE, Policy Paper No. 26,

پەیوەندی چینی کوردی تەنها پەیوەندی نیە لە نێوان چین و کوردستاندا، یان بە مانایەکی تر تەنها ئەم دوو لایەنە بڕیاردەر نابن لە جۆری پەیوەندییەکە، بەڵکو هێزو ئەکتەرو هۆکاری تریش هەن کە کار دەکەنە سەر پەیوەندییەکە: وەک پەیوەندی نێوان چین و عێراق، چین و ئێران لە گەڵ چین و تورکیا هەروەها ڕەنگە لەمانە گرنگتر پەیوەندی و جۆری پەیوەندی نێوان چین و ئەمریکا بێت.

**سەردەمی چینی و کوردستان**

لە سەردەمی چینیدا ئەگەری بە هێزبوونەوەی ناوەندێتی دەوڵەتی عێراق هەیە، ئەم ناوەندێتییە لە رێگای ژێرخانەوە دەست پێدەکات، کە ئەگەر بێتو پرۆژەکان سەرکەوتووبن ئەوا ناوەند بە خێرایی دەگاتە هەموو شوێنێک و لە ئەنجامدا دەتوانێت بە شێوەیەکی تۆکمەتر پیادەی ناوەندێتی بکات، دیارە ئەوەی روونە زۆربەی نوخبەی سیاسی عێراقی بە هەردوو شیعەو سوننەوە مەیلی ناوەندێتییان هەیە، هەرچەندە رەنگە هەندێک گۆڕانکاری بە سەر نوخبەی سوننەدا هاتبێت، بەڵام ئەوەی پرۆژەی چینی یان ئامادەبوونی چین لە عێراقدا بەردەستی دەخات ئەوەیە کە ناوەندێتی لە خواستێکی ئایدۆلۆجییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بواری ژێرخان و ئابووری و پەیوەندی دەرەکی.

ئەم ناوەندێتییە بۆ یەکەمجار عێراق دەکاتە وڵاتێک کە توانای هەبێت بە ئاسانی و بە خێرایی بگاتە هەموو کون و کەلەبەرەکانی وڵات، ئەمە پرۆسەی تیرۆتیریالیتەیسەشنە، بە مانای کردنی پانتایی وڵات بە پانتایی دەسەڵات و گۆڕینی شوناسی پانتایی بۆ پانتایی دەسەڵات، کورد لەم پرۆسەیەدا ئەگەر پەیوەندی لە گەڵ بەغدادا باش بێت ئەوا سودمەند دەبێت، بەڵام لە ئەگەری خراپبوونی پەیوەندییەکەدا ئەوا دەکەوێتە ژێر فشار و مەترسییەوە، لە مێژوودا هەمیشە رێگاو سەربازو کۆنترۆڵ پێکەوە بوون، وەک لە سەردەمی رژێمی پێشوودا زۆرینەی ڕێگاکانی شوێنە دوورە دەستەکانی کوردستان بە مەبەستی سەربازی دروەست کرابوون، وەک لە هێڵێ شەمەندەفەری وڵاتی فەرەنسادا دەبینی کە هەموو هێڵەکان دەچنەوە پاریس، یان وەک دەڵێن هەموو رێگاکان دەچنەوە ڕۆم، ئەم ژێرخانە توانا بە حکومەتی ناوەندی دەبەخشێت کە زیاتر ناوەندی بێت، ئەم ناوەندیبوونە دژ بە فیدراڵیەت و جیاوازی و لامەرکەزی و زۆر خەسڵەتی ترە.

لە کاتێکدا ئەم بە ناوەندیی بوونە لە ئاستی ژێرخاندا بەڕێوەدەچێت، لە هەمانکاتدا لە ئاستی سیستمی جیهانی و رۆڵی چین لە دەزگا نێودەوڵەتییەکاندا بە هەمانشێوەیە، رەنگە لەمبارەوە رووداوی کۆڕەو و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دژە فڕین لە ساڵی ١٩٩١ کەیسێکی گونجاوبێت، لە پێنجی نیسانی ساڵی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد، ئەم بریارە وڵاتانی وەک یەمەن، کوبا، زیمبابۆی دژی بوون، چین و هیند دەنگیان نەدا، ئەم بڕیارە لە هەموو بڕیارەکانی تری جەنگی کوێت کەمتر پشتیوانی هەبوو،

لێرەدا دەنگنەدانی چین بۆ ئێمە جێگای بایەخە، ئەگەر چین دژبوایە ئەوا دەیتوانی ڤیتۆ بکات و دژی بێت، بەڵام بژاردەی دەنگنەدانی هەڵبژارد، کە ئاماژەیە بۆ پشتیوانی نەکردن و لە هەمانکاتدا هەوڵنەدان بۆ ڕێگری، چین بە ڕوونی هەڵوێستی خۆی دژ بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق دەربڕی، بۆیە بڕیارەکە هەوڵدەدات کە دەستوەردان لە ژێر ناوی فشار بۆ جێبەجێکردن ڕەوایی پێبدات، ئەم هەڵوێستەی چین دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە لە داهاتوودا چین هەڵوێستی توندتری دەبێت بەرامبەر بڕیارێکی لەو جۆرە، چونکە چینی ساڵی ١٩٩١ زۆر جیاوازە لە چینی ئەمڕۆ و چینی داهاتوو، لە هەمانکاتدا لە ئێستاو داهاتوودا ئەمریکا ئەو هێزەنیە کە بتوانێت بە تەنها کارەکان بکات، لە گەڵ ئەوەشدا ڕوسیا زۆر جیاوازە لە ڕوسیای ساڵی ١٩٩١، ئەو ڕۆژگارە ڕوسیا وڵاتێکی داڕووخاوی هەژاری بێتوانابوو.

لێرەدا دەتوانین چەند گۆڕانکارییەک پێکەوە گرێبدەین، **یەکەم:** هەڵکشانی چین، **دووەم:** لاوازبوونی ڕێژەیی ئەمریکا، **سێیەم:** هەبوونی بەرژەوەندی زۆری چین لە عێراق، **چوارەم:** لە گەڵ پشتیوانی دیدی چینی لە لایەن نوخبەی ناوەندگەرای عێراقەوە، هەموو ئەمانە بنەمای ئەوە دادەڕێژن کە سەردەمی تاک جەمسەری سەرەتای نەوەدەکان بە سەرچوو.

لە کاتێکدا کە چین لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا بەهێزدەبێت، گەیشتن بە چین زۆر جودایە لە گەیشتن بە هەر زلهێزێکی تری دونیا، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە بەراوردێک لە نێوان چین و ئەمریکادا بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کراوەیی ئەمریکا، بوونی میدیای ئازاد، لۆبیی، ناوەندی بیری سەربەخۆ یان سەربەلایەنی جیاواز، دابەشبوونی دەسەڵاتەکان بنەمای ئەوە دادەڕێژن کە ئاسانتر بتوانرێت دەنگ و خواست بگەیەنرێتە نوخبەی دەسەڵات، بەڵام ئەمە بۆ چین تەواو پێچەوانەیەو هەرگیز کەس ناتوانێت لە هیچ ڕۆژنامەیکی چینیدا ستوونێک بنووسێت بۆ داکۆکیکردن لە پرسێکی جودا لە دیدی پارتی کۆمۆنیستی چینی، ئەمەش وەها دەکات میدیای چینی ناوەندێک نەبێت بۆ گەیشتن بە نوخبەی دەسەڵات لە چین، لە هەمانکاتدا گەرچی چین چەندین ناوەندی توێژینەوەی هەیە، بەڵام ناتوانرێت بە ئاسانی کاری تیادا بکرێت یان ڕەخنە لە سیستمی حوکمڕانی بگیرێت تیایدا.

لە هەمانکاتدا بڕیاری سیاسەتی دەرەوەی چین لە نێو گروپێکی تەواو بچووکدا دەدرێت، کە گەیشتن پێیان هەتا ئاستێکی زۆر موستەحیلە، بەڵام سەرباری ئەمانە هاتنی چین بۆ کورد لە چەند لایەکەوە گرنگە:

**یەکەم:** دروستکردنی ڕێگا یان کۆمەڵە ڕێگای زۆر لە نێوان سێ پارچە یان هەر چوارپارچەکەی کوردستاندا، ئەمە ئەو ژێرخانەیە کە کورد لە مێژوودا نەیبووە.

**دووەم:** نزیکبوونەوەی جەمسەرێکی نوێ لە سیاسەتی جیهانیدا لە سەردەمێکی جیاوازدا، لە سەردەمی جەنگی سارد دا مۆسکۆ دوور نەبوو، بەڵام لە بەر نەبوونی ژێرخان و ئاگایی و پەیوەندی باش هێندە رۆڵی کاریگەری نەبوو، هەرچەند باسی سەختی کاریگەریی دانانمان کرد لە سەر چین بەبەراورد بە ئەمریکا، بەڵام ئامرازە نوێکان دەکرێت سودی لێببینرێت، ئەوەی شایانی باسە کە سەرباری ئەوەی کە چین هەتا بێت بەهێز دەبێت، بەڵام هەستیارە بەرامبەر پرسەکان، بە تایبەتی لە دەرەوەی سنووری خۆی زۆرجار بۆ خۆ دوورخستنەوە لە پرسەکان رۆڵی خۆی سنووردار دەکات یان خۆی بە دوور دەگرێت.
**سێیەم:** چین گەرچی لە گەڵ جوداخوازیدا نیە، بەڵام مامەڵە دەکات لە گەڵ لایەنە نێودەوڵەتیەکان وەک دیفاکتۆیەک بەپێی کەیسەکان.

**کورد چی پێویستە:**

**یەکەم:** بونیادنانی ئاگایی بەرامبەر ئەم هێزە لە ئاستی مێژوویی، کەلتوری، سیاسی، ئابووری و مەعریفیدا بە کردنەوەی "ناوەندی بیر"ی تایبەت بە چیناسی.
**دووەم:** هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ململانێی ئەم هێزە لە گەڵ ئەمریکاو هیزە هەرێمیەکاندا وەک ڕوسیاو ئەوروپا، هەروەها پەیوەندی و بەرژەوەندی لە گەڵ هێزە هەرێمییەکاندا.
**سێیەم:** فرەکردنی پەیوەندییەکان لە ئاستی جیاوازداو سودبینین لێی لە دەرفەتی جیاوازدا.
**چوارهەم:** بونیادنانی دەزگا لە میانەی پەیوەندییەکەداو هەروەها بە دەزگاییکردنی پەیوەندییەکە.
**پێنجەم:** سودبینین لە عێراق بۆ مامەڵە لە گەڵ چیندا.
**شەشەم:** خۆ بە دوورگرتن لە تۆراندنی ئەمریکاو سنووردارکردنی پەیوەندی چینی لە پەیوەست بە ئەمریکاوە.
**حەوتەم:** پێگەیاندنی دیپلۆمات و سیاسی چینیزان.

**کۆتایی**

ئەم کتێبە دوو بەشە، بەشی یەکەم هەوڵی ناساندنی چین و راڤەکردنی بونیادەکانی دەدات، بەشی دووەمی چۆنێتی مامەڵەی ئەم زلهێزەو چۆنێتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا شرۆڤە دەکات، ئامانجی ئەم کتێبە بەرچاوخستنی زانیارییە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا چین چۆن رەفتار دەکات و پاڵنەرەکانی چین؟

ئەم کتێبە بۆ هەموو کەسێک نوسراوە و هەوڵدراوە زمانی ئاڵۆزی تێدا بەکارنەهێنرێت، ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەیە کە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە چین دابڕێژێت کە هاوکاریمان بکات تا بزانین چۆن مامەڵەی لە گەڵدا بکەین، ئێمە لە مامەڵەماندا لە گەڵ زلهێزەکانی تری دونیادا هەرگیز نەمانتوانیوە دونیابینی زلهێزەکان و پاڵنەرەکانیان ببینین. بە دیدی من هەموو هەنگاوێك و رەفتارێک یان هەموو هەنگاونانێکی چین پاڵنەرەکەی ناوەوەیە، چین لە ناوەوە وڵاتێکی ئاسایی نیە، چین خۆی بە شارستانیەتێک دەبینێت، کەواتە تێگەیشتن لە ناوەوەی چین تێگەیشتنە لە شارستانیەتی چینی، ئێمە ئەم میتۆدۆلۆجییە بەکاردەبەین لە بوارێکی سنورداردا، بە پێی ئامانجەکەمان.